کەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5792) پێنج شەممە 18ی تەموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی رووسیا کرد

دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەرێمی کوردستان تاوتوێکران



بەڕێز ماکسیم ماکسیمۆڤ باڵیۆزی رووسیا لە عێراق پیرۆزبایی خۆی و بەڕێزان سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوە و میخائیل بۆگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیای بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕاگەیاند بۆ دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست، لە بەرانبەردا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاسی کردن و سڵاو و ڕێزی بۆ بەڕێزان وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و جێگرەکەی نارد.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق دەکات

سەرۆک بارزانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیای بە گرنگ وەسفکرد

باڵیۆزی بەریتانیا پاڵپشتیی وڵاتەکەی بۆ حکوومەتی نوێی هەرێم دووپاتکردەوە



دوێنێ چوارشەممە /2019 7/17 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە جۆن ویلکس باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە جێمس سۆرنتۆن کونسوڵی گشتیی نوێی بەریتانیا لە هەولێریش ئاماده بوو، باڵیۆزی بەریتانیا خۆشحاڵیی خۆی ڕاگەیاند بەو گۆڕانکارییە ئیجابیانەی کە لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەروەها پێشڤەچوونی پەیوەندی و دانوساندنەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕوویان داوە و بە مایەی ئومێدی وەسف کرد.

باڵیۆزی بەریتانیا پاڵپشتیی وڵاتەکەیشی بۆ حکوومەتی تازەی هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە. هەروەها ئاماژەیشی بە ویستی بەریتانیا دا لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق.

لای خۆیەوە سەرۆک بارزانی پەیوەندی و هەماهەنگیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەریتانیا بە گرنگ وەسف کرد و هیوای خواست ئەو پەیوەندییانە بەرەو پێشەوە بچن و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ کونسوڵی گشتیی تازەی بەریتانیا لە هەولێر خواست لە ئەرک و کاری نوێیدا.


بارودۆخی سیاسیی و دوا گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و هەروەها تاوتوێکردنی هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش و مەترسیی دووبارە دەرکەوتنەوەیان تەوەری تری ئەو کۆبوونەوەیە بوون.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رووداوە تاوانکارییەکەی هەولێر سەرکۆنە دەکات

حکوومەتی هەرێمی کوردستان رووداوی تەقەکردنەکەی هەولێر سەرکۆنە دەکات 2

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکی دەکات

باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق: هانی وەبەرهێنەرانی ئەمەریکی دەدەین کە وەبەرهێنانی زیاتر بکەن لە هەرێمی کوردستان



دوێنێ چوارشەممە 2019/7/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق کرد بە سەرۆکایەتی ماتیو تولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە ستیڤن فەیگن کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەولێر ئاماده بوو. شاندی میوان پیرۆزباییان لە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکوومەت، باڵیۆزی ئەمەریکا وێڕای دەربڕینی هیوای سەرکەوتن، ئاماژەی بەوەشکرد کە خەڵک ئومێدێکی زۆری بەو کابینەیە هەیە و ئاماده‌یی خۆشی دەربڕی بۆ هەموو هاوکارییەک.

هەروەها گوتی هانی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان دەدەین کە وەبەرهێنانی زیاتر لە هەرێمی کوردستان بکەن.

باڵیۆزی ئەمەریکا ستایشی سەردانی شاندی هەرێمی کوردستانیشی بۆ بەغدا کرد، گوتیشی هیوادارم هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

سەرۆکی حکوومەت جەختی لە گرنگی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نوێ کردەوە بەتایبەتی لە پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان لە بواری خوێندن و تەندروستی و کارەبا و بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵ.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی تورکیا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامدا

دوێنێ چوارشەممە 2019/7/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مەولود چاڤوشئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا پەیوەندییەکی تەلەفۆنیان ئەنجامدا. هەردوولا بە توندی ڕووداوە تێکدەرانەکەی دوێنێیی هەولێریان شەرمەزار کرد و پرسەو هاوخەمی خۆشیان بۆ کەسوکاری قوربانیان دەربڕی، جەختیش لەسەر پێویستی پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە کرایەوە.



ئەنجوومەنی وەزیران تێچووی پرۆژەی بەنداوی دێوانەی لە دەربەندیخان بەرزکردەوە

بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ دەستگیرکردنی تاوانکاران بەردەوامە و بە سزای خۆیان دەگەیەندرێن

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دوێنێ چوارشەممە سەبارەت بە هێرشە تاوانکارییەکەی دوێنێیی شاری هەولێر کە کارمەندێکی کونسوڵخانەی تورکیا و هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان کرانە ئامانج، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: دووپاتی دەکەینەوە کە ڕێگە نادەین ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاڵۆز بکرێت و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ دەستگیرکردنی تاوانکاران بەردەوامە تا دەدۆزرێنەوە و بە سزای خۆیان دەگەیەنرێن.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

بە توندی ئەو تاوانکارییە ترسنۆکە سەرکۆنە دەکەین کە نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە هەولێر کارمەندێکی کونسوڵخانەی تورکیا و هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستانی کردۆتە ئامانج و لە ئەنجامدا هەردووکیان گیانیان لەدەست داوە و هاوڵاتییەکی دیکەش بریندار بووە. لە کاتێکدا پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری قوربانیان دەکەین و هیوای زووچاکبوونەوە بۆ بریندارەکە دەخوازین، دووپاتی دەکەینەوە کە ڕێگە نادەین ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاڵۆز بکرێت و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ دەستگیرکردنی تاوانکاران بەردەوامە تا دەدۆزرێنەوە و بە سزای خۆیان دەگەیەنرێن.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
2019/7/17

ئاسایشی هەولێر ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی ڕووداوەکەی شاری هەولێر بڵاوکردەوە

هاوڵاتییانی هەولێر و دیپلۆماتکاران دڵنیا دەکەینەوە کە تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەن 2

د. مەیادە نەجار: حکوومەتی عێراق زیاتر لە ترلیۆنێک دینار بۆ دانەوەی شایستە داراییەکانی جوتیاران دابیندەکات 3

حکوومەتی هەرێمی کوردستان رووداوی تەقەکردنەکەی هەولێر سەرکۆنە دەکات

لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێم خەریکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی جددین بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەران

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا ئیدانەی کردەوە تاوانکارییەکەی شاری هەولێر دەکات کە دوێنێ چوارشەممە لە شاری هەولێر رووبدا و بەهۆیەوە کارمەندێکی کونسوڵخانەی تورکیا و هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستدا، هەروەها حکوومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت کە هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان خەریکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی جددین بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەران و بەسزاگەیاندنی یاساییان، بە هیچ شێوەیەکیش رێگە نادرێت ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بشێوێندرێت.

ئەمەش دەقی راگەیەندراوەکەیە:


بە تووندی سەرکۆنەی ئەو کردەوە تاوانکارییە دەکەین کە نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە یەکێک لە ڕێستورانتەکانی هەولێر رووید و لە ئەنجامدا کارمەندێکی کونسوڵخانەی تورکیا و هاووڵاتییەک گیانیان لەدەست دا و هاووڵاتییەکی دیکەش بریندار بوو.

پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیان دەکەین و هاوخەمیانین، هەروەها هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان خەریکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی جددین بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەران و بەسزاگەیاندنی یاساییان، بە هیچ شێوەیەکیش رێگە نادرێت ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بشێوێندرێت.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/7/17

مەسرور بارزانی پێشوازیی لە باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق کرد

باڵیۆزی ڕووسیا هیوای سەرکەوتن بۆ کابینەی نۆیەم و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و ڕووسیا دەخوازێت



دوێنێ چوارشەممە 2019/7/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ماکسیم ماکسیمۆڤ باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق کرد.

باڵیۆزی ڕووسیا پەیامێکی پیرۆزبایی سێرجی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیای گەیاندە سەرۆکی حکوومەت کە تێیدا ئومێدی سەرکەوتنی بۆ کابینەی نوێ و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستان خواست.

باڵیۆزی ڕووسیا ئامادەیی وەبەرهێنانەرانی ڕووسی دەربڕی بۆ سەرمایەگوزاریکردن لە هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای سوپاسکردنی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و خۆشحاڵی دەربڕین بە ئامادەیی ڕووسیا بۆ زیاتر وەبەرهێنانکردن لە هەرێمی کوردستان، جەختیشی لەسەر گرنگیی هەمەچەشنکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتی بایەخدان بە پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار. بە شێوەیەک کە چیتر ئابووریی هەرێمی کوردستان تەنیا پشت بە سەرچاوەیەکی داهات نەبەستێت.



سێرگی لاڤرۆڤ پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

وەزیری دەرەوەی ڕووسیا: من دڵنیام وەرگرتنی ئەم پۆستە ڕۆڵێکی کارای دەبێت بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم

سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا پیرۆزبایینامەیەکی ئاڕاستەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان کرد، لە بەشێکی پیرۆزبایینامەکەدا هاتووە: من دڵنیام وەرگرتنی ئەو پۆستە گرنگە ڕۆڵێکی کارای دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئارام و شایستە. ئەمەش دەقی پیرۆزبایینامەکەیە:

بەڕێز جەنابی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان

بە بۆنەی دەستبەکاربوونتان وەک سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان تکایە گەرمترین پیرۆزباییم قبوڵ بکەن. من دڵنیام وەرگرتنی ئەو پۆستە گرنگە ڕۆڵێکی کارای دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئارام و شایستە.

پێمخۆشە لێرەدا ئامادەیی ڕووسیا دەربڕم بۆ بەهێزکردن و پێشخستنی زیاتری پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کوردستانی عێراق .

هیوای سەرکەوتن و تەندروستییەکی باشتان بۆ دەخوازم

سێرجی لاڤرۆڤ/مۆسکۆ
10ی تەموزی 2019

فراکسیۆنی پارتی ئامادەکاری بۆ چەندان پرۆژەیاسا دەکات

پەرلەمانی کوردستان لە پشووی هاوینەدایە و سەرۆکی لیژنەی یاساییش ئاشکرای کرد، پشوو بە مانای وەستانی کاری پەرلەمانی نایەت و دەشڵێت، چاودێریکردنی حکوومەت بەردەوامی دەبێت و فراکسیۆنی پارتیش ئامادەکاری بۆ چەندین پرۆژەیاسا دەکات. بژار کۆچەر، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: پشووی پەرلەمان مانای ئەوە نییە کارەکانی پەرلەمان دەوەستێ، تەنیا لەو ماوەیەی پەرلەمان لە پشوودایە کۆبوونەوەکان ڕادەگیرێن، بەڵام پەرلەمانتار و لیژنەکان بەردەوام دەبن لەسەر کارەکانیان، جگە لە کۆبوونەوە ئاساییەکان، هەموو کارەکانی پەرلەمان وەک خۆی بەڕێوە دەچن. سەرۆکی لیژنەی یاسایی کە هاوکات ئەندامی فراکسیۆنی پارتیشە، دەڵێت: لە ماوەی پشوودا ئەگەر بابەتێکی گرنگ و بەپەلە هاتە پێش، ئەوا پەرلەمان دیسان کۆدەبێتەوە و کۆبوونەوەی ناڕاسایی بەڕێوە دەچێت، هەروەها پەرلەمان بەردەوام دەبێت لە چاودێریکردنی حکوومەت و بەدواداچوونی کێشەکانی هاووڵاتیان. کۆچەر ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: ژمارەیەک پرۆژە هەن، بە تایبەتی ئەو بەڵێننامەی پارتی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بە خەڵکی کوردستانی داوە، دەکرێنە پرۆژەیاسا بۆ ئەوەی کاریان لەسەر بکرێت بۆ پەسەندکردنیان، پرۆژەکان زۆرن و زۆربەشیان پەیوەستن بە ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە، بۆیە لە ڕۆژانی پشووشدا فراکسیۆنی پارتی سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیە.

ئاسایشی هەولێر ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی ڕووداوەکەی شاری هەولێر بڵاوکردەوە

هاووڵاتیانی هەولێر و دیپلۆماتکاران دڵنیا دەکەینەوە کە تاوانباران بە سزای خۆیان دەگەن

بەڕێوبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر سەبارەت بە ڕووداوی تەقەکردنەکەی دوێنێ چوارشەممەی شاری هەولێر کە بەهۆیەوە کارمەندێکی کونسوڵخانەی تورکیا گیانیلەدەستدا، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا ڕایدەگەیەنێت: ئەم ڕووداوە بە تووندترین شێوە شەرمەزار دەکەین و هاوخەمی خۆشمان لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکان دەردەبڕین، لە هەمانکاتدا هاووڵاتیانی هەولێر و بە تایبەتیش دیپلوماتکاران دڵنیا دەکەینەوە کە ڕێگەنادەین دۆخی ئارام و ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێکبدرێت.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

ئەمڕۆ لە ڕێستۆرانتێکی شاری هەولێر ڕووداوێکی تەقە کردن ڕووبدا کە بەداخەوە بووە هۆی گیانلەدەستدانی کارمەندێکی کۆنسوڵخانەی تورکیا و هاووڵاتییەک و بریندارببوونی یەکێکی دیکەش. ئێمە لە کاتێکدا ئەم ڕووداوە بە تووندترین شێوە شەرمەزار دەکەین و هاوخەمی خۆشمان لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکان دەردەبڕین. لە هەمانکاتدا هاووڵاتیانی هەولێر و بە تایبەتیش دیپلۆماتکاران دڵنیا دەکەینەوە کە ڕێگەنادەین دۆخی ئارام و ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێکبدرێت. لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە دەستیپێکردووە و تاوانبارانیش بە سزای خۆیان دەگەن.

بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی هەولێر



فۆتۆ: ئازاد لەشکری

وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/7/18 ژمارە (5792)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە باڵیۆزی ڕووسیا کرد
دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەرێمی کوردستان تاوتوێکران



بەڕێز ماکسیم ماکسیمۆڤ باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق پیرۆزبایی خۆی و بەڕێزان سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوە و میخائیل بۆگدانۆڤ جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیای بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕاگەیاند بۆ دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست، لە بەرانبەردا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاسی کردن و سڵاو و ڕێزی بۆ بەڕێزان وەزیری دەرەوەی ڕووسیا و جێگرەکەی نارد.

لە دیدارێکدا کە سەرلەبەیانیی دوێنێ 2019/7/17 لە هەولێر بەڕێوەچوو، هەردوولا جەختیان لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕووسیا و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە. لەمبارەیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئاماژەیی هەرێمی کوردستانی بۆ چارەسەر نیشان دا و ئاماژەی بە سەردانی شاندێکی بالای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا کرد. تاوتوێکردنی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی ئەمەریکا کۆدەبێتەوە



لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ بەڕێز ماتیو تولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق و شاندی یاوەری، بەڕێز تولەر پیرۆزبایی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە بەڕێز سەرۆکی هەرێم کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها نیگەرانیی خۆی بۆ ڕووداوە تاوانکارییەکەی ئەمڕۆی تەقەکردن لە ڕێستۆرانتێکی هەولێر دەربڕی و پشتگیریی خۆی بۆ ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان نیشان دا.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا کە ئێوارەی دوێنێ چوارشەممە 2019/7/17 لە هەولێر بەڕێوە چوو، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و چارەسەرکردنی دەستووریی کێشەکان، پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا، بەردەوامیی هاوکاریی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و هاوپەیمانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەو ناوچانەی مەترسیی سەرهەڵدانەوەیان هەیە، هاندانی کۆمپانیاکان بۆ بەشداریکردن لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە زیانبەرکەوتووەکان، خرایە بەر باس و گفتوگۆ.

لای خۆیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، سوپاسی پشتگیری و هاوکارییەکانی ئەمەریکای بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کرد و خەجتی لە خواست و ئامادەیی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدرالی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە.

تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەکە بە گشتی و پرۆگرامی داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەوامیدان بە چاکسازییەکان و ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازی لە شاندێکی باڵای بەریتانیا دەکات


لیژنە پەیوەندیدارەکانی نێوان هەولێر و بەغدا گفتوگۆ دەکەن بۆ چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان



دوێنێ چوارشەممە 2019/7/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی باڵای بەریتانیا دەکات کە پێکهاتبوو لە جەنەڕاڵ سێر جۆن لۆرێمەر ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی بەرگری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جۆن ویلیکس باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق و جەیمس سۆرنتن کونسوڵی گشتیی نوێی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان.

شاندی میوان سەرەتا پیرۆزباییان لە سەرۆکوەزیران کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی کابینەی نوێ و سەردانی شاندی باڵای هەرێمی کوردستانیشیان بۆ بەغدا بە گرنگ و پێویست ناوبرد. هەروەها گفتوگۆ لەبارەی گرنگیی بەردەوامبوونی هاوکاری و هەماهەنگی بەریتانیا و هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کرا.

سەرۆکوەزیران سوپاسی شاندی میوانی کرد و ئاماژەی بەوەشدا کە بەمزووانە لیژنە پەیوەندیدارەکانی نێوان هەولێر و بەغدا گفتوگۆی زیاتر دەکەن بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەپێی دەستوور. لە کۆبوونەوەکەدا هەروەها ئاماژە بە گرنگیی بەردەوامبوونی هەماهەنگی لە ڕووبەڕووبوونەوەی جموجۆڵەکانی داعش درا لە چەند ناوچەیەکی عێراق.



پارتی و یەکێتی لەبارەی دۆخی کەرکووک کۆ دەبنەوە

بڕیارە لەم نزیکانە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبارەی دانانی لیژنە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک کۆ ببنەوە. دیاری حوسێن، جێگری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک-گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەگەر تا ئەم پێنجشەممە کۆبوونەوەکە نەکرێت، ئەوا سەرەتای هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکە ئەنجام دەدرێت کە تێیدا لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان پارتی و یەکێتی پێکدەهێنرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و چارەسەری کێشەکان. ڕوونیشی کردەوە، ئەو لیژنەیە کە پێکدەهێنرێت، لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک گفتوگۆ لە بارەی هەڵبژاردنی پارێزگاری کەرکووک و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا دەکات و لەگەڵ پێکهاتەکان گفتوگۆکانیان بەردەوام دەبێت تا ئاساییکردنەوەی دۆخی شاری کەرکووک و چونە دەرەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و پۆلیسی فیدرالی لەو شارە. پێشتریش لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق چەندین کۆبوونەوە هەبووە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کورستانییەکان، بەڵام ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر ئەو پرسە نەکراوە.





دوو هاووڵاتی سۆران لە ڕووداوەکەی هەولێر گیانیان لە دەستدا

دوێنێ لەو ڕێستۆرانتەی هەولێر کە تەقەی تێدا کرا و کارمەندێکی کونسوڵخانەی تورکیا کوژرا، دوو هاووڵاتیش بەناوی نەریمان وەسمان و بەشدار ڕەمەزان گیانیان لەدەستدا، نەریمان وەسمان ئامۆزای بەڕێز ئازاد جندیانییە. نەریمان لە کاتی تەقەکردنەکەدا گیانی لە دەستدا و بەشداریش بریندارببوو و سەعات 9ی شەو لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن گیانی لە دەست دا.

د. مەیادە نەجارِ: حکوومەتی عێراق زیاتر لە ترلیۆنێک دینار بۆ دانەوەی شایستە داراییەکانی جوتیاران دابیندەکات



ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ترلیۆنێک و چوارسەد ملیۆن دینار بە قەرز دەداتە وەزارەتی بازرگانی عێراق تا شایستە داراییەکانی 2019ی جوتیارانی عێراق بداتەوە.

د. مەیادە نەجارِ، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا سەبارەت بەو پارەیەی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کە بەنیازە بە قەرز بیداتە وەزارەتی بازرگانی عێراق، بۆ ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ترلیۆنێک و چوارسەد ملیۆن دینار بە قەرز دەداتە وەزارەتی بازرگانی عێراق تا شایستە داراییەکانی 2019ی جوتیارانی پێ بداتەوە.

ئەمەش لە کاتێکدا کە حکوومەتی عێراق بە بەردەوامی مافی وەرگرتنی شایستە داراییەکانی جوتیارانی هەرێمی کوردستانی پێشێلکردووە کە وەک پێویست پارەی جوتیارانی کوردستانی خەرج نەکردووە، ئەگەرچی جوتیارانی کوردستانیش بەردەوام ڕەخنە لە حکوومەتی عێراق دەگرن بۆ خەرجکردنی شایستە داراییەکانیان، بەڵام گوێیان بۆ ناگیرێت، هاوکات حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بەردەوام داوای شایستە داراییەکانی جوتیارانی لە حکوومەتی عێراق کردووە.



لە هەفتەی ڕابردوودا حەوت هاووڵاتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسێدارە دراون

حوکمی سێدارەی دوو بەندکراوی دیکە لە گرتووخانەی ناوەندیی ورمێ بەڕێوەچوو و بەپێی ئامار و زانیارییەکان لە هەفتەی ڕابردوودا حەوت هاووڵاتیی کورد لە بەندیخانەکانی کوردستان لەسێدارە دراون.

بە گوتەی ئەرسەلان یار ئەحمەدی سەرۆکی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، دوێنێ چوارشەممە 2019/7/17 حوکمی سێدارەی دوو هاووڵاتی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی ورمێ بەڕێوەچوو. ناسنامەی ئەو دوو بەندکراوە موحەڕەم نیعمەتی و عەسکەر بەرتەر بووە. ئەو دوو بەندکراوە پێنج ساڵ پێش پێکەوە لە دۆسیەیەکی هاوبەشی پەیوەندیدار بە مادەی هۆشبەر دەستبەسەر و حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپێندرا. بە پشتبەستن بە ئاماری تۆمارکراو لە ناوەندی ئاماری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو لە ماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا 7 بەندکراو لە گرتووخانەی ورمێ و مەهاباد لەسێدارە دراون.

زریان شێخ وەسانی:

پێشمەرگە نەگەڕێتەوە، داعش لە مەخموور کۆتایی نایەت



ناوە ناوە چەکدارانی تیرۆریستی داعش جوولّەکانیان لە سنووری قەزای مەخموور زیاد دەکەن و فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێ، چەکدارانی داعش هەمووبان لە سنووری ژێر دەسەڵاتی هێزە عێراقییەکان کۆ بوونەتەوە و تەنیا چارەسەر بۆ لەناوبردنیان گەڕانەوەی پێشمەرگەیە بۆ سەنگەرەکانی پێشوو.

لیوا زریان شێخ وەسانی، فەرماندەی پێشمەرگە لە مەخموور بە مالّپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: چەکدارانی تیرۆریستی داعش لە ناوچەکانی حلوات و ڕۆژئاوای کەرکووکەوە دێنە مەخموور و بە شێوەی مەفرەزە جوولّە دەکەن، هەموو ئەو چەکدارە داعشانەی لە سنووری مەخموور هەن، دەکەونە ئەو ناوچانەوە کە لەژێر دەسەڵاتی هێزە عێراقییەکاندان. ئەو سنووری پێشمەرگەی تێدایە تەنیا یەک چەکداری داعشی تێدا نەماوە و بە تەواوەتی کۆنترۆڵ کراوە. فەرماندەکەی پێشمەرگە دەشڵێت: جوولّەی چەکدارانی داعش لە سنووری مەخموور بە ئاشکرا دەبیندرێت، بەڵام لە سنووری پێشمەرگەدا نییە بۆ ئەوەی دەستی خۆمانیان لێ بوەشێنین، هیچ هەماهەنگییەکیش لە نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکاندا نییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش لە مەخموور. شێخ وەسانی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: پێویستە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ بگەنە ڕێککەوتن بۆ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە، چونکە ئەگەر هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە شوێنەکانی پێشووی لەو سنوورانە جوولّەی چەکدارانی داعش نامێنێت، لەبەر ئەوە تەنیا چارەسەر بۆ لەناوبردنی داعش گەڕانەوەی پێشمەرگەیە بۆ مەخموور، پێشتر کە هێزی پێشمەرگە لەو سنوورە بووە لە داعش پاک کراوەتەوە و دوای هاتنی سوپای عێراق و حەشد، داعش گەڕاوەتەوە قەزای مەخموور. لەبارەی هەوڵەکان بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە، لیوا زریان شێخ وەسانی گوتی: هەماهەنگی لەسەر ئاستی هەردوو وەزارەتی بەرگری و پێشمەرگە هەیە بۆ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە، بەڵام ئێمە لە میحوەرەکە تەنیا ئەرکی پاراستن و کۆنترۆڵی سەنگەرەکانمان لە ئەستۆ گرتووە.

نەینەوا.. بەهۆی بۆردوومانی هاوپەیمانان دوو تیرۆریستی داعش کوژران

وەزارەتی بەرگری عێراق ڕایگەیاند کە لە ئاکامی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە ڕێکخراوی داعش بۆسەر تونێلێکی ڕێکخراوەکە لە سنووری پارێزگای نەینەوا، دوو تیرۆریست کوژراون. شانەی ڕاگەیاندنی جەنگی سەر بە وەزارەتی بەرگری عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژ بە ڕێکخراوی داعش، تونێلێکی ڕێکخراوەکەیان لە ڕۆژئاوای موسڵ بۆردوومانکردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئاکامی بۆردوومانەکەدا، دوو تیرۆریستی داعش کوژراون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ڕەگەزنامەی دوو تیرۆریستییە کوژراوەکە ئاشکرا نەکراوە.

بەغدا..گرووپێکی بازرگانیکردن بە ئافرەتان دەستگیرکرا

ئەندامانی گرووپێکی بازرگانیکردن بە ئافرەتان لە بەغدای پایتەختی عێراق، دەستگیرکران و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغداش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە کە گرووپەکە لە ناوچەی مەدائین لە باشووری بەغدا، دەستگیرکراوە.

هەروەک فەرماندەییەکە ڕایگەیاندووە، ئەو گرووپە کاری بەدڕەوشتی و بەکارهێنانی ژنانیان بۆ سێکس و بازرگانیکردن پێبیان، دەکرد. جگە لە بازرگانیکردن بە ئافرەتان، گرووپەکە بازرگانیی بە مادەی هۆشبەرینشەوە دەکرد و بڕێک مادەی کریستاڵیشیان پێگیراوە.



عێراقییەکان

زۆرترین یەکەی نیشتەجێبوونیان لە تورکیا کڕیوە

لە تورکیا بە کڕینی 19 هەزار و 952 یەکەی نیشتەجێبوون لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا لەلایەن بیانییەکانەوە، زۆرترین یەکەی نیشتەجێبوون بە بیانییەکان لە میانی شەش مانگدا فرۆشرا. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، عێراقییەکان سێ هەزار و 337 یەکەی نیشتەجێبونیان کڕیوە و لە پلەی یەکەمی ئەو بیانییانەدا دێن کە لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا لە تورکیا 816 هەزار و 11 پارسانّدا، یەکەی نیشتەجێبوون بە بیانییەکان فرۆشراوون و ئەوەش بە مانای ئەوە دێت کە ژمارەکە بەڕێژەی لەسەدا 9.68 زیادیکردووە. کاتێک خاوەندارێتیی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن بیانییەکانەوە لە تورکیا تەماشا دەکرێت ئەوە دەبینرێت کە عێراقییەکان پێشەنگییان پارانستووە. لە دوای ئەوانیش هەریەک لە ئێرانییەکان، ڕووسەکان، ئەڵمانییەکان، بەریتانییەکان و کوێتییەکان دێن. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، عێراقییەکان سێ هەزار و 337 یەکەی نیشتەجێبونیان کڕیوە و لە پلەی یەکەمی ئەو بیانییانەدا دێن کە لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا لە تورکیا یەکەی نیشتەجێبوونیان کڕیوە.

ئاوات شێخ جەناب: سەردانی شاندی باڵای حکوومەتی هەرێم بۆ بەغدا بۆ نیازپاکی بوو

کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تەنیا کێشەی نەوت نییە



وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، ئاوات شێخ جەناب و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد ڕایانگەیاند کە سەردانەکەی شاندی باڵای هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا، بۆ نیشاندانی نیازپاکی بووە.

وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی سەردانەکەی شاندی باڵای هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت، بۆ بەغدا تەنها بۆ نیشاندانی نیاز پاکی بووە. وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان و ئەندامی شاندەکە، ئاوات شێخ جەناب لەبارەی دەرەنجامی سەردانی ڕۆژی دووشەمەی شاندی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی: لەو سەردان و کۆبوونەوانەدا هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە و تەنها بۆ نیشاندانی نیازپاکی بووە.

هاوکات جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد کە بەشداری کۆبوونەوە و دیدارەکان بووە گوتی: ئەم سەردانە بۆ چاککردنەوەی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا بوو، هەروەها بەڵێنەکەی سەرۆکوەزیرانی هەرێم کە دوای پێشکەشکردنی کابینەی حکوومەتەکەی لە پەرلەمان دای کە یەک لەوانە کارکردن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێز لەگەڵ بەغدا، سەردانەکە بۆ ئەو ئامانجانە بوو. بەشیر حەداد گوتیشی: سەردانەکە بۆ بەغدا گرنگ بوو، چونکە نیازپاکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دەرخست کە پاش یەک ڕۆژ لە کۆبوونەوەی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم سەردانی بەغدا کرا، ئەوەش نیشانەی گرنگیدانی هەرێمە بە چاککردنەوەی پەیوەندییەکان و بەغداش ئەو پەیامەی وەرگرت کە هەرێم جددییە لە چاککردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان و کاریشی بۆ دەکات. جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئەوەشی گوت: بەغدا وەڵامی ئەو پەیامەی هەرێمی دایەوە کە ئەوانیش ئامادەن بۆ دەستکردن بە گفتوگۆکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و کردنەوەی هەموو ئەو دۆسێیانەی لەنێوانیاندا هەیە لە دۆسیەی نەوت و دارایی و ئەمنی و ناوچە کێشە لەسەرەکان، هەموو ئەوانە دەخرێتە بەر باس و گفتوگۆ. ئەو هەروەها گوتیشی: لە ئەنجامی ئەو سەردانەی شاندی هەرێم لە ئایندەیەکی نزیکدا چەند لیژنە و کۆمیتەیەک دروست دەکرێن بۆ چارەسەرکردنی هونەری و یاسایی کێشەکان، بە نموونە کۆمیتەیەکی تایبەت لە پسپۆڕانی نەوت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی نەوت و کۆمیتەیەکی تایبەت بە پسپۆڕانی دەستوور و یاسا و چەند کۆمیتەیەکی تریش دەستبەکار دەبن، ئومێد هەیە لە ماوەیەکی نزیکدا بگەنە ئەنجامێکی باش.

بەشیر حەداد ئاماژەی بەوەش کرد، هەردوولا کۆکبوون لەسەر ئەوەی ڕێککەوتنەکان ڕێککەوتنی ستراتیجی و درێژ مەودا بن بۆ ماوەی چوار ساڵ، نەوەک ڕێککەوتنێکی ساڵانە و لەکاتی پەسەندکردنی بوودجەدا تووشی کێشە و گرفت ببنەوە. جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە بارەی ئەوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر ڕادەستکردنی نەوتی هەرێم بە عێراق گەیشتبن بە ڕێککەوتن لە وەڵامدا گوتی: سەردانەکە تەنها هەنگاوی یەکەم بوو تەنها ڕێککەوتن لەسەر دەستبەکاربوونی لیژنەکان، دوای دەستبەکاربوونیان لیژنەکان گفتوگۆ دەکەن لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەش ئەوکات بڕیار دەدرێت کە چۆن بێت، چونکە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تەنها کێشەی نەوت نییە و کێشەی دارایی و پارەی کەڵەکەبووی2014 تا 2018 هەیە کە بەغدا بوودجەی نەناردووە و هەرێم ناچار بووە نەوت بفرۆشێت، هەموو ئەوانەش پێویستیان بە گفتوگۆ و ڕێککەوتن هەیە.

دەروازەی سنووری عەرعەر لە نێوان عێراق و سعوودیە دەکرێتەوە



دەروازەی سنووری عەرعەر لە تاکە دەروازەی سنوورییە لە نێوان عێراق و سعوودیە لە 15ی تشرینی یەکەمی داهاتوودا، بە فەرمی دەکرێتەوە. دوای کردنەوەی دەروازەی سنووری عەرعەر لە دوای 29 ساڵ کە تاکە دەروازەی سنوورییە لە نێوان عێراق و سعوودیە، ئامادەکاری دەکرێت بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی خزمەت بە هاووڵاتییان.

باڵیۆزی سعوودیە لە بەغدا، عەبدولعەزیز شەمەری لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەفزیۆنی ئەلعەرەبیە ئامارژەی بەوە کرد کە دەروازەی سنووری عەرعەر لە 15ی تشرینی یەکەمی داهاتوودا بە فەرمی دەکرێتەوە. عەبدولعەزیز شەمەری باسی لەوەشکرد کە ئەم هەنگاوە هاوکار دەبێت لە زیادکردنی سەردان لە نێوان بەغدا و ریاز، بەهۆی ئەوەی تاکە دەروازەی سنوورییە لە نێوان هەردوو وڵاتدا، چاوەڕوانیش دەکرێت ساڵانە 600 هەزار عێراقی بەتایبەتی حاجیان ئەو دەروازە سنوورییە بەکاربهێنن.

دەروازەی سنووری عەرعەر، تاکە دەروازەی نێوان سنووری عێراق و سعوودیەیە، عێراق و سعوودیە 812 کیلۆمەتر سنووری هاوبەشیان هەیە. دوای ئەوەی عێراق لە ساڵی 1990دا کوێتی داگیرکرد، حکوومەتی ریاز سەرجەم پەیوەندیە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ بەغدا پچڕاند و دەروازە سنوورییەکەشی داخست. لە دوای نەمانی هەڕەشەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، عێراق ڕایگەیاند کە خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندییەکانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش. لەو چوارچێوەیەشدا لە تشرینی یەکەمی 2017دا، ئەنجوومەنی هەماهەنگیی سعوودیە-عێراق دامەزرێندرا بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی بەغدا و ریاز.

نەرویژ.. ڕێکخراوەکانی پارتی پاڵپشتیی خۆیان بۆ حکوومەتی نوێ و کوردستانێکی بەهێز دەردەبڕن



نەرویژ- ساسان دەروێش:

لە دوای چاوەڕوانییەکی زۆری خەڵکی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێیەم و دڕێژبوونەوەی دانوستانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی بڕاوەی هەڵبژاردنەکان بۆ دیاریکردنی پشکی خۆیان و بەشداربوونی کارایان بۆ کوردستانێکی بەهێز، سەرئەنجام لە نێو پەرلەمانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردران، لە زۆربەی زۆری وڵاتان و سەرکردە و دیپلۆماتەکان و کەسایەتییەکانی دنیا پیرۆزباییان ئاراستە کرا و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی کە گەلی کورد لە ژێر یەک چەتردا هەنگاوی بەرەوپێشچوونی زیاتر بنێت لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

بەم بۆنە گرنگ و میژوویییەی گەلی کورد، ڕێکخراوی تێکۆشەری دراميێنی سەر بە لیژنەی ناوچەی نەرویژی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەستبەکاربوونی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم و مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێم لەژێر ئاسمانێکی شین و کەش و هەوایەکی فێنکی نەرویژدا لە یەکێک لە پارکەکانی شاری دراميێن بە ئامادەبوونی دکتۆر عەلی تەتەر، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی و بەرپرس و دەستەی کارگێڕی لیژنەی ناوچەی نەرویژ و بزووتنەوەی حەرەکەی ئاشووری لە نەرویژ و دەستەی ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێکخستنەکانی ناوچەی پارتی لەو وڵاتە بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی و ئومێدی هێنانەدی خەونەکانیان لە یەکبوونی کورد لە نزیکی یەک کۆبوونەوە و پێکەوە خوانێکی ڕازاوەی هاوینەیان خوارد و دواتر بە شایی و هەڵپەرکێ سلاوی خۆیان بۆ کوردستانێکی بەهێز دەربڕی، لەگەڵ پاڵپشتیکردنی زیاتر کە هەریەکەیان ببنە باڵیۆزی وڵاتەکەیان لە گەیاندنی پەیامی سەرکەوتنەکانیان بە دنیای دەرەوە لە میانەی ئەم کۆبوونەوەیەش محەمەد ئەسکەندەر بۆ خەبات گوتی: سەرەتا سوپاس بۆ خەبات بۆ گواستنەوەی پەیامەکەمان بە گەلی خۆمان کە بۆ هەمیشە پاڵپشتیان دەبین، زیاتر لە جاران بۆ هێنانەدی کوردستانێکی بەهێز کە خەونی هەموومانە و لە ڕێگای کابینەی نوێەم کە پلانی تۆکمە و بەهێزی هەیە بۆ چاکسازی و زیاتر بوژاندنەوەی کوردستان و نەمانی گەندەڵکاران، ئەوەی هەموومانی کۆکردەوە لەم پارکەدا، بۆ دەربڕینی هەستی خۆشحاڵی، یەکبوونی کورد لەژێر چەتری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کارکردنیان، بۆیە لێرەوە پیرۆزبایی گەرمیان ئاراستە ئەکەین و بەهیواین لە کارەکانیاندا سەرکەوتوون و ئێمەش بەڵێنیان پێ دەدەین وەک کوردانی تاراوگە بۆ هەمیشە کوردستان لە نێوچاوەڵمان بیت و خزمەتی زیاتری بکەین لەنێو کۆمەڵگەکانی دنیادا دووبارە سوپاس بۆ ڕۆژنامەی خەبات نووسینگەی هۆڵەندا.

سعوودییە.. فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی حووسییەکان خرایە خوارەوە



فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی حووسییەکان لە باشووری سعوودییە لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانییەتی عەرەبییەوە خراوەتەخوارەوە. لەمبارەیەوە گوتەبێژی هاوپەیمانییەتی عەرەبی لە یەمەن تیشکی خستووەتە سەر ئەوە بەردەوامبوونی هێرشی میلیشیاکانی حووسی بۆسەر ئامانجەکان لە باشووری سعوودیە، دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی هەرێمیی و نێودەوڵەتی.

پێشتر گوتەبێژی حووسییەکان، یەحیا سەریع ڕاگەیاندبوو کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکەیان خستووەتەخوارەوە بێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانی لێ بکەیتەوە.

گوتەبێژی هاوپەیمانییەتی عەرەبی لە یەمەن تیشکی خستووەتە سەر ئەوە بەردەوامبوونی هێرشی میلیشیاکانی حووسی بۆسەر ئامانجەکان لە باشووری سعوودیە، دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی هەرێمیی و نێودەوڵەتی.

پێشتر گوتەبێژی حووسییەکان، یەحیا سەریع ڕاگەیاندبوو کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیانکردووەتە سەر شاری جازان باشووری سعوودیە کە لە میانیدا، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی شارەکە کراوەتە ئامانج.

یەحیا سەریع ئاشکراشیکردبوو کە هێرشەکە ئامانجەکەی پێکاوە و بەهێزەوە گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەی ئەبها ڕاوەستاوە. بەم دوایانە حووسییەکان هێرشە ئاسمانییەکانیان بۆسەر دامەزراوەکان لە باشووری سعوودیە چڕکردووەتەوە.

دۆنالڈ ترەمپ: لە هەوڵی گۆڕینی ڕژێمی ئێراندا نین

ڕێگە نادەین حکوومەتی تاران ببێت بە خاوەن چەکی ئەتۆمی

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالڈ ترەمپ ڕایگەیاند کە لە هەوڵی گۆڕینی ڕژێمدا نین لە ئێراندا و خوازیارن ئێران لە یەمەن بچێتە دەرەوە.

لە کۆبوونەوەی کابینەی حکوومەتەکەیدا لە کۆشکی سپی، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالڈ ترەمپ سەبارەت بە گرژییەکانی ئەمەریکا-ئێران وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. دۆنالڈ ترەمپ گوتی: لە ئێران لە هەوڵی گۆڕینی ڕژێمدا نین، هەندێک کەس دەڵێن وایە بەڵام نین. سەرۆک ئۆباما و ئەوانی دیکە تاقیانکردەوە. ئەوە بە کەڵک نایەت. ئێمە لە هەوڵی ئەوەدا نین. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالڈ ترەمپ باسی لەوەشکرد کە ڕێگە نادەن حکوومەتی تاران ببێت بە خاوەن چەکی ئەتۆمی و گوتی: ناتوانن ببن بە خاوەن چەکی ئەتۆمی. ناتوانن مووشەکی بالیستی تاقی بکەنەوە، بەڵام توانیان لەژێر ڕێککەوتنەکەی ئێستادا ئەنجامی بدەن. هەروەها دەمانەوێت ئێران لە یەمەن دەرچێت.

دۆنالڈ ترەمپ دووپاتیکردەوە، ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمییەی کە باراک ئۆباما لەگەڵ ئێران ئەنجامیداوە ڕێککەوتنێکی زۆر خراپ بووە و حکوومەتەکەی ئۆباما بە بەهای ملیارەها دۆلار توانای خستنە بەردەست ئێران و گوتی: لە ڕاستیدا ئێمە دەمانەوێت هاوکاری ئێرانییەکان بکەین. دەمانەوێت باشبین لەگەڵیاندا. کاریشیان لەگەڵ دەکەین، بەڵام ناتوانن ببن بە خاوەن چەکی ئەتۆمی. لە لایەکی دیکەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ کە بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا کردبوو ڕایگەیاند بۆ یەکەمجار ئێرانییەکان ڕایانگەیاند کە ئامادەی دانوستانن لەبارەی بەرنامەی مووشەکی.



ئێران لەبارەی مووشەکی بالیستی وەڵامی مایک پۆمپیۆ دەداتەوە

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەوی ئاشکرایکرد بە پێچەوانەی لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ، ئێران دانوستان لەسەر پرۆگرامی مووشەکی بالیستی وڵاتەکەی ناکات، عەباس موسەوی لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، ئاماژەی بەوەکرد لێدوانەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف لەبارەی پرۆگرامی مووشەکی بالیستی، بەمانای ئامادەیی تاران بۆ ئەنجامدانی دانوستان لەوبارەیەوە نایەت.گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران باسی لەوەشکردووە کە وەزیری دەرەوەی ئێران لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا پرۆگرامی مووشەکی بالیستی وڵاتەکەی دەکرێت دانوستانی لەبارەوە بکرێت یان نا، سەرنجی خستووەتە سەر ئەو بڕە نێجگار زۆرەی چەک کە ئەمەریکا بە وڵاتانی ناوچەکەی فرۆشتووە و بە گوتەی عەباس موسەوی، محەمەد جەواد زەریف بە شێوەیەکی عاقڵانە تێپەکەی خستووەتەوە نێو یاریگای ئەمەریکاوە و ڕاشیگەیاندووە پێگەی ئێران و دکتۆر زەریف سەبارەت بە توانا مووشەکییەکانی وڵاتەکە، ڕوون و ئاشکرایە.

ئەمەریکا پێشوازی لە ڕێککەوتنەکەی نێوان لایەنەکانی سوودان دەکات

هانی لایەنەکانی سوودان دەدەین تا ڕەشنووسی دەستوور بۆ قۆناغی ڕاگوزەر واژوو بکەن

هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان و ئەنجوومەنی سەربازیی ڕاگوزەر بە مەبەستی گەیشتن بە ڕەشنووسی کۆتایی سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە سوودان لە قۆناغی ڕاگوزردا، کۆبوونەوەکە دوای ئەوە سازکرا کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان ڕاگەیاندبوو کە ژمارەیەک تێبینی لەسەر خاڵەکانی نێو ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکە هەیە. هاوکات سەرچاوەیەک لە هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان ڕاگەیاندووە کە لە کۆبوونەوەکەدا، ئەنجوومەنی سەربازیی ڕاگوزەر ڕەزامەندی لەسەر هەمواركردنەوەی ئەو خاڵانەی نێو ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکە نیشانداوە کە هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان تێبینی لەسەر هەبوو.

ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو، ئەنجوومەنی سەربازیی ڕاگوزەر ڕایگەیاندبوو کە ڕەشنووسی دەستوور تایبەت بە بەڕێوەبردنی قۆناغی ڕاگوزەر لەگەڵ هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان تاوتوێ دەکات. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە لە ماوەکانی ڕابردوودا، ئەنجوومەنی سەربازیی ڕاگوزەر و هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان ڕایانگەیاندبوو کە سەبارەت بە دابەشکردنی دەسەڵات لە قۆناغی ڕاگوزەردا گەیشتبوون بە ڕێککەوتنێک.

بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە، بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە قۆناغی ڕاگوزەردا، بۆ ماوەی سێ ساڵ و سێ مانگ دەبێت کە لە قۆناغی یەکەمدا، ئەنجوومەنی سەربازیی بۆ ماوەی 21 مانگ دەسەڵات دەگرێتە دەست. بەڵام دواتر هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان ڕایگەیاندبوو کە ژمارەیەک تێبینی لەسەر خاڵەکانی نێو ڕێککەوتنەکە هەیە بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە پارێزبەندی کاربەدەستان لە قۆناغی ڕاگوزەردا.

لەمبارەیەوە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە خەرتووم ڕایگەیاندووە خۆشحاڵە بەو ڕێککەوتنەیەی کە هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان و ئەنجوومەنی سەربازیی ڕاگوزەر سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە قۆناغی ڕاگوزەردا واژوویان کردووە.

هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە خەرتووم، ئیستیڤن کۆتیسیس لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، نووسیوویەتی: خۆشحاڵین بەو ڕێککەوتنەکەی نێوان هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان و ئەنجوومەنی سەربازیی ڕاگوزەر کە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی دەسەڵات لە قۆناغی ڕاگوزەردا واژووی کرد.

ئیستیڤن کۆتیسیس ئەوەی وەبیرهێناوەتەوە کە ڕێککەوتنەکەی نێوان هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان لەگەڵ ئەنجوومەنی سەربازیی ڕاگوزەردا، ڕێککەوتنێکی گرنگە بۆ سەقامگیرکردنی سوودان و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ.



نەتانیاهو:

تا مووشەکی ئێران نەکەوێتە سەر خاکەکەیان ئەوروواپییەکان هەست بە مەترسییەکە ناکەن

K24: بنیامین نەتانیاهو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕەخنە لە هەوڵەکانی یەکێتی ئەوروپا دەگرێت کە دەیانەوێت ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران لە هەڵوەشانەوە ڕزگار بکەن و دەڵێت: هەندێک کەس و لایەن لە یەکێتی ئەوروپا هەست بە مەترسییەکە ناکەن تا مووشەکی ئێرانی لەناو خاکەکەیان نەکەوێتە خوارەوە. سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە توێتەرەوە ڤیدیۆیەکی خۆی بە ژێرنووسی عەرەبییەوە بڵاوکردووەتەوەو دەڵێت: لەوانەیە هێشتا لە ئەوروپا ئەو کەسانە لە خەو هەڵنەستابن تا ئەوکاتەی مووشەکی ئەتۆمی ئێران لەناو خاکی ئەوروپادا دەکەوێتە سەر زەوی، ئەوکاتیش هەموو شتێک تێپەڕیوە.

قسەکانی نەتانیاهو هاوکاتی کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەوروپایە کە ڕۆژی دووشەمە 2019/7/15 لەبارەی چەند پێشێلکارییەکی ئێران لە ڕێککەوتنەکە گفتوگۆیان کردووە، بەتایبەتی لەبارەی پێتاندنی یۆرانیۆم لەسەرووی ڕێژەی 3.67% کە لە ڕێککەوتنەکەدا دیاریکراوە. هەروەها فێدریکا مۆگێرینی، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا داوای لە ئێران کردووە لە بڕیاری زیاتر پێتاندنی یۆرانیۆم پاشگەز بێتەوە.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
پێنج شەمە 2019/7/18 ژمارە (5791)
www.xebat.net
خەبات

بەرپرسێ لقێ 9: خزمەتکرنا پێشمەرگەهێن دێرین ئەم ب ئەرکێ خۆ یێ نەتەوی و نیشتیمانی دزانین



بو ئاگەهداربوون لسەر ڕەوشا ساخلەمیا پێشمەرگەهێن دێرین و دلسوزێن ڕێبازا پیروزا پارتی و بارزانییێ نەمر و ب نوێنەرایەتیا سیداد بارزانی ئەندامێ مەکتەبێ سیاسی یا پارتی دیموکراتی کوردستان، سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9 و شاندەکا یاوەر سەردانا پێشمەرگەهێن دێرین و دلسوزێن ڕێبازا پیروزا پارتی و بارزانییێ نەمر، وەستا شاکر ئاکرەیی و عادل موختار و حەجی تالب دان.

بەرپرسێ لقێ 9 بنافێ سیداد بارزانی پرسیارا ساخلەمیا وان کر و خویا ژی کو بو چارەسەریا وە یا دشیاندا هەبیت دریغییێ ناکەین، چونکە خزمەت و خەبات و ماندیبوونا وە جهێ ڕێزگرتنێیە و باش دزانین کو هەوا د ژیانا خودا چ ئەزیەت و زەحمەت کێشایی یە ل پێناڤ ئاخا پیروزا کوردستانێ و لسەر ڕێبازا پیروزا پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانییێ نەمر و خزمەتکرنا وە ژی ئەم ب ئەرکێ خۆ یێ ئەخلاقی و ئایینی و نەتەوی ونیشتیمانی دزانین و تشتەک ژی د ژیانێ دا ل وێ چەندێ سەربلندتر نیە کو مروڤ بۆ گەل و مللەتێ خۆ خەباتێ بکەتن، ئەڤرۆ ژی ل سایەیی خوینا زەلالا شەهیدان و خوراگریا پێشمەرگەهێن قەهرەمان و ماندیبوونا وە ئەم دسەربەست و سەرفیرازین، ژلایێ خوڤە ژی هەرسێ ناڤبریا سوپاسیا سیداد بارزانی ئەندامێ مەکتەبێ سیاسی و بەرپرسێ لقێ 9ۆ شاندێ یاوەر کرن و خویا ژی کرن ئەم ئەڤرو پتر هەمی ڕوژەکێ خوب سەربلند دزانین کو مە ژی لدویڤ شیانێت خو خزمەتا مللەتێ خو کربیت و هیچ منەتەک ژی تێدا نیە کو مروڤ بو وەلاتی خو و کوردستانێ خزمەتێ بکەتن.

پێشمەرگەی خەباتکار حەسەن حەمەد پیرانی باوکی سێ شەهید کۆچی دوایی کرد



خەبات- سەفەر یوسف میرخان

ژلاوکی: دوای مللمانێکی زۆر لە گەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی خەباتکار و باوکی سێ شەهیدی قارەمان حەسەن حەمەد مەلا عەلی پیرانی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر کۆچی دوایی کرد، لە مەراسیمێکی شایستەدا تەرمی خوالێخۆشبوو بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکوومی و لەشکری و کەسوکار و هاوسەنگەری لە گۆرستانی ناحیەی پیران سەربەدەڤەری بارزان بە خاک سپێردرا. خوالێخۆشبوو لە سالی 1933 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و شۆرشگێڕ لە گوندی پیرانی سەر بە دەڤەری بارزان لە دایکبووە، بەشداری لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ڕۆڵی لە چەندەها داستان هەبووە و ئاوارەی ئێران دەبن و بە کوڕ و کەسوکاری دەبنە پێشمەرگەی گوللان لەگەڵ شەهیدی فەرماندە د.سەعید ئەحمەد نادر کە فەرماندەی قووتی بارزان بووە، خوالێخۆشبوو کەسێکی تێکۆشەر بووە و بە ئیرادە و وەرە بەرز بووە و هەمیشە هانی هاوسەنگەرانی دەدا کە خۆڕاگر بن کە سەردەکەوین، بەشداری ڕاپەڕین دەکات و دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە کوردستان و لە ناحیەی پیران نیشتەجێ دەبن، ناوبراو دەکاتە باوکی سێ شەهیدی قارەمان شەهید ئەحمەد پیرانی، شەهید مستەفا پیرانی و شەهید ئەکرەم پیرانی کە بەشداربووی شۆڕشی گوللان و ڕاپەڕین و قارەمانی چەندەها داستان بوون کە لەدوای ڕاپەڕین لە پێناو ڕێبازی بارزانیی نەمر شەهید دەبن، هەروەها کوڕی قارەمانی ئەفسەری لیهاتوو موقەدەم عەلی حەسەن پیرانی کە لە فەرماندەیی بارزان خزمەت دەکات کە لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعش ڕۆڵێکی تێکۆشەرانە هەبووە و لەیەکێک لەداستانەکان بریندار بووە، خوالێخۆشبوو یەکێک لە کەسایەتیە دیار و ناسراوی دەڤەری بارزان بووە، ماوەی چەند ساڵ لەبەر خەبات و تێکۆشانی تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی 86 ساڵی کۆچی دوایی کرد. **پرسەکە لە هۆڵی بۆنەکانی ناحیەی پیرانی سەر بە دەڤەری بارزان- ه**

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز حەسەن مستەفا عەزیز

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری کۆمەڵایەتی و عەشیرەتی گل، ئەحمەد مستەفا عەزیزی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئارِاستەی ئێوە و خزم و دۆستانی گل دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بەهەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

نالله و انا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی دوو تۆمەتباری ڕاگەیاند

لەڕاگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بڵاوی کردەوە، دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی عەنکاوە بە بوونی 2 ڕوداوی دزینی ماتۆر سکێل، پۆلیس دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەم ڕووداوە کردەوە و توانی2 تۆمەتبار دەستگیر بکات. ڕائید باساک فەرج ڕەحیم بەرپرسی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی عەنکاوە ڕایدەگەیێنێت، دوای ئاگادار کرانەوەمان بەبوونی 2ڕووداوی جیا لە سنوری بنکەکەمان، دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەم 2ڕو وداوە کرایەوە و دوای وەرگرتنی زانیاری توانیمان ناسنامەی دوو تۆمەتبار ئاشکرا بکەین و دەستگیریان بکەین. تاوانەکان بەم شێوەی لای خوارەوە بوون: تاوانی یەکەم: تۆمەتبار (ا.ئ.ع)، تەمەن 17ساڵ، هەڵسابوو بە دزینی دوو ماتۆرسکیل لە گوندی لوبنانی، تۆمەتبار بەندە بەپێی ماددە 446 لە (ی.س.ع). تاوانی دووەم: تۆمەتبار (ع.ش.ع)، تەمەن 19ساڵ، هەڵسابوو بە دزینی ماتۆڕی بەدع کە بە نزیکەی بڕی 4000 دۆلاری ئەمریکی دەخەملێنرێت لە عەنکاوە. تۆمەتبار بەندە بەپێی ماددە 446لە (ی.س.ع).

پارتی و حزبی ئومەی عێراقی تەئکید لە هەماهەنگی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەنەوە



عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارتە عەرەبییەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە شاندێکی حزبی ئومەی عێراقی کرد، کە پێکهاتبوون لە مەحمود لعێبلی جێگری ئەمیندارای گشتی حزب و د.حەیدەر عارف و مەجید ئەلعزاوی و باسل محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی. لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و شاندی میوان تیشکیان خستە سەر ڕەوشی عێراق بەگشتی و بارودۆخی ناوچەکە و هەماهەنگییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و سەردانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بۆ بەغدا، هاوکات شاندی میوان خۆشحاڵیی خۆیان بەم سەردانە دەربڕی و پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان کردو تەئکیدیان کردەوە، هەردوو سەرکردە لە پارتی دیموکراتی کوردستان تەجروبەی باشیان لە خزمەتکردنی خەڵک و حکومەتی کوردستان کردو هەماهەنگییەکانی بۆ ئاشتی و برایەتی نێوان پێکهاتەکانی عێراق و گەلی کوردستان و هەیە، هەر لەو دیدارەدا عەلی حسێن ئاماژەی بەپەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزب ئومەی عێراقی کردو تەئکیدیشی کردەوە، پارتی لە هەموو قوناغەکاندا هەنگاوی جدی ناوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی و مافی تەواوی پێکهاتەکان لەعێراق و هەرێمی کوردستان، لە کۆتاییدا هەردوولا جەختیان لە یەکڕیزی و هەماهەنگی کارکردن لەپێناو پاڵپشتیکردن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە هەستیاردا کردەوە.

ئەنجوومەنی وەزیران تێچووی پرۆژەی بەنداوی دێوانەی لە دەربەندیخان بەرزکردەوە



کارەکانی تایبەت بە تەواوکردنی پێنجەمین گەورەبەنداوی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و لە کۆتاییی مانگی 11دا تەواو دەبێت. بەڕێوەبەری گشتیی بەندداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت، ئەنجومەنی وەزیران تێچووی پرۆژەکەی بۆ 23ملیار و 722 ملیۆن دینار بەرز کردەوە.

بەندداوی دێوانە دەکەوێتە سنووری دەربەندیخان و ساڵی 2011 بەردی بناغەی دادرا و بڕی 16ملیار دیناری بۆ تەرخان کرا، بڕیار بوو لە ماوەی 4 ساڵدا تەواو بکرێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایییەوە پرۆژەکە تا سەرەتای ئەمساڵ کارەکانی ڕاگیرابوو.

هەماهەنگییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و سەردانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بۆ بەغدا، هاوکات شاندی میوان خۆشحاڵیی خۆیان بەم سەردانە دەربڕی و پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی کوردستان کردو تەئکیدیان کردەوە، هەردوو سەرکردە لە پارتی دیموکراتی کوردستان تەجروبەی باشیان لە خزمەتکردنی خەڵک و حکومەتی کوردستان کردو هەماهەنگییەکانی بۆ ئاشتی و برایەتی نێوان پێکهاتەکانی عێراق و گەلی کوردستان و هەیە، هەر لەو دیدارەدا عەلی حسێن ئاماژەی بەپەیوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزب ئومەی عێراقی کردو تەئکیدیشی کردەوە، پارتی لە هەموو قوناغەکاندا هەنگاوی جدی ناوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی و مافی تەواوی پێکهاتەکان لەعێراق و هەرێمی کوردستان، لە کۆتاییدا هەردوولا جەختیان لە یەکڕیزی و هەماهەنگی کارکردن لەپێناو پاڵپشتیکردن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە هەستیاردا کردەوە.

وەزیری ئاوەدانکردنەوە: تا سێ مانگی دیکە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگای کۆیە تەواو دەبێت



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: دوێنێ دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتە جێکردن بەیاوەری ئەندازیار هونەر نوری بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاوبانی هەولێرو ژمارەیەک لە بەرپرسانی دیکەی وەزارەت باسی لە تەواوکردنی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگای کۆیە کردو ڕوونیکردەوە: وەک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هەوڵ دەدەین کارو پرۆژەی گرنگ ئەنجام بدەین لە چوارچێوەی کارو بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە پێی خشتەی دیاری کراو کارەکان تەواو دەبن و تا ئێستا کار لەسەرتەواو کردنی ئەو پرۆژەیە دەکرێت و پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگای کۆیە ماوەی مانگێکە دەستی پێکردووەو بە گوێرەی خشتەی دیاریکراو پرۆژەکە جێبەجێ دەکرێت و گرفتی نەبووە تا ئێستا و کار لەسەر ئەوە دەکرێت بەر لە هاتنی وەرزی پایز تەواو دەکرێت. دانا عبدولکەریم، ڕاشیگەیاند، دریژی ڕێگاکە 52 کیلۆمەترە و ماوەی مانگێکە نۆژەنکردنەوەی دەستپێکردووە، ئاماژەی بەوەشکرد سەرجەم ئەو پرۆژانە بەسەردەکەنەوە کە ئێستا لە بواری جێبەجێ کردندان.

بڕیار وایە ئەمساڵ بەشە ئاردی زیاتر بە هاووڵاتیان بدرێت



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم ڕوونیکردەوە: لەساڵی 2018تەنها 8بەشە ئارد دابەشی سەر هاووڵاتیان کراوەو ئەو بڕیارەش پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە هەبووە و مانگانە لەشاری هەولێر تەنها 20 بۆ 22 هەزار تەن گەنم دەدرێنە ئاشەکان تا بکرێتە ئاردو بەسەر هاووڵاتیان بکرێت. هەروەها بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم ڕوونیکردەوە: بڕیار وایە ئەمساڵ بەشە ئاردی زیاتر بە هاووڵاتیان بدرێت و ئەمساڵ لە عێراق و هەرێمی کوردستان گەنمێکی زۆر بە سایلۆکان دراوەو بڕیاریش وایە بەشە ئاردی وەکیلەکانی ئارد لە هەشت مانگەوە بکرێتە 10مانگ.

زانکۆی سەلاحەدین بڕوانامەی ڕێزلێنان دەبەخشێتە کونسڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئیران

لە دیدارێکدا کە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین بەڕێوەچوو، سەرۆکی زانکۆ پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد دزەیی پێشوازی لە کونسلی کۆماری ئیسلامی ئیران کرد و دیاری و ڕێزلێنانی تایبەتی پێبەخشی بەرامبەر ئەو هەموو ئاسانکاریانەی لەماوەی کارکردنی کردبووی بۆ دروست کردن و پتەو کردنی پەیوەندیەکان لەنێوان زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆکانی کۆماری ئیسلامی. لە دیدارەکەدا کە ڕاگری کۆلیژی ئەدەبیات و بەڕێوەبەری پەیوەندیە ئەکادیمیەکان تێیدا ئامادەبوون، سەرۆکی زانکۆ ئامادەیی زانکۆی دەربڕی بۆ بەردەوامیدان بەو پەیوەندیە پتەوەی زانکۆ هەیەتی لەگەڵ زانکۆکانی ئێران. لای خۆیەوە کونسلی گشتی سوپاسی زانکۆی سەلاحەدینی کرد بۆ ئەو پێزانینە و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و بەڵێنیشیدا دوای تەواوبوونی ئەرکەکەشی بەردەوام دەبێت لە دروستکردنی پەیوەندیە زانکۆییەکان.

دۆسێی پلەبەرزکردنەوەی نایاسایی هەزاران فەرمانبەر ڕادەستی کابینەی نوێی حکوومەت دەکرێت

دەستەی نەزاهە دۆسێی پلەبەرزکردنەوەی بە نایاسایی هەزاران فەرمانبەر دەداتە کابینەی تازە. بەرپرسێکی دەستەکەش ئاشکرای دەکات، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست باس کەوتوون، دۆسێی ئەو فەرمانبەرانەی بە نایاسایی و دوور لە ڕێنماییەکان پلەیان بەرز کراوەتەوە، دەدرێتە کابینەی تازە.

لەو دۆسێیەدا هەزار و 557فەرمانبەر بەدەر لە یاسا پلەیان بەرز کراوەتەوە بۆ پلەی بااڵ، لەنێو ئەوانەدا هەیە نەخوێندەوار و بڕوانامەی نییە، بەاڵم کراوە بە ڕاوێژکار. هەروەها هەزار و 77 فەرمانبەری سەرتایی و بێ بڕوانامە هەن و لە دامەزراوەکان کراون بە بەڕێوەبەری پێشکەوتوو، لە پلەی یەکی وەزیفیدا شارەزا و جێگری بەڕێوەبەری گشتی 470 کەسن، کە دەرچووی ئامادەیی و ناوەندی و سەرەتایی و بێ بڕوانامەن.

مشیر ڕەشید ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی کاروباری یاسایی و لێکۆڵینەوە، لە دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستان بە باس ی ڕاگەیاند، یەکەمین کاری دەستەکەیان لەگەڵ کابینەی تازەی حکوومەت، تایبەت دەبێت بە دۆسێی



نایاسایی پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران، گوتی: "دەبێ پێداچوونەوە بە دۆسێی هەموو فەرمانبەراندا بکرێتەوە و یەک بە یەک سەیر بکرێنەوە، کە چۆن خزمەت ئەژمار کراوە و چۆنیش پلە دراوە و هەر کەس مافی خۆی پێ بدرێت".

ڕوونیشی کردەوە، ئەو دۆسێیە تەواوی وردەکارییەکەی لای ئەوانە و لە کابینەی نوێ دووبارە جەختی لێ دەکەنەوە، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، گوتیشی: "بە بەڵگەوە لامانە، کە چەندین هەزار فەرمانبەر بەبێ ڕەچاوکردنی بڕوانامە، ناونیشانی نایاسایی و 3 بۆ 5 پلەیان بە یەکجار پێ دراوە، نادادپەروەرییەکی زۆر کراوە".

بەپێی ماددەکانی 18، 19، 20لە یاسای خزمەتی شارستانیی ژمارە 60ی ساڵی 1960 لە هەموو پلە بەرزکردنەوەیەکدا دەبێ ڕەچاوکردنی خزمەت و بڕوانامە بکرێت.

موشیر ئاشکراشی کرد، ئەگەر حکوومەت ئەو دۆسێیە یەکلایی بکاتەوە، لە لایەک پارەیەکی زۆری بۆ دەگەڕێتەوە، لە لایەکی تریش بنەمای دادپەروەرییش لەنێو فەرمانبەران دەگەڕێنێتەوە، گوتیشی: "ئومێدمان بە کابینەی نوێ هەیە".

بەرپرسەکەی نەزاهە زیاتر گوتیشی: "لەناو پەرلەمانی کوردستان و دەزگەکانی حکوومەتی کوردستان، هەزار و 557 کەس مووچەی پلە سێ تا پلەی بااڵی ئەلف وەردەگرن و بڕوانامەکانیان گونجاو نییە، سەرباری ئەوەی 9 کەس پلەی بااڵیان پێ دراوە و هیچ بڕوانامەیەکیان نییە، لەکاتێکدا نابێت بڕوانامەی ئامادەییش بچێتە پلەی بااڵ، ئەوە تەنیا لە بڕوانامەدا ئەو گەندەڵییانە کراون".

لە دوو ناوچەی پارێزگای سلێمانی زیاتر لە 16 هەزار دۆنم پوش و پاوان سووتاوە



بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی، ئاشکرای کردووە لە دوو ناحیەی گەرمک و بەرزنجەی سەر بە قەزای شارباژێر زیاتر لە 16 هەزار دۆنم پوش و پاوان سووتاوە.

لەمبارەوە بارەیەوە عەمیدی پۆلیس هێمن کەمەرخان ئاگرکەوتنەوە کە یەکێکیان لە سنووری ڕۆژهەاڵتی کوردستانەوە هاتووە و ئاگرەکەی تریش هۆکارەکەی نادیارە و لە پوش و پاوان و دارستانی ناوچەکە کەوتووەتەوە و بووەتە هۆی سووتانی نزیکەی 15 هەزار دۆنم پوش و پاوان و دارستانی سنوورەکە کە ئەفسەر و کارمەندانی بنکەی ئەفەندی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند بە بااڵوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک ڕای گەیاندووە: "لە دوو ڕووداوی جیاوازدا لە سنوری گوندەکانی شەیان میشیا و نەرمەاڵس و شیرەی سەر بە ناحیەی گەرمک دوو ڕووداوی پۆلیسی دارستانی گەرمک بە یارمەتی هێزی هاوکاری لەگەڵ بەش و بنکەی پۆلیسی دارستانی پێنجوێن و نالپاریز، هەروەها بە هاوکاریی ڕێکخراوی ملەکەوە توانیان ئاگرەکە بکوژێننەوە و کۆنترۆڵی بکەن". لەلایەکی تریشەوە ئاگرێکی فراوان لە سنووری گوندی مایاوا/ دەرەتەت/ مۆرباس لە سنووری بەرزنجە دەستبەجێ مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی بەرزنجە گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە و توانیان بە هاوکاریی بنکەی پۆلیسی بەرزنجە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت و زیانی ئاگرەکە سووتانی زیاتر لە یەک هەزار دۆنم پووش و پاوان داری سروشتیی ناوچەکە بووە کە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە نادیارە و بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە بەردەوامە".

ڕێڤەبەرێن دوو فەرمانگەهان ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ هاتنە گوهورین

خەبات دهوک: دچارچوڤێ وان گوهورینێن کارگێری یێن بەردەوام دناڤ دام ودەزگەهێن میری دا دهێنە کرن ل 16/7/2019 ب ئاماژەبونا بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ و ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی و جەهودر علی قایقامێ قەزا دهوکێ ڕێ و ڕسمێن گوهۆرینا دوو ڕێڤەبەرێن فەرمانگەهێن خزمەتکاری ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ هاتنە گێران ، لبەراهیبێ ل نڤیسینگەها کوچ و کوچبەران ڕێ و ڕسمێن گوهورینا ڕێڤەبەرێ فەرمانگەهێ هاتنە ئەنجامدان و فەیسەل عەونی وەکو ڕێڤەبەرێ نوو یێ نڤیسینگەها کوچ و کوچبەران ل شوینا بەرێز نزار فەوزی ڕێڤەبەرێ بەرێ هاتە دانان . پاش ل ڕێڤەبەریا ئاڤدان وسکرا ڕێ ورسمێن گوهورینا ڕێڤەبەرێ فەرمانگەهێ هاتنە ئەنجامدان وئەندازیارێ شارستانی هێژا عەبدولواحید سالح ڕێڤەبەرێ نوو ب وەکالەت ل شونا ئەندازیار زیاد عەبدوڵا ڕێڤەبەرێ بەرێ هاتە دانان. دهەر دوو ڕێ و ڕسمان دا جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ بنافێ پارێزگەرێ دهوکێ و کارگێریا پارێزگەهێ پیروزباهیا هەردوو ڕێڤەبەرێن نوو کر وسەرکەفتن بو وان خواست و پشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ هەروەسا پەسنا ڕولێ هەردوو ڕێڤەبەرێن بەرێ کر کو شیاینە ل سالێن دەربازبوی خزمەتەکا بەرچاڤ پێشکێشبکەن. پاش جودا جودا پەیڤ هاتنە خاندن وپیروزباهی هاتنە ئاراستەکرن و سەرکەفتن بو هەردوو ڕێڤەبەرێن نوو خواستن و دەستخوشی ل ڕێڤەبەرێن بەرێ هاتنە کرن. ژلایێ خوڤە هەردوو ڕێڤەبەرێن نوو یێ نڤیسینگەها کوچ وکوچبەران و ڕێڤەبەرێ ئاف و سکرا سوزدان کو ئەو لجهێ وێ باوەرییێ بن یا پێ هاتیە ڕاسپاردن و ب وەفاداری خزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ بکەن.

چی لەبارەی چۆلەکەوە دەزانیت..؟


لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان بااڵوبوونەتەوە و زۆرترین ژمارەیان لە سروشتدا هەیە

ئا: مەهران حوسێن

چۆلەکە (العصفور) لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان بااڵوبوونەتەوەو بە یەکێک لەو باڵندانە هەژمار دەکرێت کە زۆرترین ژمارەیان لە سروشتدا هەیە، بەریتانیا بە نیشتیمانی ڕەسەنی چۆلەکە دادەندرێت و جگە لە کێشوەرەکەی باشوور لە هەر شەش کێشوەرەکەی دیکە دەژی و وەک زۆرینەی باڵندەکانی دیکە دانەوێڵە دەخوات و کرم و مێروولەش بە خواردنێکی نایابی چۆلەکە هەژمار دەکرێت، ناوە زانستییەکەی Pas-seridae، ماوەی 3-4ساڵ دەژی و بە 21 ڕۆژ هێلکەکانی هەڵدەهێنێت و ماوەی 12-15 ڕۆژ بێچووەکانی بەخێو دەکات و دوای ئەو ماوەیەش بێچووەکان توانای فڕینیان دەبێت. بەگشتی زۆرینەی چۆلەکە ڕەنگیان تێکەڵەیەکە لەنێوان ڕەش و خۆڵەمێشی دا، بەاڵم نێرینەی چۆلەکە بەشێکی زۆرتریان لە ڕەنگی ڕەش بەرکەوتووە و مێیینەکانیان خۆڵەمێشییەکەیان زیاترە. درێژی چۆلەکە 14- 18سانتیمەترە و کێشی 24- 40 گرام دەبێت و 3- 4 هێلکە دەکات، خێرایی فڕینی لە 46کیلۆمەترە لە یەک کاتژمێردا، بە مەرجێک کەشوهەوا لەبار بێت و باران نەبێت، چونکە بە باران پەڕەکانی تەڕ دەبن و خێرایی فڕینی کەمتر دەبێتەوەو کێشی زیاتر دەبێت.

چۆلەکە بە باڵندەیەکی کۆمەاڵیەتی دادەندرێت وەرزی کۆچکردنی نییە و کەمتر لە دارستانە چڕوپڕەکان دەژی، بەڵکو هەزی بە ئاوەدانی هەیە و هەمیشە دەیەوێت لە نزیک مرۆڤ و لە بنمیچی خانووی ماڵان هێلانە دابنێت، کاتێکی دیاریکراوی بۆ خوێندن نییە و لەگەڵ ڕووناکی و ڕۆژهەاڵتندا دەست بە جریواندن دەکات. لەگەڵ ئەوەیشدا کە چۆلەکە باڵندەیەکی ئاوی نییە، بەاڵم کاتێک مەترسی لەسەر ژیانی هەبێت توانای مەلەکردنی هەیە و خۆی لە ئاو دەرباز دەکات.







لە پەراوێزی سەردانەکەی رێزدار مەسرور بارزانی بۆ بەغدا

یەکەم هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا

خەبات: تریفە ئازاد

رۆژی سێشەممە 16ی تەمووز رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەری شاندێکی بالای حکوومەت بەسەردانێکی دیپلۆماسی بۆ خستنەرووی نیازپاکی کوردستان لە پەیوەندی و چارەسەرکردنی کێشەکان سەردانی بەغدایان کرد. لەم سەردانەدا پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان، بووجە و نەوت، کەرکووک، ئاوارەکان، لە دیدارەکاندا گفتوگۆیان لەسەرکرا، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا میکانزم و هەنگاوی کردەیی بنرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان. لەپەراوێزی ئەم سەردانە، ڕۆژنامەی خەبات ڕاوبۆچوونی شارەزانی بواری سیاسیەت وەرگرت.

دیدارە دیپلۆماسیەکان

گۆرانکاری جەوهەری دروست دەکات دکتۆرە مەیادە نەجار ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی سەردانەکەی ڕێزدار مەسرور بارزانی بۆ بەغدا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

بێگومان ئەگەر بەشێوەیەکی لۆژیکی تەماشای سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار (مەسرور بارزانی) بۆ بەغدا بکەین، هەڵوەستەو سەرنجێک لەبابەت ئەو زنجیرە دیداری لوتکەیەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار (مەسرور بارزانی) لەگەڵ تەواوی سەرۆکایەتیەکانی عێراق ئەنجامیداوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لەم کاتەدا ئەم سەردانە یەکێک دەبێت لەهەنگاوە ستراتیژیبیە دیپلۆماسیەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم ، چونکە هەر لەکاتی گەیشتنی سەرۆکی حکومەت بۆ بەغدا لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی عێراق کۆبۆوە، ڕوونترین بڵێن هەر سێ دووقوڵیەکانی نێوان حکوومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم زیاتر بردە پێبدەن. خاڵێکی تریش کەزۆر گرنگە لەم سەردانەدا چارەسەکردنی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان، چارەسەرکردنی خاڵەکانی بووجە و پەکلاکردنەوەی پرسەکانی پەیوەست بەنەوت، ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکان،پرسی ئاوارەکان بەشێوەیەکی گشتی یەکلا دەکرێتەوە، بەبڕوای زۆربەی چاودێران و هەنگاوەکانی هەردوولاش پێدەچێت لەدرێژەی دیدارە لوتکەکانی نێوان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار (مەسرور بارزانی) و هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی عێراقدا لەداهاتوویەکی نزیک هەنگاوی کردەیی بۆ چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکان بنرێت، بەتایبەتی ئێستا هەوڵەکان تەواو چڕبوونەتەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستووردا، هەروەها ئەوەشمان لەیاد نەچێت دەستەلاتدارانی بەغدا دەیانەوێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار (مەسرور بارزانی) لەڕووی دیپلۆماسی و سیاسیەوە پێگەیەکی گرنگی هەیە و دەستەلاتدارانی بەغداش زۆرباش ئەو ڕاستیە دەزانن کەتاکە ڕێگەچارە گەیشتنە بەرێکەوتن لەگەل هەرێمی کوردستان بەبڕوای من تەواوی پرسەکان لەدوای ئەم زنجیرە دیدارە لوتکەیە چارەسەر دەبێت.

گرینگیدان بە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان بەغدا

د.سانع شەریف شێروانی لە فاکەلتی یاساوپەیوەندیەنێودەوڵەتیەکانی زانکۆی سۆران لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسروور بارزانی وکاریگەری لە سەر چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێروبەغداو وە گرنگیەکەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان هەمیشە ئەزموونێکی تال و نەرێنی هەبووە لەگەل حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هەر لە 2003 تاکو حکومەتی ئێستای عێراق دەتوانین بڵێین لە سەردانەکەی بەرێز سەرۆکی کابینەی تازەی ڕێزدار مەسروور بارزانی ئاسۆێکی گەش بینرێت بۆ چارەسەرکردنی تەواوی کێشە کەڵەکەبووە دەستوریانەی کە ماوەیەکی درێژە لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەن بە تایبەت ماددەی 140و دەسەلاتی جێبەجێکارە دەتوانێت زۆر لە کێشەکان چارەسەربکات، جگەلەوەش کە خودی بەرێزیان پەیوەندیەکی مێژووی هەیە لەگەل سەرۆک بارزانی لە هەمان کاتداش کەسێکی هەستیارەو لە کێشەی کورد تێگەیشتووە، کە دەکرێت ئەمەش هۆکارێکی تر بەهێزبونی پەیوەندیەکانی کوردستان کە خوازیاری ئاشتی وچارەسەرکردنی کێشەکان نەبێت بەپێچەوانەوە پێشانی جێهانی دەرەوەی عێراقی دا کە هەرێمی کوردستان خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەکانە و ئەگەر هەر ئامادەنەبونێک هەبێت ئەمە لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە، بۆیە ئەمە بەغدا وهەولێر بێت. زیاتر لەمەش ئەگەر لە سەر ئاستی نێودەولەتیەوەش شیکردنەوەی بۆ بکەین دەتوانین بڵێین زیاتر لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و عێراق جێگەی پرسیارەخە لەلایەن کۆمەلگای نێودەولەتیەوە وەکو UN و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو هەروەها وڵاتانی ئەوروپا ، تەنانەت وڵاتانی کەنداو هەرێمی وەکو تورکیاو ئێران، بەتایبەتی لەلایەن UN دوای ئەوەی لە ڕاپۆرتی ئەم سالی خۆی کە هاوشێوەی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق ئاماژەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کردبوو وەکو لایەنی سەرەکی و بەگرنگیەوە باسی کردبوو، چونکە یەکەم ئەمە هیچ بیانوویەک ناهێڵێتەوە لەسەر هەرێمی کوردستان کە خوازیاری ئاشتی وچارەسەرکردنی کێشەکان نەبێت بەپێچەوانەوە پێشانی جێهانی دەرەوەی عێراقی دا کە هەرێمی کوردستان خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەکانە و ئەگەر هەر ئامادەنەبونێک هەبێت ئەمە لە ئەستۆی حکومەتی عێراقە، بۆیە ئەمە بە قازانجی داهاتووی چارەنوسی سیاسی هەرێمە. دووەم بۆ ئەوەی پێشانی کۆمەلگەی عەرەبی لە عێراق وتەنانەت وڵاتانی عەرەبی بدات کە هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگی عێراقە هاوشێوەی پێکهاتەی عەرەب لە حوکمرانیدا کە دەبێت مافە دەستوریەکانی زامن بکەن. بێگومان کاتێک گرنگی بەم سەردانە نەدرێت و ئەنجامی نەبێت، ئەوکات دەکرێت بڵێن دەستپێشخەرییێکی چارەنووسازە و مافی هەرێمی کوردستانە بربار لەسەر ئەلتەرناتیڤێکی ترب دات بۆ داهاتووی خۆی.



د.سانع شەریف شێروانی



دکتۆرە مەیادە نەجار



سەرۆکایەتی پێشوازیەکی گەرمیان لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار (مەسرور بارزانی) کرد، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەستەلاتدارانی بەغدا دەیانەوێت لەم کاتەدا هەنگاوەکانی بەهێزکردنی پەیوەندییەکان زیاتر بەهێزبکەن، پەیوەندییە لەنزیکترین کاتدا بگەنە ڕێکەوتنێکی سەرتاسەری و هاوبەش وعادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەیەوێت زۆربەی پرسەکان بەرێگەی گفتگۆ لەچوارچێوەی دەستووردا چارەسەربکات.

خاڵێکی گرنگ هەیە کەسایەتی سەرۆکی

سیاسەت لەنێوان دیپلۆماسیەت و دیپلۆماسیەتی ڕۆشنبیری



د. سامان سۆرانی

سەرجەم قوتابخانە ریالیستەکان بە ڕیالیستی کلاسیک "Classical Realism" و ڕیالیستی نوێ "Neo-Realism"و ڕیالیستی هێرشبەرەوە "Offensive Realism" بنەمایەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەوەش بریتیە لە باوەڕ هەبوونیان بەوەی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی، کە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان چوارچێوە دەکات، سیستەمێکی پاشاگەردانیە و لەسەر بنەمای ململانێ پێکهاتووە.



دەوڵەتەکان لە ژێر سایەی ئەم سیستەمە نێودەوڵەتیە هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکیەکانیان دەدەن، کە بریتین لە مانەوە و کارکردنیان لە پێناو بەرژەوەندی لەسەر حیسابی دەوڵەتانی تر.

بەو شێوەیە ئەگەری بەرپابوونی جەنگ هەر بوونی دەبێت، لە بەرامبەردا ئاشتی وەکو حاڵەتێکی کاتی دەمێنێتە، چونکە ڕێکنەکەوتن و دژیەری بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی نێوان دەوڵەتان ململانێی نێودەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە.

دیارە هێزیش ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دیاریکردنی ڕێڕەو و دەرئەنجامە کۆتاییەکان.

سروشتی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی دەوڵەتە بچووکەکان ناچار دەکات، بخزێنە ناو هاوپەیمانێتی سیاسیەوە لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکان. بڕیاری سیاسی ئەو دەوڵەتە زلهێزانە کاریگەری دەبێت لەسەر ناوچە جیاجیاکانی جیهان، لە کاتێکدا بڕیارەکانی دەرەوەی دەوڵەتە بچووکەکان تەنها کاریگەری لە سەر ئەو دەوڵەتانە دەبێت، کە لە ڕووی جوگرافیەوە هاوسنوورن.

لە لایەکی ترەوە پرۆسەی دەرکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە چوار ڕەگەزی سەرەکی: دەستنیشان کردنی گرفت و بڕیاردان لەسەری، گەڕان بەدوای جێگرەوەدا، هەڵبژاردنی جێگرەوەی گونجاو، پاشان جێ بەجێکردنی ئەو جێگرەوە یان ئەو بژاردەیە.

دەوترێت، ئەو وڵاتەی خاوەندی میژوویەکی سیاسی نەبوو، پێویستە ئەزموون لە وڵاتە بەتەمەنەکان وەرگرێت. لە سیاسەتدا دوژمنی هەمیشە و دۆستی هەمیشە بوونی نیە و ئەگەر مەبەستمان بێت سیاسەتمەدارێکی سەرنەکەوتوو دروست بکەین، ئەوا لێ دەگەڕێین لەناو دەوڵەتێک هەناسە هەڵمژێت، کە خاوەندی سیاسەت نەبێت.

لەم سەردەمەدا دیپلۆماسیەت لە چوارچێوەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان زیاتر بووە بە ئامرازێکی سەرەکی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە و ڕۆڵێکی تایبەت و گرینگ دەگێڕێت لە دروستکرنی کاریگەری لەسەر دەوڵەتەکان و کۆمەڵگاکانی دەرەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری و گەیشن بە ڕێگاچارە بۆ سەرجەم ئەو کێشانەی، کە جێگای بایەخی دەوڵەتانن.

پێمان وایە لە سەدەی بیست و یەکەمدا دیپلۆماسیەت ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە گونجاندنی بەرژەوەندیە دژ بە یەک و بۆچوونە جیاوازەکان و ئاسانکاری دەکات لە دۆزینەوەی چارەسەر و یەکلاکردنەوەی کێشە و بڵاوکردنەوەی تەبایی و لێکتێگەیشتن لە نێوان دەوڵەتەکان.

دەوڵەتان دەتوانن لە ڕێگەی دیپلۆماسیەت پێگەیان بەهێز و هەژموونیان فراوانتر بکەن، بە تایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەوڵەتانی نەیار و لە کاتی پشتگیری کردن لە ئاشتی و خۆ دوورخستنەوە لە جەنگ.

ئەگەر دیپلۆماسیەت بوونی نەبوو، ئەوا پێویستە دابهێنرێت، چونکە مەودا چالاکی و کارایی دیپلۆماسیەت پێوەرێکی گرینگە بۆ پێوانی هێزی دەوڵەت. دەوڵەت ناتوانێت لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی تایبەت بگێڕێت، ئەگەر پشت بە دیپلۆماسیەتی زیرەک نەبەستێت.

ئەگەر باس لە دیپلۆماسیەتی ڕۆشنبیری بکەین، ئەوا دەبینین ئەم دیپلۆماسیەتە کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە کەسانێکی خاوەند توانایە لە ڕووی ڕۆشنبیری و دانایی. کەسانێک کە میژوو و شارستانیەت و نەریت و هێڵە گشتیەکانی ئەو وڵاتانە بخوێننەوە، کە پەیوەندی لەگەڵدا دادەمەزرێنن. ئەم جۆرە دیپلۆماسیەتە نابێت تەنها پشت بە ئاستی ڕۆشنبیری تاک ببەستێت، بەڵکو پێویستی بە بەرنامە و پلانی کاری پێشکەوتوو و هەوڵی هەمەلایەنە هەیە.

تەنها بە کاری میکانیکی و پرۆتۆکۆلی دیپلۆماتکار لە سەر ئاستی سیاسی ناگات بە ئەنجام، بەڵکو پێویستە لەسەری بە پشوو درێژی بەردەوام کاری ڕاهێنان و فێربوون ئەنجام بدات.

باشترین دیپلۆماتکارەکان ئەو کەسانەن، کە دەزانن، کە دەبێت بێ دەنگ بن و کەی پێویستە لەسەریان ئاخافتن ئەنجام بدەن. دیبلۆماتکار نابێت هەموو شت بدرکێنێت و لەکاتی دانوستان سەرجەم کارتەکانی بەردەستی ڕوو بکات. دەستپاکی و هاوسەنگی و ڕاگرتنی ناوبانگی باش و بەدەستهێنانی متمانەی بەرامبەر هۆکاری سەرکەوتنی دیپلۆماتکارە لە کاتی دانوستان.

لێهاتوویی لە ڕووی دیپلۆماسیەوە ئەو توانایەیە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕاوەکان، دانسقەیی و ویستی زانست و خۆش ڕەفتاری و دلێری و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ هەر کەسێک، هەندێ تایبەتمەندی سەرەکین، کە پێویستە لە کەسی دیبلۆماتکار بوونیان هەبێت.

دەوڵەت چەند خاوەندی تاقمێکی دیپلۆماسی تێگەیشتوو و دونیا دیدە بێت، ئەوەندە توانای پێچ و پەنا و دروستکردنی دەرفەت و داهێنانی بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی دۆستی دەبێت و لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی لە زیان و ڕووبەڕووبوونەوە بپارێزێت و وزەی خۆی بە فیڕۆ نەدات. بەو شێوەیە دەتوانێت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە پێی دیدی خۆی ڕۆڵ بگێڕێت، نەوەک بە خواستی بڕیاری دەرەکی و سەپێنراو. بەو شێوەیە دەکرێت ڕووخساری دەوڵەت لە دەرەوە باشتر نمایش بکرێت و خواست و پێشنیارەکانی گەل بەرجەستە بن لە پێناو پەرەپێدان و گەشەکردنی دەوڵەت.

گەلی کوردستان لە تەواوی میژووی خەباتی پڕ سەروەری بۆ پاراستنی مانەوەی و بەردەوامبوونی لە ژیان پەیوەندی جیاجیای لەگەڵ هێزەکانی دەوروبەری دروووست کردووە.

ئەم کارلێککردنە و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو پەیوەندیانە هۆکار بوون بۆ دروستبوونی دیپلۆماسیەتێکی تایبەت بە گەلی کوردستان.

دیارە ڕۆشنبیری ئامرازێک نیە، لە ڕێگەیەوە سیاسەتمەدار بتوانێت هەژموونی خۆی بنوێنێت. ڕۆشنبیری کاریگەرێتی سیاسەتمدار دروووست دەکات و فرەیی و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگاکەی دەخاتە ڕوو، ئەو کۆمەڵگایەی سیاسەتمەدار لەناویدا سەرچاوەی گرتووە.

دەکرێت سیاسەتمەدار لە ڕێگەی ڕۆشنبیریەوە وتارەکانی خۆی بڕازێنێت و بە سیوەیەکی جوان پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەو لایەنانە دامەزرێنێت، کە ئاخافتیان لەگەڵ ئەنجام دەدات.

ڕۆشنگەرایی ئەرکێکی ئاسان نیە، تا لە ڕێگەی پرۆژەکانی حکومەت و بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێکی فەلسەفی یان بە گێڕانی ژمارەیەک سمینار و گفتوگۆی هەزری نێوان نوخبەکان ڕاپەڕێنرێت.

ڕۆشنگەرایی بابەتێکی کەڵەکەبوو و نەشوفایەکی دوور و درێژ و پڕ پشووە، شێوازێکە لە گفتوگۆی ئازادانە، دوور لە عەقڵی دەق پێوەگرتوو. پێویستە ئامێری بەرزکردنەوەی دەوڵەتێکی مەدەنی و مۆدێرن بێت، بەهەموو جومگە حکومی و دامەزراوە ئەهلیەکانیەوە.

بۆ ئەوەی ڕۆشنگەرایی کاریگەری هەبێت، پێویستە لە نوخبەیی خۆی دەربچێت و لە ناو هزری مرۆڤە سادەکانی شەقام و لە ناو ماڵ و لە لای خوێندکاران و لە ناو خانەوادەکان ئامادەیی هەبێت.

کۆمەڵگای کوردستان لە ئێستادا لە ژێر کاریگەری گەورەی ئامرازە میدیاییەکانە، بە تایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە بوون بە میکانیزمی دروستکردنی ڕای گشتی و عەقڵی کۆ.

بۆیە پێویستە ڕۆشنگەرایی لەو جۆرە سەکۆیانە بوونی هەبێت، تاوەکو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگات بە وەرگر. هەرچەند بەشێکی زۆری میدیاکان زیاتر سەرقاڵی بابەتی خۆشی و ئاسوودەیی و زنجیرە دراماکانن، کەمتر گرینگی بە بابەتی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و بابەتی تری ئالۆز دەدەن.

خاوەند میدیاکان پێیان وایە ئەگەر گرینگی بەو لایەنانە بدرێت، جەماوەر لێیان تەریک دەبێت. ئەوان بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوودی دارایی و پرکردنەوەی تێچووی بەڕێوەبردنی پەخشتەکانیان ڕێکلامی بۆ ناوەڕۆک بە گرینگتر دەبینن.

هاوڵاتی پێی وایە سیاسەت هێڵی سووڕە، ئەو بۆی نیە ببیەزێنێت، بەڵام کەسانی تر لە سەر کورسیەوە دادەڕێژین. هاوڵاتی دەڵێت، ئەگەر لەناو دەریای سیاسەت مەلەت کرد، پێویستە بەردەوام کەمەربەندی فریاکەوتنت پێ بێت، چونکە ئەگەر مەلەوانێکی لێهاتووش بیت، ئەوا دڵنیا بە هەر دەخنکێیت. لە کۆتاییدا: "ئەگەر سیاسەت قسەی کرد، گەڵ بێ دەنگ دەبێت".



بەشێنەیی
کاروان محەمەد سینۆ

کێشەی کەرکووک لە مزایەدە گەورەترە

دەبێ (برادەران) ئەوە بزانن کە کێشەی کەرکووک کێشەیەکی میژووی و جیۆسیاسی کۆن و فرە ڕەهەندە، گەورەترە لەوەی کە مزایەدەی سیاسی و (سیاسەتی مەچەک بادان)ی پێ بکرێ، هەروەک لە چەند مانگی ڕابردوودا لە سەروبەندی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی نۆیەم، مزایەدەی پێ کرا، لەگەڵ ئەوەشدا لەپێناوی یەکریزی و یەکدەنگی نامەڵی کورد، (دیسان) پارتی دیموکراتی کوردستان سیاسەت و ڕامانی تایبەتی خۆی پاش 16ی ئۆکتۆبەر بەرامبەر دۆخی کەرکووک کردە قوربانی بەرژەوەندی گشتی.

دەبێ (برادەران) ئەوە بزانن کە نزیکەی سەدەیەکە هەموو خەبات و شۆڕشەکانی بنەماڵەی بارزانی و بەتایبەت خودی جەنابی مەلامستەفا بارزانی لەپێناوی جۆگرافیای کوردستان و مافی نەتەوەی کورد و مافەکانی تەواوی خەڵکی کوردستان بووە بە هەموو چین و تۆێژ و نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانییەوە. بێگومان قوربانیدانی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی ڕیفراندۆم گەواهی ئەم ڕاستییەن و نکوڵی لێ ناکرێ.

ئێستاش (پاش 16ی ئۆکتۆبەری2017) بارودۆخێکی نائاسایی بەسەر کەرکووکدا سەپێنراوە کە زۆر و گەورەترە لەوەی (برادەران) دەیبینن و مەزندەی دەکەن، کێشەی ئێستای کەرکووک گەورەترە لە کێشەی (پۆستی پارێزگاری کەرکووک)، کێشەی کەرکووک کێشەیەکی میژوویی و جیۆسیاسی فرەڕەهەندە. کێشەی کەرکووک تەنها گرفت و ململانێی سیاسی نێوان دوولایەنی حزبی نییە، بۆیە دەبێ چارەسەری دۆخەکە لە ئاستی کێشەکەبێت و پێویستە کێشەکە لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەند عێراق لە چوارچێوەی دەستووری فیدراڵی چارەسەر بکرێ.

ئێستاش کەشێکی ئیجابی لە پەیوەندی و دانوستان و لێکتێگەیشتن لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەیاوەری شاندێکی بااڵی حکوومەتی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و نیازپاکی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان بۆ حکوومەتی ناوەند خستەڕوو و میکانزمی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان تاوتوێکراوە. بەمشێوەیە ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی عێراق بەدی دەکرێ. شایانی باسە ئەم پەیوەندی و لێکتێگەیشتنەی کە ئێستا لە نێوان هەولێر و بەغدا لە ئارادایە زاییدەی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، بەڵکو پاش هەڵبژاردنی عادل عەبدولمەهدی بە سەرۆک وەزیرانی عێراق، ناوبرا نیازپاکی خۆی بۆ سەرۆک مەسعود بارزانی خستەڕوو بە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە کێشەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشەوە. بۆیە دووبارە بەشێنەیی دەڵێم.. لەم کەشە ئیجابییەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، دەرفەتێکی یاسایی دەستووری لەسەر ئاستی دەوڵەتی ناوەندی عێراق و هەرێمی کوردستان هاتۆتە پێش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بێ ئەوەی مساوەمە لەسەر کوردستانییوونی ناسنامەی کەرکووک بکرێ، بۆیە دەبێ کێشەکە لەسەر ئاستی هەولێر و بەغدا چارەسەر بکرێ نەک ڕێککەوتنی نێوان دوولایەنی حزبی، بەم شێوەیە شاری کەرکووک دەبێتە دڵی کوردستان، ئەو دڵەی کە ژیان بە هەموو چین و تۆێژ و نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانی شاری کەرکووک دەبەخشێ بۆ ئەوەی هەموو بەیەکەوە بتوانن لەگەڵ یەکتر بە ئاشتی و برایەتی و تەبایی لە کەرکووکدا بژین.

ئازادی جوانترین ناسنامەی تاکەکانی کۆمەڵگایە



ئەحمەد کامەران*

ئازادی وشەیەکە لەڕووی ڕێزمانەوە پێک دێت لە شەش پیت بەڵام بە کۆکردنەوەی ئەم پیتانە دەبێتە جوانترین ناسنامە بۆ تاکەکانی نێو کۆمەڵگادا، بەبێ جیاوازی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی.

دەبێت هەموو تاکێک ئازادی بۆ خۆی دەستەبەری بکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەتوخواز دروووست بێت، هەروەها لەپاڵ دەستەبەرکردنی ئازادی پێویستە کەلتوورێک دروست بکەین کە ڕێز لە ئازادی و بیرو بۆ چوونەکانی یەکتری بگرین و هەوڵی شکانەوەی یەکتری نەدەین لە بەرامبەربە ئازادی و بیروبۆچوونە جیاوازەکانمان، بەداخەوە ئەمڕۆ کەلتوری شکاندنەوەی یەکتری لەنێو کۆمەڵگای کوردی بۆتە بە پیشەیەک لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا کە ئەمەش دڵشکان و لێکترازانی لێ دەکەوێتەوە.

هەروەها سنوورەکانی ئازادی بۆ مرۆڤ (تاک) زۆر فراوانە، بەڵام ڕەها نییە. سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە سنوورەکانی ئازادی فراوان بێت، لەگەڵ ئەوش نابێت تاکەکانی کۆمەڵگا ئەو سنورە فراوانە ببەزێنن بەو ئەندازەیی ببنە ئەگەری دەست درێژی کردن بۆ بەسەر ئازادییەکانی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا، بۆیە پێویستە تاکەکانی کۆمەڵگا خۆیان ببنە چاودێر لەسەر ڕەفتارەکانی خۆیان و خۆیان مەلکەچی یاسا و داب و نەریت و سنوورەکانی کۆمەڵگابن، جا ئەو تاکە هەرکەس و لەهەر پلەو پۆستێکدا بێت.

ئازادی چەمکێکی بەرفراوانە و چەندی لایەنی لەخۆگرتووە لەوانە ئازادی بیروڕا و ئازادی کارکردن و ئازادی ژیان و ئازادی ئایین و .... هتد.

لە بەشێکی جیهاندا ئازادی لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکات لە بەرامبەر هەر هەنگاوێکی هەڵە کە مرۆڤ دەینێت لەژیانی دا. بۆیە ئێمە بۆمان نییە لێپێچینەوە لەگەڵ یەکتری دا بکەین بەرامبەر بە هەڵبژاردنی هەر جۆرە ئاینێک و ڕێبازێکی دیاری کراودا بە پێچەوانەوە دەبێت ڕێز لە ئایین و ڕێبازی یەکتری بگرین کە ئەمەش دەبێتە بەشێک لە ڕەوشتە بەرزەکانی مرۆڤی ئازادیخواز. کاتێک مرۆڤ بە ئازادی دەژیت و ئازادانە ئایین بۆتە خاڵی ناکۆکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، ڕۆژانە لەجیهاندا لەسەر ئاینە جیاوەزەکان مرۆڤەکان تێدا دەبنە قوربانی. هەروەها لەنێو کۆمەڵگای کوردی و عێراقیدا ئەم جۆرە هێرشکردنە لەلایەن بەشێکی تاکەکان کۆمەڵگا دەبینین کە هێرش و تانە و توانج دەکەنە سەر بیروڕای ئاینی کەسانی دیکە ئەوجا چ بە قسەی ناشرین بێت یاخود بەهێرشکردن کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێک چوونی ئاراستەی هێمنی و ئارامی و بەیەکەوە ژیان لە کۆمەڵگادا. خوای گەورە مرۆڤەکانی بەئازادی دروووست کردوە کە چ ئایینێک بۆخۆیان و چۆنیش دەژین و هەرخۆیش سزاو بیردەکاتەوە، هەرگیز هیچ جۆرە ستەمێک قبول ناکات و دەبێتە مرۆڤێکی بەخشندە و میهرەبان.

* قوتابی کۆلێژی ئەدەبیات

وون بوون

ناسنامە قوتابی کۆلێژی ئەندازیاری/ زانکۆی صلاح الدین بەشی کارەبا بەناوی کاوە محمد عظیم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی مۆلەتی لێخورینی ئۆتۆمبێل جۆری گشتی بەناوی هاوڵاتی محمد سلیم حاجی عمر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩٩٤٠٣٥ رێکەوتی ٢٠١٨/١٠/١ بەبری ٣٠٠٠٠٠ هەزار دینار بەناوی یوسف یعقوب فتاح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠١٤٩٩٢٣ رێکەوتی ٢٠١٧/٥/٨ بەبری ٥٠٠٠٠٠ هەزار دینار بەناوی محسن طە حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ون بوون

پێناسێکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان،لقی کەرکوك ، ژمارە (٤٨٢٩) بەناوی (ابراهیم محمود صالح) وون بووە ،هەرکەس دەیدۆزیتەوە بیهینی بۆنوسینگەی رۆژنامەی خەبات لە گەرمیان .

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد / ١٣٣٤/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ١٣٣٤/ت.د/ ٢٠١٩

المتضمن بيع العقار المرقم ٢ مقاطعة ١٣٥ بساتين خركا قابكى المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ١٣٣٤/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاكرى /خركا وقابكى المساحة ٥٢٦ م٢ الجنس مملوكة للدولة /بساتين زراعية القيمة المقدرة (٤٠٠٠٠٠٠٠) اربعون مليون دينار عيراقي

المنفذ العدل / ناطق نافع صديق

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٤٩٩ /ش/ ٢٠١٩

رێکەوتی / ١٦ / ٧ / ٢٠١٩

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : میعاد حسین علی جان

ل دیف داخوازا داواکار(ساندی ابراهیم محمد امین) وکیشا ژمارە (٤٩٩ /ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون ژتە دکت ، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەرپرسیار (سیالکا) یا ژمارە (٢١٤٧) ل (٢٠١٩/٧/٨) و نڤیسارا هەلبژارێ تاخا (سپیریز /٢) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارێا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٨ /٧/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهێ تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ١

ژمارە / ٢٤٥٤/ ب / ٢٠١٧

بەروار / ١٥ / ٧ / ٢٠١٩

ئاگاداری

پشت بەستن بە بڕیارێك کەلەم دادگایە دەرچووە لەبەرواری ٣١ / ١ / ٢٠١٨ سەبارەت بە نەهێشتنی هاوبەشەکان لەسەر مولکی ئاماژە بۆکراو لە خوارەوە هاتووە بە فرۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەش کردن نەبوو لە نێوان هاوبەشەکانی لەبەر ئەوە ئەم مولکە دانرا لە زیادکردنێکی ئاشکرا بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەیەکی رەسمی دا وەلەبەر ئەوەی هەرکەسێك ئارەزووی کرینی هەیە لە هاوبەشەکانی یان هەرکەسێکی تر بێجگە لە هاوبەشەکانی سەردانی ئەم دادگایە بکات بەمەرجێك ١٠٪ ی بارمتە بهێنێ لە نرخی خەمڵێنراو ئەگەر هاوبەش نەبوو بەلام ئەگەر لە هاوبەشەکانی بوو لێی ئەبورێت بەپێی ئەو بەشەی کە هەیەتی لە مولکەکە لەکاتی تەواوبونی ماوەی یاساییدا لە کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ دواهەمین رۆژی زیادکردنەکە دەست پێ دەکات و رەوانەی بنبریش بۆ ئارەزوومەندی کۆتایی بە پەیانەکەیەوە ئاشکرا دەکرێت ئەگەر رۆژی زیادکردنەکە بەر پشوی رەسمی کەوت ئەوا ئەو رۆژەی کە دێت بە رۆژی زیادکردن دادەنرێت رەسمی تۆمارکردن و بانگەوازیش لەسەر کریارە ....

* شوێنی زیادکردنەکە / دادگای بەرایی سلێمانی ....

* ژمارەی مولك و وەصف و جۆر و نرخەکەی :-

مولکی ژمارە ٥٤٤ / ١١٠ کەرتی ٣٥ کانی سپیکە .

ڕووبەرەکەی (٢٠٠م) ٥ پێك هاتووە لە خانوویەکی نیشتەجێ یەك ژووری ژێر زەمین هەیە نهۆمی سەر زەویش بریتی یە لە مطبخ و هۆڵ و یەك ژووری نوستن و هۆڵی داخلی و مشتملات ، نهۆمی سەرووتری دوو ژوور و مشتملات هەیە لەسەر شێوازی رۆژئاوایی یە پلەی دروستکردنی کۆنە، ڕووە و باکوری رۆژئاوایە بەردەمی کۆڵانی ١٠ مەتری یە، ژمارەی خانوو ١٤ کۆڵان ٥٤ گەرەك ٣٠ زۆن ١ / داوا لەسەر کراو کە وەرەسەیە بەناوی (سعادة عبدالله محمد) ی تێدایە دەڵێت خۆم بە نیازم هەڵبگرمەوە ئەگەر توانیم ئەگەرنا وەك کرێچی تیادەمێنمەوە کەوتۆتە پشتی قوتابخانەی ٩ ی حزیران.

نرخی خەمڵێنراو/ (٩٦٥٠٠٠٠٠) نەوەد و شەش ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار.

خانوی ژمارە ٢٦٥٠/ ٦٢ کەرتی ٣٥ کانی سپیکە ڕووبەرەکەی (١٣٣,٦٦) م ڕوکنە ڕووە و ڕۆژئاوا و باشوری رۆژئاوایە بریتی یە لە خانوویەکی نیشتەجێ پێك هاتووە لە گەراجی مسقف و نهۆمی و نهۆمی سەر زەوی لەیەك ژووری نوستن و میوان و مدخل و هۆڵ و مشتملات لەگەڵ هەورەبان لەسەر شێوازی رۆژئاواییە پلەی دروستکردنی کۆنە بەردەمی شەقامی ١٠ مەتری یە ژمارەی خانوو ١٢ کۆڵانی ٦٠ گەڕکی کوێستان ١٥٠ زۆن ١ کرێچی تێدایە یەکێك لەوەرەسەکان بە نیازە خۆی هەڵبگرێتەوە ئەگەر توانی، کەوتۆتە گەڕەکی کانی کوردە دوو فەرع خوار قوتابخانەی کوێستان.

نرخی خەمڵێنراو / (٧٢٢١٤٠٠٠) حەفتا و دوو ملیۆن و دوو سەد و چوارەدە هەزار دینار.

تێ بینی / دەبێت بارمتەکە بە چەکی مصدق یان کەفالەتی مصرفی بێت لە بانکی ئەزمەر وە پێناسەی باری شارستانی خۆی پێ بێت.

دادوەری یەکەم/ اسماعیل عمر أحمد

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ٢

ژمارە : ١٠٥٦ / ب / ٢٠١٩

بەروار : ٢٤ / ٦ / ٢٠١٩

ئاگاداری

داواکار : ب / کۆمپانیای mind pixle سەرەرای کارەکەی

داوالەسەرکراو : ب / کۆمپانیای ئورنج سکای / سەرەرای کارەکەی

بۆ داوالەسەرکراو : ب / کۆمپانیای ئورنج سکای

داواکار بەناوی (ب / کۆمپانیای mind pixle سەرەرای کارەکەی) لەم دادگایە داوایەکی لەسەر تۆمارکردوون بە ژمارە (١٠٥٦ / ب / ٢٠١٩) تایبەت بە (قەرز بە بری (١٤٠٠٠) چوارەدە هەزار دولاری ئەمریکی کە کریی بۆشایی ئاسمانە) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی (رسمی) بەمەبەستی ئامادەبوونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (٢٢/ ٧ / ٢٠١٩) سەعات (١٠:١٠) یان ناردنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبن بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .

دادوەر / کمال رضا احمد

***

سەروکاتیا باژێڕڤانیا زاخو

مولکایەتی و زەفی و زار

ژمارە: ٣٣٠٢/ ٣٠١/٢/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٦

ئاگەهداری

لدویف نڤیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێڕڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٢١٠٦ ل ٢٠١٩/٣/٧) و ئاماژە ب نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ یا ژمارە (٦١٣ ل ٢٠١٩/٢/٢٦) سەبارەت راستڤەکرنا بلوکێ نیشتەجێیونێ کو دکەڤیتە دناڤ نەخشێ رووبکری یێ ژمارە (١٠٦) ژبو راستڤەکرنا پارچە زەڤیا ژمارە (٢٦٥٤/٤) کەرتێ ١١ اشکفت مارا) ئەوا رەگەزێ وێ نیشتەجێ و گشت رووبەرێ وێ لدویڤ وێنێ تۆماری ٢٤٦,٩١م٢ و پشی راستکرنێ رووبەرێ وێ دبیتە (٢٨١,٠٣م٢) و ژبەر کو نەخشێ راستکرنێ و جوداکرنێ لدویڤ نەخشێن روهنکری یێن پەسندکری دهێتە ئامادەکرن، لدویڤ یاسایا رێڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهدارێا هەمی هاوەلاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٣٠) سیە روژا هەر ژ روژا بەلاڤکرنا ئاگەهدارییێ ل روژنامێ دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ.

ئەندازیار

بشار منیب محمود

سەرۆکێ باژێڕڤانیا زاخو

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣

ژمارە:١٢٢٣/ش/٢٠١٩/٣

رێکەوت:٢٠١٩/٧/١٧

جاردان

بۆ داوالێکراو (هاوژین خالد عزیز) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (١٢٢٣/ش/٢٠١٩/٣) دادگا بریاری دا لەسەر (دیتنی منداڵ (داریان) لەم دادگایە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/١٠ لەنێوان داواکار (احمد اسماعیل عبدالله) وە داوالێکراو (هاوژین خالد عزیز) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی رزگاری بۆیە دادگا بریاری بە پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ٩٣١ /ش/٢٠١٩

رێکەفت/ ١٦ /٧/٢٠١٩

راگەهاندن

بو/داوالێکراو (سلوی جمیل محمد) ل دیف داخازیا داواکار (اسماعیل نائف محمود) وکیشا ژمارا وێ لسەری دیار کری تێدا داخازیا (تصدیق طلاق خارجی) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەرپرسیار ژبو مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) ڕۆژ لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگای ماده‌کان/ دهوك

ژمارە/ ٣٦ /م/٢٠١٩

رێکەفت/ ١٥ /٢٠١٩/٧

راگەهاندن

بو/داوالێکراو (نهاد زیاد خیرو) ل دیف داخازیا داخازکەر (شکری کامیران عیدو) وکێشا ژمارا وێ لسەری دیار تێدا داخازا (تصدیق طلاق خارجی) وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەربژارێ دهوك تاخێ مهت ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل دادگەهی ل روژا ٢٠١٩/٧/٣٠ یان بریکارەکێ ژ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگاتە تە پاشملی هێتە کرن

القاضی / شکر سلطان عدو

***

فەرمانگەی دادنوسی (یەکەمی هە و لێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٧/١٦

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای عبدالکریم محمد مام نوح ب.ر.ك/ عبدالکریم محمد مام نوح) لە بەرواری ٢٠١٩/٧/١٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (رێگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا، واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانوسی ژمارە (٣٣)ی سالی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنوسی یەکەم / مریوان قەرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- رۆڵەی لەف کردنی پلێت بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٢- گواستنەوەی تۆپی پلێت بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥,٥.

٣- رۆڵەی راکێشانی پلێت بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥ بۆردی کارەبایی

٤- لەحیمی ئارگۆن بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٦٠.

٥- کۆمپرێسەری هەوایی ژمارە/ ٤٦٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٢. سێ پارچەیی

٦- چلەری سارەکردنی ئاو بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.

٧- مۆلیدەی کارەبایی ژمارە/ ٢٥١٨٢٢٠٩ دروستکراوی هیندی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٧٥٠ تانکی گاز.

٨- چوار کرێنی سەقفی بێ ژمارەن دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢٠*K.W٤ ١٠٤ طن.

٩- رۆڵەی زکزاك و لول کردنی پلێت بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٦٠.

١٠- راکێشان و قەوس کردن و نەقش کردن و لەحیم کردن و ساردکردن و برین بەقیاس و بەسێت کردن بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤٠٠ هێلی تەواو بۆردی کارەبایی ٢ عدد.

١١- عارەبانەی گواستنەوەی بەرهەمەکان بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

***

دادگەها تاوانێن دهوکێ/١

ژمارە: ٣٥٣/ج/٢٠١٩

رێکەفتی: ٢٠١٩/٧/١٦

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتبارێ رەڤی/ عبدالوهاب نزیر خلیل

دەمێ تو یێ تومەتبار ب کێشا ژمارە ٣٥٣/ج/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن خبات ب هژمار ٢٠١٩/٣٧٧ ل سەر مادەی (٤٣٠ یاسا سزا) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/٩/١٩ بو دادگەهکرنا تە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملل ل دویف یاسایێ.

دادوەر/ د. عبدالرحمن سلیمان زیباری

سەرۆکێ دادگەها تاوانا دهوك/١

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٣٢٨٥/ب/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٦

جاردان

بۆ داوالێکراو/ (قاسم نصیف جاسم)

داواکار (قاسم محمد حسن ابو الکص)

داوای ژمارە ٣٢٨٥/ب/٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان و تایبەت داوا دەکات بە سرینەوەی هێمای بازرگانی (قاسم ابو الك ص الاعظیمة) لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی هیمای بازرگانی هەرێمی کوردستان چونکە لە هێمای بازرگانی (قاسم ابو الگص) دەچێت، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی کۆماری) لە ٢٠١٩/٥/١٥ بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بە ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/٩/٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ سرکوت طه رسول

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٣٢٨٦/ب/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٦

جاردان

بۆ داوالێکراو/ (قاسم نصیف جاسم)

داواکار (قاسم محمد حسن ابو الگص)

داوای ژمارە ٣٢٨٦/ب/٢٠١٨ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان و تایبەت داوا دەکات بە سرینەوەی هێمای بازرگانی (گص قاسم الاعظیمة) لە بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی هیمای بازرگانی هەرێمی کوردستان چونکە لە هێمای بازرگانی (قاسم ابو الگص) دەچێت، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی کۆماری) لە ٢٠١٩/٥/١٥ بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بە ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/٩/٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ سرکوت طه رسول

***

بۆ بەرێزان/ کۆمپانیای Kamra و کۆمپانیای BERF

بابەت/ پێراگەیاندن بۆ مەبەستی کرینی پشکی زیادکراو

دوابەدوای ئەو بریارەی لە کۆبوونەوەی کۆمپانیاکەمان لە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٠ پەسندکرا وە بە پالپشت بەمادەی ٥٦ بەندی سێیەم ئاگاداری بەرێزتان دەکەینەوە کە کۆمپانیاکەمان نیازی زیادکردنی سەر مایەی کۆمپانیای هەیە لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دیناری عیراقیەوە بۆ (١,٢٠٠,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیار و دوو سەدو ملیۆن دیناری عیراقی وە دەرچواندنی (١,١٩٩,٠٠٠,٠٠٠) لە پشکی کۆمپانیا (اصدار اسهم للشرکة) کە نرخی هەر پشکێك بەرامبەر (١) یەك دینار دانراوە کە سەرجەمی پارەکە دەکاتە (١,١٩٩,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیار و سەدو نەوەت و نۆ ملیۆن دیناری عیراقی ئەوەی نیازی کرینی هەیە ئاگادارمان بکاتەوە بۆ ئەوەی رێژەی پشکی پشکداران وەك خۆی بمێنێتەوە بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی گۆرینی رێژەی پشکی پشکدارەکان بەپێی مادەی ٥٦ برگەی دووەم لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو.

وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوون بۆیە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ سەردانمان بکەن لە بارەگای سەرەکی کۆمپانیا بەپێچەوانەوە پشکدارەکانی تر مافی کرینی سەرجەم پشکەکانیان هەیە.

بەرێوەبەری کۆمپانیا ایشکلر

حسین اوکا

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ٥٢١٢

رێکەوت / ٢٠١٩/٧/١٦

بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (جێژنیکان) بۆ بەلێندەرایەتی گواستنەوە/ سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێ ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمووارکراو

ئاراس رووف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامەی هەرێمی کوردستان

بەرێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر

بەشی یاسایی

ژمارە: ٧٩٥٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٦

زیادکردنی ئاشکرا

بەرێوەبەرایەتی پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر لە رۆژی یەك شەممە رێکەوتی ٢٠١٩/٨/١٨ هەڵدەستێت بە زیادکردنی ئاشکرا هەردوو کافتریای بەرێوەبەرایەتی پاسپۆرتی هەولێر (نوسینگەی یەك - نوسینگەی دوو) هەرکەسێك نیازی بەشداری کردنی هەیە سەردانی بەرێوەبەرایەتی پاسپۆرتی هەولێر- بەشی یاسایی بکات.

عمیدی مافپەروەر

دیدار عمر قادر

بەرێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای هەولێر

نوسراوەکەی سارجۆنی دووەم لە (تەنگی ڤەر)ی کامیارانی پارێزگای کوردستان (سنەندج)

کەمال نوری مەعروف

1

دەروازەیەک: ئەم نوسراوە (گرەنت فرەیم) لەئاشوریيەوە وەریگێڕاوە بۆ زمانی ئینگلیزی و (عالم نعیمی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسیوە و لە گۆڤاری (ماهنامە)، اموزش تاریخ، شمارە (22 تهران، بهار 1385) بڵاوکراوەتەوە، دواجار (ئانی کازمی) نوسراوەکەی لەگەڵ هەندێک زانیاری لە 22ی مانگی (خوردادی) 1390ناردووە بۆ کۆمەڵەی ئاشووری کۆن.



پێشەکی:-

ئەوەی باسی نوسراوەکەی (تەنگی ڤەر) یان (تەنگی وەر) دەخوێنێتەوە، لەگەڵیا تایبەتمەندیەکانی سروشتی نوسراوەکە و شوێنەکەی و پاشماوەی بەردە تاشراوەکەی دەوروبەری نوسراوەکەش دەبینێت، نوسراوەکە پێدەچێت بۆ هەرێمی (کارالا) بگەڕێتەوە کە لەڕۆژگاری ئەمرۆماندا لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە، ئەم نوسراوە کۆنە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر میژووی ئێران بەر لەدەسەڵاتی (ماد) گرنگییەکی زۆری هەیە، بەڵام بەنیگەرانییەوە دەڵێم میژۆ نوسان نەهاتوون بۆ لێکۆڵینەوەی میژویی سەرنجی لێبدەن و بۆ نوسینەوەی میژووی کۆنی ناوچەکە بەکاری بهێنن، لەوەش زیاتر ئەم نوسراوە بەنرخە شوێنە سروشتییەکەی کە دەوریداوە، لەبارودۆخێکی خراپدایە، دیواری ڕاستی ئەو تاقەش کە پارێزگاری لەنوسراوەکەی کردووەو لەم سالانەی دواییدا کەوتە بەرچاو، لە ڕووداوەکانی سەرەتای کودەتاکەدا بووەتە شوێنی تیربارانکردن، بەو کارەش هەندێک لەبەشەکانی نوسراوەکە تێکچووە، هەروەها تۆزێکی نیشتووی گەچیش ڕووی نوسراوەکەی داپۆشیوە، کە بەوهۆیەوە هەندێک لەهێماکانی بۆ سەیرکردن ناشێن.

نوسراوەکەی (تەنگی ڤەر) دەکەوێتە دامێنی کێوی شاهۆ، کە شاخێکی ناسراوە لە کوردستاندا و لەدووری 35 کیلۆمەترە لە ڕووی ئێران بەر لەدەسەڵاتی (ماد) گرنگییەکی زۆری هەیە، بەڵام بەنیگەرانییەوە دەڵێم میژۆ نوسان نەهاتوون بۆ لێکۆڵینەوەی میژویی سەرنجی لێبدەن و بۆ نوسینەوەی میژووی کۆنی ناوچەکە بەکاری بهێنن، لەوەش زیاتر ئەم نوسراوە بەنرخە شوێنە سروشتییەکەی کە دەوریداوە، لەبارودۆخێکی خراپدایە، دیواری ڕاستی ئەو تاقەش کە پارێزگاری لەنوسراوەکەی کردووەو لەم سالانەی دواییدا کەوتە بەرچاو، لە ڕووداوەکانی سەرەتای کودەتاکەدا بووەتە شوێنی تیربارانکردن، بەو کارەش هەندێک لەبەشەکانی نوسراوەکە تێکچووە، هەروەها تۆزێکی نیشتووی گەچیش ڕووی نوسراوەکەی داپۆشیوە، کە بەوهۆیەوە هەندێک لەهێماکانی بۆ سەیرکردن ناشێن.

لەئاوی کێوی شاهۆ کەڕۆخی گوندی (تەنگی ڤەر)ی گرتووە دڵۆپەکانی پێیدەگاتەوەو بەرەو دەربەندەکە دەڕوات، هەروەها ئاوی گوندەکانی (یوزیدەر) و دەشتی باشوورییش لەگەڵ ئەوەی گوندی (پاڵنگان)یش لەبەر نزیکییان لەڕێڕەوی ڕوباری سیروان (گارود) بەم دەربەندە تەسکەدا دەڕوات، بەمانا لەڕۆخی نوسراوەکەوە دەستپێدەکات، تاوەکو دەگاتەوە بەگوندی (پاڵنگان) کە دریژییەکەی ((10 کیلۆمەترە.

لەڕاستیدا شوێنی نوسراوەکە بەشێکە لەقەڵایەکی سروشتی سەخت کە تەنیا لە دوو ڕێگاوە پێیدەگەن، یەکێکیان لە ڕۆخی نوسراوەکە و ئەوی تر لای باکووری خۆرئاوای گوندی (پاڵنگان). هەتاکو ئێستاش لەو شوێنەدا پاشماوەی سەنگەرەکانی پاسەوانەکان لەشوێنەکانیان ماون، گەیشتن بەقەڵاکەش سەختە و ماندووبوونی زۆری دەوێت، ئاو دەربەندەکەش سەرچاوەی ئاوی بەردەوامی هەیە کە کەڵکی زۆرە بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ، قەڵاکەش لەبەر سەختی شوێنەکەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئەوەی بەرگری لێدەکات دەتوانێت بەرەنگاری هێرشی دوژمن ببێتەوە، سەرەتای گەیشتن بەشوێنی نوسراوەکە لە باکووری خۆرئاوایەوە دەست پێدەکات، کە شوێنەکە کەمێک لێژە و خوارەوەی دەربەندەکەش ناوبانگی بە گەڕەکی (جولەکە) ڕۆیشتووە. بەڵگەی تەواویش لەو ڕووەوە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە دانیشتوانەکەی ئیستای دەربارەی ئەو جولەکانە و ڕۆژگاری ژیانیان بەدەستەوە نییە، بوون و مانەوەشیان بەسەردەمی کۆنەوە پەیوەست بووە.

هەروەکو باسمان کرد لەم دەربەندەدا سەرچاوەی ئاوی بەردەوام هەیە کە بەرەوژوور دەڕوات. ئاوەکە لای باشووری خۆرهەڵاتی دەگاتەوە بەبەشی سەرەوەی دەشتی باکوور، کە چەند تەپەیەکی کۆنی بچوک کەوتونەتە لای ڕاستی و دەگەنەوە بە دەربەندە تەسکەکە. ئەم ئاوە لەبەهاردا زیاتر دەبێت بەهۆی تێکەڵبوونی بەسەرچاوەی ئاوی تر، لەناو دەربەندەکەشدا ئاوەکە لای باکووری خۆرئاوای دەگاتەوە بەگوندی (پاڵنگان) لەوێشەوە بەرەوخوار دەبێتەوە تاوەکو تێکەڵ بە سیروان دەبێت.

1.بۆ ئەم نوسراوە دەتوانین بڵێین لەکۆندا لەسەر چوار ڕێگا شوێنەکەی بۆ دانراوە: ڕێگایەک کە لای خۆرهەڵاتەوە دەگاتەوە بەدەشتی گەورە و درێژ دواییش پەیوەست دەبێت بە کرماشان و کامیاران، لەوێشەوە دەگاتەوە بەنوسراوەکەی ڕۆخی ڕوباری سیروان، ڕێگای گەشتنیش بەم ناوچەیە جادەی کامیارانە.

2.ڕێگایەکی تریش هەیە لە ڕاستیدا بەردەوامی هەمان ڕێگای پێشووە ئەوەش بەبڕینی پردێک دەست پێدەکات کە هەتاکو ئێستاش پاشماوەی یەکێک لەپایەکانی لەڕۆخی سیروانداما ماوە کە بەپردی (کچ) یان (کەلی کچ) ناسراوە، ئەم پردەش بەچەند سەدەمەترێک دەکەوێتە خوارووی ئەو جادەیەی دەگاتەوە بە (مەریوان). پاشماوەی پایەی پردەکەش بە بەرد و شلەیەک دروستکراوە وادیارە لەسەردەمی خۆیدا تونەدوتۆڵ و بەهێز بووە.

3.ڕێگایەکی تریش هەیە کەبەڕێگای خۆرهەڵات ناسراوە، بەدرێژایی ڕوباری سیروان دەڕوات تادەگاتەوە بە (سنەندج).

4.لەکۆتاییدا ڕێگایەکی خۆرئاواش هەیە کە کەمێک ناخۆشە، دەکەوێتە پشت کێوی شاهۆ و دەگاتەوە بە کێوەکانی باشوور، لەوێشەوە ناوچەی (پاوە) دەبڕێ و لە (جوانڕۆ) کۆتایی دێت.

ئەم ڕێگایانە باشترین ڕێگای هاتوچۆ و پەیوەندیکردن بوون بەقەڵاکەوە لەوێشەوە گەیشتوون بەناوچەکانی دەوروبەری، بوونی ئەو نوسراوەش لە زوودا دەتوانین بڵێین نیشانەیە بۆ گرنگی شوێنەکە.

دانیشتوانی ناوچەکەش سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵن بەتایبەتی گەنم و جۆ، کە لەناوەوەی دەربەندەکە و ڕۆخی سیروانداو بەرهەمی دەهێنن، هەروەها کەمەکێکیش باخداری دەکەن، بەڵام بوونی گۆڕستانی بەجیا و ناوی ناوچەکان لە دەوروبەری قەڵاکە و دەشتە بڵندەکانی نیشانەن بۆ بوونی مرۆڤی جێنشین و جوتیار لەناوچەکەدا لەسەردەمە بەسەرچووەکانیدا، هەرچەندە مرۆڤی ئەمڕۆ کەمژیان لەو دەوروبەری دژە بەسەردەبات نیوە کۆچەرییە.

وەسفی نوسراوەکە:-

نوسراوەکە دەکەوێتە باشووری دەربەندەکە و لای ڕاستی گرتووە لە دووری 200مەتر، نوسراوەکەش لەبەرزی 50 مەتر لەدیوارەکە هەڵکۆڵراوە، تاوەکو پارێزگاری لەنوسراوەکە بکات. لەشوێنی نوسراوەکەشدا نەخشێک بەرجەستە کراوە کە (سارجۆن) خاوەنی نوسراوەکەیە. وێنەکەی (سارجۆن) نیشانی دەدات کە کڵاوێکی خڕی لەسەردایە و بەشێوەی لەسەرلا نیشاندراوەو خاوەنی ڕیشێکی درێژ و لوولە و قژی هەموو پشتی سەری گرتووە و بەهەمان شێوە گەردنیشی داپۆشیوە. پۆشاکێکی ئاوامانی لەبەردایە بەڵام نیوەی سەرەوەی دەرکەوتووە، سارجۆن لەدەستی ڕاستییا کە بڵندی کردووە نمونەی پەرستگایەکی لەسەرە کە دەتوانین بڵێین پەرستگای یەکێکە لەخواکانی و لەنوسراوەکەدا ناوی هێناوە، ئەویش خوای ئاشوورە. ئەوەش دەربڕینە لە گرنگی پێدانی خواکان و کۆمەک کردنیانە بۆی بەهۆی ئەو پیرۆزییەی بەدەستی هێناوە. گابەردەکەش ڕووەکەی بەنوسین هەمووی داپۆشراوە هەتاکو تەواوی ڕۆخەکانی و تاقەکەشی گرتۆتەوە، نوسراوەکەش بەهێمای مێخی ئاشوریيە و ((46دێڕە.

سەرەتای نوسراوەکە لەبەرئەوەی لەدەمی دەربەندەکەدایە بۆیە خێرایی ڕۆشتنی ئاوەکە بەناو دەربەندەکەدا کاریگەری خراپی بەسەر ڕووی نوسراوەکەوە دروستکردووەو سالانەش ئەم کاریگەرییە زیاتر بووە.

پاشماوەی (2) دۆڵیش هەن یەکێکیان بچوکە و کەمتر قوواڵە ئەویتریان گەورە و قووڵ دەرهێنراوە. لای ڕاستی ڕێگاکەش کەمێک دوور لە نوسراوی دەربەندەکە لەبەرزی (5) مەتر و بە درێژی (20) مەتر و بەقووڵی (5) مەتر ڕووی بەردەکەی تاشراوە، لەوانەیە بەهەمان سەردەمەوە پەیوەست بێت. دانیشتوانی شوێنەکەش ئاژەڵەکانیان لە گەرمەی هاویندا لەسەردەمە زووەکاندا بۆ ئەوێیان بردووە، بەو جۆرە پەناگەیەکی مرۆڤ بووە بۆ کاری خۆی بەکاری هێناوە، یان لە هەندێک جاریشدا لەبەرامبەر هێرش بەراندا ڕوویان لێکردووە.

لەبەشێکی تری دەربەندەکەدا پێچڕانێک هەیە کە دانیشتوانی ناوچەکە پێی دەڵێن (زیندان). لەنزیکی قەڵاکەش ئەگەر بەرەو باکووری خۆرئاوای بڕۆین سەنگەرێک دروستکراوە واتە لەشوێنی پەڕینەوە بۆ قەڵاکە لەوانەیە بۆ گەیشتن بە دژەکە سودی لێ بینرابێت.

شوێنەوارەکە ئەوەی زانیاریم لەسەری هەبێت هەتاکو ئێستا کە لەنێوان سالەکانی (1345تا 1374)ی هەتاوی (عەلی ئەکبەر سەرئەفراز) بەهاوبەشی لێژنەیەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لەئاسەوارەی کۆن لەگەڵ ژمارەیەک سەربازدا ڕۆشتۆتە دییەنی و وێنەیەکی نوسراوەکەی وەرگرتووە، هەروەها بەکامێراش جارێکیتر وێنەی گرتۆتەوە و باسێکی لەسەر نووسیوە لە بێت بەهۆی ئەوەی چەند بەشێکی نوسراوەکەی بەتەواوی لەهەندێک لەوێنەکاندا بۆ نەخوێنراونەتەوە، لەبەشێک لەو سەرچاوانەشدا ووشەیەک لەنا کەوانەدا دانراون بۆ تەواوکردنی ڕستەکە هێناومن:

1.خواوەند ئاشوور پادشای .. خواکان و .. هەموو خواکانە.

2.دێڕی دووەم ناخوێنرێتەوە.

3.خواوەند (مەردۆخ) گەورەی هەموانە، ئەو خۆراک بۆ هەموو مرۆڤەکان دابین دەکات.

4.خواوەند (نابۆ) کە جێنشینی داناوە (لەوانەیە جێنشینی خۆی بێت بەنانوێشانی نومایندەی خواوەند، کەئاماژەی بە زەوی داوە.

5.خواوەند (سین) خواوەندی ئاسمان و جیهانی مردووەکان.

6.خواوەند (شەمەش) خاوەنی دادوەری لە ئاسمان و جیهانی مردووەکان.

7.خواوەند (عەشتار) ئەو کە مرۆڤ بۆ جەنگ ساز دەکات.

8.حەوت خواوەندە پیرۆزەکە کە پێشەوایەتی دەکەن و داخوازی پادشا لەبەرەی جەنگدا دەسازێنن و سەرکەوتنی بۆ ئەنجام دەهێنن.

9.خواوەندە مەزنەکان، ڕاگر و بەڕێوەبەری ئاسمان و جیهانی ژێرەوە، کە تووڕەیی و هێرشی ئەوان مانای جەنگ و دووبەرەکییە.

10.ئەو خواوەندانەی کە بەدوای پادشاکاندا دەگەڕێن و دەیانبەنە سەرتەخت، کە بەفەرمانی پیرۆزی ئەوان، ئەمان دەتوانن زەوی زیاتر بخەنە سەر زەویەکانیان و هەرئەوانن کە ئەم دەکەن بە فەرمانڕەوایەکی گەورەتر و مەزنتر لەوانی تر.

11.سارجۆنی دووەم، پادشای گەورە، پادشای بەدەسەڵات، پادشای هەموو جیهان، پادشای ئاشوورییەکان، جێگری دەسەڵاتداریتی بابلییەکان، پادشای سەرزەمینی سۆمەر و ئەکەد، خۆشەویستی خواکان.

12.پاڵەوانی گەورە،.. پیاو، شازادە، پیاوی بێ وێنە، ..شوان...

13.خواوەند ئاشوور، نابوو، مەردۆخ (مەردوک)، خواوەندەکان کۆمەکیان بەمن دا، پادشایەتییان بەمن بەخشی، وایانکرد ناوبانگی باشی من بگاتە بەرزایی.

14.هەرخۆم بەردەوام نانەدر و بەخێوکەری (سیپار) و (نیپور) و (بابل) بووم. قەرەبووی ئەو زیانانەشم کردەوە بۆ خەڵکی (خاوەن پلە و پایەکان) کە بەناهەق زیانیان لێکەوتبوو، ژمارەیان هەرچەندێک بووبن.

15.ئەو باجەشم دیسان هەڵگرتەوە لەسەر (بالتیل ئاشوور) کە پێچرابوو، سەبارەت بەشاری (حەران) یش (دەروازەی میللەت) هێمای (کیدینۆم)م بۆ دانان، کە (نیشانەیە بۆ پلە و پایە بەرزەکانیان).

16.سوپاکەی (خومبا نیگاش)ی عیلامیم تەفروتونا کرد، خاکی (کارالا)م وێرانکرد، خاکی (شوردا) شاری (کیشەسیم) شاری (خارخار)، خاکی مادەکان، لەگەڵ خاکی ئیلیپی....!

17.خاکی (ئۆرارتۆم) کرد بە بیابان و شاری (موساسیر)م تالانکرد، هەروەها خاکی (مانا)م تالانکرد و زەویەکانی (ئەندیا و زیکیرتۆ)م تێکدا و ڕێگەمدا بە هەموو دانیشتوانەکانی (...) بژین.

18.هێرشم کردە سەر دادوەرەکانی خاکی (ئاماتو)، (حاماات) و شاری (کارکەمیش) و شاری (کوموخی) و خاکی (کامانۆ) و بەڕێرسی خۆم بۆ بەڕێوەبردنی زەویەکانیان دانا.

19.شاری (ئاشدود) و (لامانی)م تالانکرد، پادشاکەیان لەترسی چەک و جبەخانەکەی من هەڵات و ڕایکرد بۆ ناوچەی (میلوخا) و بەپەنهانی لەوێ ژیانی بەسەردەبرد "لەنووسینەکەدا هاتووە : وەک دز و جەردە".

20. (شاپاتاکو-شبیتکۆ)ی پادشای خاکی (میلوخا) ناوبانگی گەورەیی خواوەند (ئاشور) و (نابو) و (ماردوخ)ی بیستبوو، کەمن بەسەر هەموو زەویەکاندا دەیسەپێنم.

21. (لامانی) قۆڵبەست کردبوو، بەدیلی هێنایانە بەردەستی ئێمە.

22. کەسی وەهام لەخاکی (تابالو) و (کاسکۆ) و (خیلاکۆ)دا نەهێشت، خەڵکەکەی (ڕەعیەتەکەی) پادشا (میتا) (میداس)م بۆخۆم برد، کەپادشای خاکی (موسکو) (مۆشکۆ) و قەبارەی خاکەکەشیم کەمکردەوە.

23. لەشاری (رابیخۆ) پێشەنگی سوپاکەی میسرم بەزاند و بەردەوام بووم تا پادشای شاری (خازاتو) (غەزە) کە هێشتا ملی بەحوکمی من نەدابوو، من بەتالانم برد.

24. هەر حەوت پادشاکەی خاکی (ئایا- Ia)م بەزاند، لەگەڵ ناوچەی خاکی (ئایادنانە-قوبرس) کە خاکەکەی دەکەوێتە جێگەیەکی دوور لە (ناوەڕاستی دەریای خۆرئاوا).

25. لەوەش زیاتر (بەدەستە مەزنەکانی خۆم) (ماردۆخ ئاپلائیدینا) (ماردۆخ بالادان)ی پادشای خاکی (کالدیام) م بەزاند کە لەسەر کەناری دەریا نیشتەجێیە و بەپێچەوانەی ویستی خواوەندەکانەوە خۆی کردبووە پادشای (بابل).

26. لەوەش زیاتر ، هەموو خاکی (بیت یاکین) م پاک کردەوە.

27. (ئاخوندارى) پادشای (دیلمون) کە کولانەکەی چەندان ڕۆژەڕێگا لەئێمەوە دوورە، لەناوەڕاستی دەریادایە، هەروەک مالی ماسی، گەورەیی و بەتوانایی منی بەرگوێ کەوتبوو، بڕیە چەند دیارییەکی بۆ هێنابووم.

28.بەو هەموو هێز و دەسەڵاتەی کە خاوەندە مەزنەکان بە منیان بەخشیوە، گەورە خاوەندەکانی من، کە شمشێرەکەی منیان بەرز کردۆتەوە، بەهۆیەوە من دوژمنەکانی پێ لەت و پەت دەکەم.

29.هەر لەخاکی (ئایادنانە) (قوبرس)ەوە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی دەریای خۆرئاوا، هەتاکو سنوورەکانی میسر و خاکی (مشکۆ) زەویيە فراوان و گەورەکەی (ئامورو) و خاکی (خاتی) هەر هەمووی.....

30.هەر هەموو خاکی (گوتیۆم) و خاکە دوورەکانی (میدیا) لەنزیک شاخی (بیکنی) خاکی (ئیلیپی) و خاکی (ڕاشی) لەسەر سنووری دەوڵەتی عیلام،...؟

31.ئەوانەی لەنزیک ڕوباری دیجلە دەژین، هۆزەکانی (ئوتوئنو)، (ڕوبوئوو خەتالوو لاب دو دووخەمرانوو ئوبولو ڕوئوا و لیتائو...؟.

32.ئەوانەی لەنزیک ڕوباری (سوراپوو) و ڕوباری (ئوقنو) دەژین، خێڵەکانی (گامبولو) (خیندارو)و (پوقودا) و (سوتییەکان) و خەڵکی دەشتاییەکانی خاکی (ئایادبورو) هەرچۆنێک بن.

33.هەر لەشاری (سامونا) وە تا شارەکانی (بوبی) و (تیل هومبان) کە دەکەونە سەر سنووری عیلام.

34.خاکی (کاردۆنیاش) لەمسەریەوە بۆ ئەوسەری خاکی (بیت ئاموکانی) ، (بیت داکوری) ، (بیت شیلانی) و (بیت سائاللی)..

35. هەموو خاکی کالدی، هەرچەنێک هەبێت، خاکی (بیت یاکین) کەدەکەوێتە سەر کەناری دەریا ، هەتا ناوچەکانی (دیلمون).

36. ئەمانە هەمووی لەژێر فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی منداں، من خەسێنراوەکانی بەردەستی خۆمم کردنە دادوەر و سەرکردە بەسەریانەوە، نیری پادشایەتی خۆمم کردە ملیان.

37. ئا لەو کاتەدا خەڵکی خاکی(کارالا) کە فێرنەبوون گوێڕایەڵی هیچ حوکمێک بن..

38. بەپشت بەستن بەشاخە بەرزەکان... خەسێنراوێکی من کە کاربەدەستە لەوێ... هەموو خاکەکە...

39. دروستیان کرد و خۆیان ئامادەکرد بۆ شەڕ... تووڕەبوو هەموو خەڵکەکەی سەربڕی.

40. ئەسپ و بارگیر و... و... بەئامادەبوونیان ... بوو بە..

41. لەهەر شوێنێکەوە بەناو خاکەکەی ئەودا تێپەر بوین وێرانیان کردووە... تووڵە ڕێگاکانیان داخستووە.

42. (سەربازە- ڕیدوو) ەکانی من... هەروەک هەڵۆ گەیشتنە بەرزاییەکی وەها لەشاخەکەدا کەکەس نەیدەتوانی بیگاتێ.

43. دەستیانکرد بە دامەزراندنی... جەنگاوەرەکانیان... شاخەکان

44. ئەوەی کە لێیان مابۆوە... بەدەستکەوتی جەنگ لەقەڵەمیان دا..

45. من تابلۆیەکی یادەوەریم دروستکردووە کەلەناویا شێوەی خواوەندە مەزنەکانم هەڵکۆڵیوە (گەورەکانی من)، کە لەبەردەمیاندا شێوە شاهانەکەی خۆمم داناوە بەشێوەیەک کە نوێژ بۆ گەورەیی و شکۆمەندی ئەوان دەکات).

46. من هەموو سەرکەوتنەکانی خواوەند ئاشوور، باوکی هەموو خواوەندەکان، گەورەی .... هەموو .... لەسەری نوسیومە (هەڵم کەندووە).

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/7/18 ژمارە (5792)
خەبات

چەپکە گوڵی کێوی



ئاکۆ عەبدوڵا

ساڵی رابردوو بە تیراژی 500 دانە لە چاپخانەی دیلان، کۆ شیعری چەپکە گوڵی کێوی بڵاوکرداوە کە شیعرەکان لەلایەن شاعیری سویدی هاری مارتینسۆن دانراوە و دکتۆر کەمال مەعروفیش بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە. وەرگێڕ لە پێشەکییەکی ئەو بەرهەمەدا نووسیویەتی سودی لە دەقی شیعرەکان بە زمانی سویدی و وەرگێڕانە ئینگلیزیکەی بینیوە و ئازاد حەمە شەریفیش بە وەرگێڕانەکەیدا چۆوەتەوە. ئەو بەرهەمە لە کۆمەڵێک شیعری کورت و دوو پەخشان پێکهاتووە. هەریەک لە شیعرەکان لاپەڕەکیان گراتووە و دیوەکەی دواوەیان بە بەتاڵی جێهێشتراوە. تێکڕای بە گشتیش ناوەرۆکەکانیان گوزارشت لە سروشت دەکەن، وەک وەرگێڕ لە بەرگی دواوەی نووسیویەتی (وێنەیەکی سەرسوڕهێنەری دار و درەخت و باڵندەکانە). هەر لەو بارەوە لە لاپەڕە چواری ئەو کتێبەدا هاتووە: "شاعیر زۆر بە وردی سروشت و دیاردەکانی سروشت وێنە دەکێشێ.



لەم رووەوە دەڵێ: "ئەگەر نووسەرێ وەسفی سروشت بکات لە مێرگی سەوز و جریوەی باڵندەکان و دەروشانەوەی رۆژ لەسەر دەریاکاندا نووسەر پێویستی بە ئارامی، هەستیاری و ئارەزو و تواناى لە گواستنەوەی خود بۆ باری تایبەت لە هێمنی و ئەقڵێکی بێگەر و بە ئەنجام گەیاندنی هونەری وە شیکردنەوەیەکی دیاردەکانی سروشت دەبێ". شایبانی باسە (هاری مارتینسۆن 1904ژ(1978 کۆمەڵێک دیوانە کتێب و دیوانە شیعر و رۆمان و شانۆگەری بۆ رادیۆ نووسیوە لەوانە کتێبەکانی(گەشتی بێ ئامانج) و(مالئاوا لێوی دەریا) و ئاسان و گران) و لە دیوانەکانیش دیوانەکانی (سبوکسکیب) و دەشتەکی) و (بای بازرگانی) و (سیکادا) و (ئەنیارا) لە رۆمانەکانیشدا رۆمانی (کاپ فارفیل) و (گوزار و گەڕان) و (دوا جەگوار) و (ڕێگە). بەشێوەیەکی گشتیش لەبەرهەمەکانیدا هەوڵیداوا هەم بۆ سروست بگەڕێتەوە هەمیش رەخنەی توندی لە شارستانی ئەوروپی گرتووە، ئەو شارستانیەتییەی کە بە هۆی ململانێی دوژمنکارینە ماوەیەکی درێژی سەدەی رابردوو ئەو کێشوەری خەڵتانی جەنگ و کاولکاری کرد. لەبەر گرنگی بەرهەمە ئەدەبیەکانی، ساڵی 1974 بە هاوبەشی لەگەڵ ئیقنید جۆهانسۆنی هاووڵاتەکەی، خەڵاتی نۆبڵی ئادابی پێبەخشرا. بەوەش بووە پێنجەم ئەدیبی سویدی ئەو خەڵاتەی پێببەخشرێ.

هەڵبژاردەیەک لە شیعرە وەرگێڕدراوەکانی چەپکە گوڵی کێوی

ناجێگیر، ئەم هەموو کۆچە ناوادانە ڕەگی ڕەشبینی لە نووسینەکانی ئەم نووسەرە دادەکوتن، لە ڕۆمانی (ژووری یاکوب) و (گەشتێک بۆ منارە) و (شەپۆلەکان) تەنیایی و پەراوێزی کەسایەتی و ونبوون و بێ هوددەیی سیمای ئەو ڕۆمانانەن کە نووسەر تەواو لە دەروونەوە ماندوو دیارە و چارەنووسی خۆشی پابەند دەکات بە لادان و سەرکێشی و بزر بوون لە ڕێگە چۆلەکانی ژیاندا.

ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی تەنیا سەدەی هەژدەیەم) و (ئەدەب و کۆمەڵگەی ئینگلیزی لە سەدەی هەژدەیەم)، بایەخی بە میژوو داوە و چەندین وتاری لە گەورە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی بەریتانیا دا بڵاو کردووەتەوە.

وۆڵف لە منداڵییەوە باوکی بایەخی پێدەدا، هانی خوێندنەوە و فێربوونی دەدا، کتێبخانەکەی مانگیانی بۆ خستبووە سەر پشت کە پڕ بوو لە جۆرەها کتێبی نایاب و گرنگ، ئەمەیش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ پەیداکردنی سەلیقەی خوێندنەوە و نووسین، وۆڵف وەکو هەر تاکی نێو خێزانەکەی ڕەگێکی دەچێتەوە سەر نەژادی فەڕەنسی، دایکی خولیای هونەرە جوانەکانی بوو، بەتایبەتیش هونەری شێوەکاری، دواتر ئەو خولیایە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر کچەکەیەوە هەبوو وەکو نووسەرێک، لە زۆربەی بەرهەمی نووسینەکانیدا، ڕەنگدانەوەی هونەری شێوەکاری دیارە، ناخۆشترین ڕووداوی ژیانی ڤیرجینیا وۆڵف لە تەمەنی 6ساڵیدا بوو کاتێک لە لایەن برایەکەیەوە (زیڕیای) دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، ئەمەیش بووە هۆی ساردی پەیوەندییەکانی بە ڕەگەزی پیاوەوە، زیاتر مەیل و خووی کەوتبووە سەر ژنان، کاتێک گەیشتە تەمەنی13 ساڵی، ڕەشبینی ڕەشمانگی تاریکی بەسەر ژیانی هەڵدا، زۆرجار مردنی لا خۆشەویستر بوو لەو ژیانەی کە ئەو تێیدا دەژیێت، ساڵی 1895 دایکی کۆچی دوایی دەکات، ئەمەیش درزێکی دیکە بوو لە ژیانیدا، پاش دوو ساڵی دیکەیش (ستیلا)ی خوشکی کۆچی دوایی دەکات، مردنی ستیلا یەکسەر دوا شوکردنی بوو، ڕووداوێکی هەژێن بوو بۆ ڤیرجینیا و هێندەی دیکە کەوتە باریکی ناهەموار و خەمۆکی و کۆمەڵگەی ئینگلیزی لە سەدەی هەژدەیەم)، بایەخی بە میژوو داوە و چەندین وتاری لە گەورە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی بەریتانیا دا بڵاو کردووەتەوە.

وۆڵف لە منداڵییەوە باوکی بایەخی پێدەدا، هانی خوێندنەوە و فێربوونی دەدا، کتێبخانەکەی مانگیانی بۆ خستبووە سەر پشت کە پڕ بوو لە جۆرەها کتێبی نایاب و گرنگ، ئەمەیش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ پەیداکردنی سەلیقەی خوێندنەوە و نووسین، وۆڵف وەکو هەر تاکی نێو خێزانەکەی ڕەگێکی دەچێتەوە سەر نەژادی فەڕەنسی، دایکی خولیای هونەرە جوانەکانی بوو، بەتایبەتیش هونەری شێوەکاری، دواتر ئەو خولیایە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر کچەکەیەوە هەبوو وەکو نووسەرێک، لە زۆربەی بەرهەمی نووسینەکانیدا، ڕەنگدانەوەی هونەری شێوەکاری دیارە، ناخۆشترین ڕووداوی ژیانی ڤیرجینیا وۆڵف لە تەمەنی 6ساڵیدا بوو کاتێک لە لایەن برایەکەیەوە (زیڕیای) دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، ئەمەیش بووە هۆی ساردی پەیوەندییەکانی بە ڕەگەزی پیاوەوە، زیاتر مەیل و خووی کەوتبووە سەر ژنان، کاتێک گەیشتە تەمەنی13 ساڵی، ڕەشبینی ڕەشمانگی تاریکی بەسەر ژیانی هەڵدا، زۆرجار مردنی لا خۆشەویستر بوو لەو ژیانەی کە ئەو تێیدا دەژیێت، ساڵی 1895 دایکی کۆچی دوایی دەکات، ئەمەیش درزێکی دیکە بوو لە ژیانیدا، پاش دوو ساڵی دیکەیش (ستیلا)ی خوشکی کۆچی دوایی دەکات، مردنی ستیلا یەکسەر دوا شوکردنی بوو، ڕووداوێکی هەژێن بوو بۆ ڤیرجینیا و هێندەی دیکە کەوتە باریکی ناهەموار و خەمۆکی و کۆمەڵگەی ئینگلیزی لە



ڤیرجینیا وۆڵف
سەربردەی ژیانێکی داهێنەرانە و شێتانە



بۆتان جەلال

فیلمی کاتژمێرەکان the hours سەر لە نوێ سەربردەی ژیان و تانوپۆی نووسەرایەتی کچە ڕۆمانnووسی ئینگلیزی (ڤیرجینیا وۆڵف) ی خستەوە بەر دیدی ملیۆنەها کەس لە خوێنەرانی ئەم ڕۆمانnووسە، سەر لە نوێ ئاشنایەتییان بەکار و داهێنانەکانی پەیدا کردەوە، ئەو داهێنەرەی کە شوێن پەنجەی بەسەر ڕۆمانی هاوچەرخی جیهانییەوە لە پاڵ ئەو گەورە نووسەرانەی کە لە ئاشکرا کردنی توانا و وزەی ئەم کچە نووسەردا ڕۆڵیان هەبووە و جێهێشتووە، وەکو (جێمس جویس) و (د. لۆرانس) و (مارسیل پروست) و (کۆنرا) و و (نابۆکۆڤ) و (ویلیام فۆکنەر)، نووسین سەبارەت بە ڤیرجینیا وۆڵف لە ژیانی دا لە هەموو شتێک گرنگتر بوو، لە هەمانکاتدا ئەم فیلمە ڕێگەی بە بینەرانی دا چڕتر و قوڵتر بە نێو ژیانی تایبەتی نووسەردا (ڕۆبچن) کە پرپەتی لە چرکەکانی سەرشێتی و یاخیبوون، بگرە ئەو چرکانە کە تێیدا ڕووداوی (خۆکوشتن) لە ساڵی 1941 ڕوویدا، ژیانێکی سەیر و چرکەی وروژێنەر و دیمەن و هەڵوێستی زیرەک و ئازایانە و هەندێ جاریش شێتانە و سەرکێشی هەبوو، سەردێڕی ئەو ژیانە ناهەموار و ناجێگیرە، ژمارەیەک ڕۆمانی نایابی نووسی کە بە بەرهەمی داهێنەرانە لە قەڵەم دەدرێن و ئێستایش پاڵەوانەکانی نێو ڕۆمانەکانی مایەی سەرنج و گفتوگۆ کردنن.

قسەکەر و پسپۆڕ لە کارەکانی، خاتوو (شانتال شواڤ) دەڵێت: "خەریک بوو وێنەکێشان بە ڕەنگی ئاوی، وۆڵف بۆ خۆی گڵ بداتەوە، لە وێنەکێشاندا هێڵکاری جەستەیەکی بە پەلکەدار یان شەپۆلی دەریا شاراوەی ئافرەتێکی سەرنجڕاکێشی دەکێشا، سوور بوو لەسەر داپۆشینی جەستەی ئافرەت، هەتا ئەگەر بە هەڵمی ئاوی دەریاکانیش بوایە، یان گوڵ و گوڵزار، خاوەن هەستێکی ناسک بوو، نهێنی جەستەی ئافرەتی لە ڕێگەی وشیاری هەستەکانەوە دەدرکاند، بەڵام بە ستایلێکی هێمنانە، کە ئازارو داخوازییەکانی ئافرەتی لە وێنەی جەستەییەوە شاعیرانە بەرجەستە دەکرد کە ئەوپەڕی ئازادی و شێتاتی لێ دەردەکەوت".

ڤیرجینیا لە بنەماڵەیەکی بەریتانی بۆرژوازی لە ساڵی 1882دا لە دایک بووە، بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر و ئەدەب دۆست و ئاشنا بە هونەر و ستاتیکەی ژیانێکی ڕەها و جوان و خۆش، یەکێک لە باپیرانی شۆڕشگێڕێکی ئازا بووە لە پێناو ئازاد کردنی کۆیلەکان تێکۆشاوە و لە دووڕگەی (ئەلناستی) ژیاوە، هەرچی باپیری (لە باوکییەوە) مامۆستای زانکۆی کامبرۆگ بووە و لە حکومەتی دزرائیلی یەکەمدا1881-1804 جێگری نووسەری دەوڵەت بووە، باوکی (لیزالی ستیڤان) پیاوێکی ڕۆشنبیر و پایەدار بوو، لە نێو کۆمەڵگەکەیدا بەڕێز و شایستەدارە، بیر و هزری لە ڕووی ئایین و سیاسەت و کۆمەڵایەتییەوە کراوە بووە، لە ئیشتراکییەکان نزیک بووە، ئەوانەی (یارانی کرێکاران)یان دامەزراند، خاوەن چەندین بەرهەمی نووسین بووە لەوانەش کتێبی (میژووی هزری ئینگلیزی لە سەدەی هەژدەیەم) و (ئەدەب و کۆمەڵگەی ئینگلیزی لە سەدەی هەژدەیەم)، بایەخی بە میژوو داوە و چەندین وتاری لە گەورە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی بەریتانیا دا بڵاو کردووەتەوە.

وۆڵف لە منداڵییەوە باوکی بایەخی پێدەدا، هانی خوێندنەوە و فێربوونی دەدا، کتێبخانەکەی مانگیانی بۆ خستبووە سەر پشت کە پڕ بوو لە جۆرەها کتێبی نایاب و گرنگ، ئەمەیش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ پەیداکردنی سەلیقەی خوێندنەوە و نووسین، وۆڵف وەکو هەر تاکی نێو خێزانەکەی ڕەگێکی دەچێتەوە سەر نەژادی فەڕەنسی، دایکی خولیای هونەرە جوانەکانی بوو، بەتایبەتیش هونەری شێوەکاری، دواتر ئەو خولیایە کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر کچەکەیەوە هەبوو وەکو نووسەرێک، لە زۆربەی بەرهەمی نووسینەکانیدا، ڕەنگدانەوەی هونەری شێوەکاری دیارە، ناخۆشترین ڕووداوی ژیانی ڤیرجینیا وۆڵف لە تەمەنی 6ساڵیدا بوو کاتێک لە لایەن برایەکەیەوە (زیڕیای) دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەری، ئەمەیش بووە هۆی ساردی پەیوەندییەکانی بە ڕەگەزی پیاوەوە، زیاتر مەیل و خووی کەوتبووە سەر ژنان، کاتێک گەیشتە تەمەنی13 ساڵی، ڕەشبینی ڕەشمانگی تاریکی بەسەر ژیانی هەڵدا، زۆرجار مردنی لا خۆشەویستر بوو لەو ژیانەی کە ئەو تێیدا دەژیێت، ساڵی 1895 دایکی کۆچی دوایی دەکات، ئەمەیش درزێکی دیکە بوو لە ژیانیدا، پاش دوو ساڵی دیکەیش (ستیلا)ی خوشکی کۆچی دوایی دەکات، مردنی ستیلا یەکسەر دوا شوکردنی بوو، ڕووداوێکی هەژێن بوو بۆ ڤیرجینیا و هێندەی دیکە کەوتە باریکی ناهەموار و ناجێگیر، ئەم هەموو کۆچە ناوادانە ڕەگی ڕەشبینی لە نووسینەکانی ئەم نووسەرە دادەکوتن، لە ڕۆمانی (ژووری یاکوب) و (گەشتێک بۆ منارە) و (شەپۆلەکان) تەنیایی و پەراوێزی کەسایەتی و ونبوون و بێ هوددەیی سیمای ئەو ڕۆمانانەن کە نووسەر تەواو لە دەروونەوە ماندوو دیارە و چارەنووسی خۆشی پابەند دەکات بە لادان و سەرکێشی و بزر بوون لە ڕێگە چۆلەکانی ژیاندا.

ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی تەنیا لە ڕۆمانەکانیشدا ڕۆمانی (کاپ فارفیل) و (گوزار و گەڕان) و (دوا جەگوار) و (ڕێگە). بەشێوەیەکی گشتیش لەبەرهەمەکانیدا هەوڵیداوا هەم بۆ سروست بگەڕێتەوە هەمیش رەخنەی توندی لە شارستانی ئەوروپی گرتووە، ئەو شارستانیەتییەی کە بە هۆی ململانێی دوژمنکارینە ماوەیەکی درێژی سەدەی رابردوو ئەو کێشوەری خەڵتانی جەنگ و کاولکاری کرد. لەبەر گرنگی بەرهەمە ئەدەبیەکانی، ساڵی 1974 بە هاوبەشی لەگەڵ ئیقنید جۆهانسۆنی هاووڵاتەکەی، خەڵاتی نۆبڵی ئادابی پێبەخشرا. بەوەش بووە پێنجەم ئەدیبی سویدی ئەو خەڵاتەی پێببەخشرێ.

هەڵبژاردەیەک لە شیعرە وەرگێڕدراوەکانی چەپکە گوڵی کێوی

ناجێگیر، ئەم هەموو کۆچە ناوادانە ڕەگی ڕەشبینی لە نووسینەکانی ئەم نووسەرە دادەکوتن، لە ڕۆمانی (ژووری یاکوب) و (گەشتێک بۆ منارە) و (شەپۆلەکان) تەنیایی و پەراوێزی کەسایەتی و ونبوون و بێ هوددەیی سیمای ئەو ڕۆمانانەن کە نووسەر تەواو لە دەروونەوە ماندوو دیارە و چارەنووسی خۆشی پابەند دەکات بە لادان و سەرکێشی و بزر بوون لە ڕێگە چۆلەکانی ژیاندا.

ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی تەنیا لە ڕۆمانەکانیشدا ڕۆمانی (کاپ فارفیل) و (گوزار و گەڕان) و (دوا جەگوار) و (ڕێگە). بەشێوەیەکی گشتیش لەبەرهەمەکانیدا هەوڵیداوا هەم بۆ سروست بگەڕێتەوە هەمیش رەخنەی توندی لە شارستانی ئەوروپی گرتووە، ئەو شارستانیەتییەی کە بە هۆی ململانێی دوژمنکارینە ماوەیەکی درێژی سەدەی رابردوو ئەو کێشوەری خەڵتانی جەنگ و کاولکاری کرد. لەبەر گرنگی بەرهەمە ئەدەبیەکانی، ساڵی 1974 بە هاوبەشی لەگەڵ ئیقنید جۆهانسۆنی هاووڵاتەکەی، خەڵاتی نۆبڵی ئادابی پێبەخشرا. بەوەش بووە پێنجەم ئەدیبی سویدی ئەو خەڵاتەی پێببەخشرێ.

هەڵبژاردەیەک لە شیعرە وەرگێڕدراوەکانی چەپکە گوڵی کێوی

قژئاساوە تۆشکەی دەنکەکان
دادەبارن
واگا وەرەوە، ئەی کیژە چاو
مەزنە خەوالووەکە
وەرەوە ئێرە بەر لەوەی
پاییزت بەسەردا بێت.

ناسراو بن هەرگیز قبوڵی
نەدەکرد تیشکی چاپ ببینێ،
هەتا جارێکیان لە
ڕۆژنامەکانی بەریتانیادا
وتارێک بە ئیمزای ڤیرجینیا
وۆڵف بڵاو کرابووەوە کە
ڕۆمانەکانی (د.لۆرانس)ی
گەورە ڕۆماننووس بە ساکار و
بێ توانا و پووچ لە قەڵەم
دەدات.

سەرەڕای ئەوەی جەنگی
جیهانی یەکەم لە ساڵی
1918دا کۆتایی هات و
ئافرەتانی بەریتانیا کۆمەڵێ
دەستکەوتی سیاسی و
کۆمەڵایەتی گەورەیان بەدەست
هێنا و مافی ئەوەیان پێدرا کە
لە هەڵبژاردنەکانی
وڵاتەکەیاندا دەنگ بدەن،
بەڵام ئەم دەستکەوتانە بە لای
(وۆڵف) بایەخیان نەبوو،
باری دەروونی (وۆڵف) لەو
سەردەمە دا زۆر خراپ بوو، لە
یاداشتنامەکەیدا کە لە ڕۆژی
21ی نۆڤەمبەری ساڵی
1918دا نووسیویەتی،
دەڵێت: "ئەوندە دڵم خەمناکە
و بێزارم، کە ناتوانم هیچ
شتێک بنووسم".

لە ساڵی 1919دا ڕۆمانێکی
لە ژێر ناونیشانی (شەوو
ڕۆژ)دا بڵاو کردەوە و یەکسەر
دەستی بە نووسینی
ڕۆمانێکی نوێ کرد و ناوی
(ژووری جاکوب)ی بۆ
هەڵبژارد و لە دوو تۆپدا باس
لە سەرکشی و عەشق بازی
کوڕێک دەکات، لە
یادداشتنامەکەیدا کە لە 8ی
نیسانی 1921دا
نووسیویەتی دەڵێت: "من
خەریکی نوسینی ڕۆمانی
(ژووری جاکوب)م، بەڵام بە
تەواوەتی توانای دەربڕینم
نەماوە هەست دەکەم بۆم
ناکرێ بە شێوازێکی جوان
سەربردەکان بنووسمەوە، لە
ڕاستیدا من نووسەرێکی
داماوم و توانای پێشکەوتنم
نییە".

لە ساڵی 1924دا (ڤیرجینیا
وۆڵف) ڕۆمانێکی دیکەی بە
ناونیشانی mrs dallo-
way بڵاو کردەوە، کە لە نێو
خەڵکدا زۆر دەنگی دایەوە و
هەر ئەو سەرکەوتنەیش وای
لێ کرد کە خۆی بە نووسینی
ڕۆمانی (منارە)وە خەریک
بکات، لەو ڕۆمانەیدا حەزی
کردووە گوتبێ لە دەنگی دەریا
ببێت تا ڕۆمانەکەی تەواو
دەکات، زمانی ئەم ڕۆمانە بە
زمانێکی شاعیرانە نووسراوە
و دیمەنی خۆشەویستی تێدا
هەیە.

پاش ئەویش ڕۆمانی
(ئۆرلاندۆ)ی نووسی کە
ساتەی ڕۆژنامەی
(لایسەرڤەر) لە وتارێکدا
ئاماژەی پێدەدات و بە
داهێنەرێکی گەورەی جیهانی
لە قەڵەمی دەدات، دڵی بەم
وتارە خۆش دەبێ،
ڕۆژنامەکەیش the voyage
out لە هاوینی ساڵی
1915دا چاپکرد.

لە سەرەتای ساڵی 1916وە
بۆ ماوەی 3ساڵ خۆی بۆ
پێشکەشکردنی سیمینار و
کۆڕ لە ماڵەکەیدا تەرخان کرد،
بەتایبەتیش بۆ ژنە
کرێکارەکان، بابەتی کۆڕەکانی
زیاتر لەمەڕ پەروەردەکردنی
کاری سێکسی و
پێوەندییەکانی نێوان ژن و
مێرد و چەند بابەتی
هەمەڕەنگی دیکەیش.

بەر لە کۆتایی هاتنی، لە گەڵ
میردەکەی دا کە چاودێرییەکی
دڵسۆزانەی دەکرد پێکەوە
دەستگایەکی بڵاوکردنەوەیان
دامەزراند، چەندین کتێبی
گەورەی نووسەرانیان چاپکرد،
لەوانەیش بۆ نووسەری ناودار
(مەگسیم گۆرگی) و (ڕاناڵ
ماریاریکە) و (کاترین
مانسیفلید)، ئەوەی سەیر
ئەوە بوو ڕۆمانی
(ئولیسیس)ی گەورە
ڕۆماننووسی جیهانی (جیمس
جویس)ی ڕەتکردەوە بۆی
چاپ بکات، لە ساڵی
1923داوە لە 23ی مانگی
نیساندا نامەیەکی بۆ جولیس
نووسیوە و هۆکارەکانی
چاپنەکردنەکەی بۆ ڕوون
دەکاتەوە، هەر ڕۆمانی
جویسی ڕەت نەکردووەتەوە
بەڵکو هەندێک لە ڕۆمانەکانی
جۆزیف کۆنرادیشی چاپ
نەکرد، چونکە بڕوای وابوو
تەنیا میلودرامای بێ مانان،
ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە
وۆڵف دڵ ڕەق و بێ ویژدان
بێت، بەڵکو باوەڕی بە توند و
بەهێزی بەرهەمەکان هەبوو کە
بۆی دەهاتن بۆ چاپکردن،
ئەوانەی بەهێز نەبوون هەر
چەندە خاوەنەکەیشی نووسەری
یەکەمی جیهانیدا، وۆڵف
باری دەروونی ڕووی لە چاکی
بوو، نووسینەکانی بە ڕێک و
پێکی دەکرد، یادداشتنامەی
ژیانی هەر لە تەمەنی
منداڵییەوە نووسی،
پێوەندییەکانی لەگەڵ نووسەر
و خوێنەران ئاسایی کردەوە،
بەڵام بەر لە بڵاوکردنەوەی
ڕۆمانی the voyage out
دیسان باری دەروونییەکەی
شڵەژا، دووچاری تێکچوون و
سەرلێشێواوی هات،
ماوەیەک لە هۆش خۆیدا
نەما، ئم بارە دەروونیە
خراپەی دریژەی هەبوو تا ئەو
ماوەنە خەوالووەکە
وەرەوە ئێرە بەر لەوەی
پاییزت بەسەردا بێت.

سەرەڕای ئەوەی جەنگی
جیهانی یەکەم لە ساڵی
1918دا کۆتایی هات و
ئافرەتانی بەریتانیا کۆمەڵێ
دەستکەوتی سیاسی و
کۆمەڵایەتی گەورەیان بەدەست
هێنا و مافی ئەوەیان پێدرا کە
لە هەڵبژاردنەکانی
وڵاتەکەیاندا دەنگ بدەن،
بەڵام ئەم دەستکەوتانە بە لای
(وۆڵف) بایەخیان نەبوو،
باری دەروونی (وۆڵف) لەو
سەردەمە دا زۆر خراپ بوو، لە
یاداشتنامەکەیدا کە لە ڕۆژی
21ی نۆڤەمبەری ساڵی
1918دا نووسیویەتی،
دەڵێت: "ئەوندە دڵم خەمناکە
و بێزارم، کە ناتوانم هیچ
شتێک بنووسم".

لە ساڵی 1919دا ڕۆمانێکی
لە ژێر ناونیشانی (شەوو
ڕۆژ)دا بڵاو کردەوە و یەکسەر
دەستی بە نووسینی
ڕۆمانێکی نوێ کرد و ناوی
(ژووری جاکوب)ی بۆ
هەڵبژارد و لە دوو تۆپدا باس
لە سەرکشی و عەشق بازی
کوڕێک دەکات، لە
یادداشتنامەکەیدا کە لە 8ی
نیسانی 1921دا
نووسیویەتی دەڵێت: "من
خەریکی نوسینی ڕۆمانی
(ژووری جاکوب)م، بەڵام بە
تەواوەتی توانای دەربڕینم
نەماوە هەست دەکەم بۆم
ناکرێ بە شێوازێکی جوان
سەربردەکان بنووسمەوە، لە
ڕاستیدا من نووسەرێکی
داماوم و توانای پێشکەوتنم
نییە".

لە ساڵی 1924دا (ڤیرجینیا
وۆڵف) ڕۆمانێکی دیکەی بە
ناونیشانی mrs dallo-
way بڵاو کردەوە، کە لە نێو
خەڵکدا زۆر دەنگی دایەوە و
هەر ئەو سەرکەوتنەیش وای
لێ کرد کە خۆی بە نووسینی
ڕۆمانی (منارە)وە خەریک
بکات، لەو ڕۆمانەیدا حەزی
کردووە گوتبێ لە دەنگی دەریا
ببێت تا ڕۆمانەکەی تەواو
دەکات، زمانی ئەم ڕۆمانە بە
زمانێکی شاعیرانە نووسراوە
و دیمەنی خۆشەویستی تێدا
هەیە.

پاش ئەویش ڕۆمانی
(ئۆرلاندۆ)ی نووسی کە
ساتەی ڕۆژنامەی
(لایسەرڤەر) لە وتارێکدا
ئاماژەی پێدەدات و بە
داهێنەرێکی گەورەی جیهانی
لە قەڵەمی دەدات، دڵی بەم
وتارە خۆش دەبێ،
ڕۆژنامەکەیش the voyage
out لە هاوینی ساڵی
1915دا چاپکرد.

لە سەرەتای ساڵی 1916وە
بۆ ماوەی 3ساڵ خۆی بۆ
پێشکەشکردنی سیمینار و
کۆڕ لە ماڵەکەیدا تەرخان کرد،
بەتایبەتیش بۆ ژنە
کرێکارەکان، بابەتی کۆڕەکانی
زیاتر لەمەڕ پەروەردەکردنی
کاری سێکسی و
پێوەندییەکانی نێوان ژن و
مێرد و چەند بابەتی
هەمەڕەنگی دیکەیش.

بەر لە کۆتایی هاتنی، لە گەڵ
میردەکەی دا کە چاودێرییەکی
دڵسۆزانەی دەکرد پێکەوە
دەستگایەکی بڵاوکردنەوەیان
دامەزراند، چەندین کتێبی
گەورەی نووسەرانیان چاپکرد،
لەوانەیش بۆ نووسەری ناودار
(مەگسیم گۆرگی) و (ڕاناڵ
ماریاریکە) و (کاترین
مانسیفلید)، ئەوەی سەیر
ئەوە بوو ڕۆمانی
(ئولیسیس)ی گەورە
ڕۆماننووسی جیهانی (جیمس
جویس)ی ڕەتکردەوە بۆی
چاپ بکات، لە ساڵی
1923داوە لە 23ی مانگی
نیساندا نامەیەکی بۆ جولیس
نووسیوە و هۆکارەکانی
چاپنەکردنەکەی بۆ ڕوون
دەکاتەوە، هەر ڕۆمانی
جویسی ڕەت نەکردووەتەوە
بەڵکو هەندێک لە ڕۆمانەکانی
جۆزیف کۆنرادیشی چاپ
نەکرد، چونکە بڕوای وابوو
تەنیا میلودرامای بێ مانان،
ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێ کە
وۆڵف دڵ ڕەق و بێ ویژدان
بێت، بەڵکو باوەڕی بە توند و
بەهێزی بەرهەمەکان هەبوو کە
بۆی دەهاتن بۆ چاپکردن،
ئەوانەی بەهێز نەبوون هەر
چەندە خاوەنەکەیشی نووسەری

(خۆرخی لویس بورخیس) لە
بارەی ئەو ڕۆمانەوە دەڵێت:
"لەم ڕۆمانەدا -ئۆرلاندۆ-
زەمەن ڕۆڵی سەرەکی
دەگێڕێت، لە هەموو
ڕۆمانەکانی دیکەی باشتر و
بە پێزتر، لە هەر هەموشیان
سەیر و سەمەرە ترە، پاڵەوانی
ڕۆمانەکە 300 ساڵ دەژیێت،
لە هەندێ شوێندا دەبێتە
هێمای بەریتانیا، لەم ڕۆمانە
دا هەردوو باری ڕەشبینی و
گەشبینی پێکەوە گرێدراون."
(وۆڵف) لە بیستەکانی
سەدەی ڕابووردووەدا زۆر
هاتووچۆی یانەی memoir
clubی دەکرد کە
هونەرمەندان و نووسەران و
شاعیرانی گەورەی بەریتانیا
لێی کۆدەبوونەوە، لە
ناوەڕاستی سییەکاندا ناخی
شڵەژا و باری دەروونی وەها
تێکچوو کە ژیانی لێ تاڵ
کرد، هەستی دەکرد، ژیان زۆر
بێ نرخە و بێ کەڵکە، لەگەڵ
هەڵایسانی ئاگری جەنگی
جیهانی دووەمدا، ئازارەکانی
(ڤیرجینیا) زیاتر بوو، لە 9ی
کانوونی دووەم ساڵی
1941دا ئاوەها دەنووسێت:
"بۆشایی، هەموو شتێک
چەقی بەستووە و جوولەی لێ
براوە، هیچ شتێک تام و
چێژی نییە، چیتر ناتوانم
دیمەنە جوانەکان ببینم".
سەرەڕای چڕتر بوونەوەی
بۆردومانەکانی شاری لەندەن،
(وۆڵف) لەسەر نووسینەکانی
بەردەوام بوو، دەستی بە
نووسینی دواین ڕۆمانی خۆی
واتەbetween the acts
کرد، پاڵەوانی ئەم بەرهەمەی
خاتوونێکی (لاتروب)ناو
بوو. نووسەر لە دواین دیمەنی
ڕۆمانەکەدا وەسفی (لاتروب)
دەکات و دەڵێت: "لاتروب پیر
ببوو، بەبێ گۆچان، ناتوانێ بە
ڕێگەدا بڕوات، ئیفلیج بووە و
هێز و توانای جەستەی
نەماوە".

لە ڕۆژی 8ی ئاداری ساڵی
1941دا، چەند بەردێک
دەخاتە ناو گیرفانەکانییەوە تا
کێشی زیاد بکات و خۆی
دەهاوێتە ڕووبار و پاش
خۆی 3نامە بەجێ دەهێڵێت،
یەکەمیان بۆ پیاوەکەی،
تێیدا پێی دەڵێت:
"ئازیزەکەم، من دڵنیام
جارێکی دیکەش شێت
دەبمەوە، هەست دەکەم گوێم لە
دەنگێک دەبێت و توانایشم
نییە کە ورد ببمەوە و بزانم
چییە، بۆیە پێم باشتر بوو هەر
ئەو کارەی بکەم کە ئێستا
کردوومە کە شادی دەبەخشێتە
دەروونم".

* * *
پەپوولەکان
پەپولەکان باڵیان نییە
ئەوان بەهۆی کۆڵوانەی
ڕۆژهەڵاتی یانوپۆڕ دەفڕن
سروشت بەم ڕێگەیە
یارمەتی ئەوانی داوە
ئەو ئەم کۆڵوانە جوانانەی
دروستکردووە
تاوەکو قووتدانی پەپوولە
قورستربێت

* * *
کوکوختی
دەنگی بەهارێ لەناو
دارستانێوە دەبیستریت
هەرکەسێک ناوی
(ئۆتۆ)بێت
وادەزانێت کوکوختییەکە
گازی ئەو دەکات
بەڵام کوکوختییەکە تەنیا
هەڕاجی
مالومۆلکەکە نابوودەکەی
خۆی دەکات
بەمزووانە کوڕەکەی خۆشی
دێنێتە سەر سەکۆیەکە

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/7/18 ژمارە (5792)
خەبات

ڕوسیاش شکسپیرێکی هەیە



حەیدەر عەبدولڕەحمان

هەندێ لە ڕەخنەگران وای بۆ دەچن کە نووسەری گەورەی شانۆیی ڕوسیا ئەلکساندەر نیکولایفتش ئاسترۆفسکی 1823. 1886کە گەورەترین و پڕ بەرهەمترین شانۆ نووسی ڕوسیایە، خۆی لە خۆیدا شکسپیرێکی ئەو وڵاتەیە، زۆریش لە شانۆکاران بڕوایان بەو ناونیشانە هێناوە کە بە باڵای ئەو هونەرمەندە داهێنەرە شانۆکارەی ڕوسیا بڕاوە، ئینگلیزەکان هەمیشە شانازی بە خۆیان دەکەن و دەڵێن شانۆی ئێمە لەگەڵ شکسپیر لە دایک بووە، ئەگەرچی ئەوان خاوەنی میژوونیسانە پڕ لە بەهان لە بواری شانۆدا، بۆیە ڕوسیەکانیش هەمان بۆچوونییان هەیەو دەڵێن شانۆی ئێمەش لەگەڵ ئاسترۆفسکی دەستی کرد بە گەشەسەندن، بۆیە هەریەکەو لەوان بەهۆی ئەو دوو بلیمەتەی بواری شانۆ بوون بەخاوەنی قۆناغێکی شانۆیی لە وڵاتەکانیاندا، کە هەڵو مارجی شانۆیان گواستەوە بۆ قۆناغێکی جیاواز لە قۆناغی پێشوویان، ئەگەرچی هەردوو ئەو شانۆکارە لە سنووری وڵاتی خۆیانیان تێپەڕاند بەڕەو بە جیهانی بوون.



یەکێ لەو سیمایانەی کە ئاسترۆفسکی لەگەڵ نووسەرانی دیکەی ڕوسیا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئاسترۆتۆفسکی هەموو توانست و چالاکییەکی خۆی تەنها بۆ شانۆ تەرخان کردووە، ڕەنگە ئەمەش لە نێو ناوەندی ئەدەبی ڕووسی دا حاڵەتێکی جیاواز بێت، چونکە زۆربەی ئەدیب و نووسەرانی ڕووسیا پەلو پۆیان بۆ چەندین بواری ئەدەبی و هونەریی دەڕێژ کردووە .

ئاسترۆفسکی لەو کاروانە دوورو درێژە شانۆییەی خۆیدا 47 شانۆگەری نووسیووە، وێڕای ئەوەی نزیکەی 20 شانۆگەری ئیتاڵی و فەرنسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی، کە هەر هەموویان گوزارشت لە ژیانی کۆمەڵایەتی ڕوسیا دەکەن، لە سەدەی نۆزدەهەمدا، کە ئاسترۆفسکی بە شێوەیەکی تەو نز ئامێز و کۆمێدی سرنج ڕاکێش گوزارشتی لێ کردون، بۆیە ئاسترۆفسکی بە یەکێک لە بونیاتنەرانی بنچینەکانی شانۆی ڕووسی دەژمێردرێت .

ئەدیبی گەورەی ڕووسی (گانچرۆف) لە نامەیەکی تایبەتی خۆیدا بۆ ئاسترۆفسکی دەنووسێت و دەڵێت : جێی شانازیبە کە توانیتان لە تەمەنی ئەدەبی و هونەری خۆتاندا کتێبخانەیەکی بەپێز بە کتێبخانەی شانۆی ڕووسی ببەخشن و جیهانێکی تایبەت لەسەر شانۆدا دروست بکەن، بە ڕاستی ئێوە توانیتان ئەو بونیاتە تەواو بکەن کە هەر یەک لە (فانفیزین) و (گریبویدیف) و (گۆگۆل) دەستیان پێکرد، کە دەکرێت ئێمەی ڕووس بە تەنها دوای تۆ بە شانازی بەخۆ کردنەوە بڵێین ئیمە خاوەنی شانۆی نیشتمانی خۆمانین.

ئاسترۆفسکی لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە ئاوێتەی شانۆ بووە و شانۆی بە ماڵی ڕاستەقینەی خۆی زانیووە، ساڵی 1850یەکەم شانۆگەری خۆی بڵاو کردەوە، یەکەم جاریش گۆگۆل و گانچرۆف پیرۆزبایان لێی کرد، بەڵام ئەو کات بەهۆی ئەوەی کە شانۆگەرییەکە بازرگانەکانی ئەوەمی ڕیسوا دەکرد، بۆیە لە نمایش کردن قەدەغە کرا، ئەگەرچی دواتر ساڵی 1861شانۆگەرییەکە ئازاد کرا.

(ئاسترۆفسکی) بە درێژایی سی ساڵی تەمەنی هونەریی خۆی، هەمیشە شانۆگەرییەکانی شوێنی تایبەتی خۆیان هەبووە لە نێو خەڵکیدا، زۆر لە شانۆگەرییەکانی لە شانۆی ئیمپراتۆری لە مۆسکۆ نمایش کراوە (ئەو شانۆیەی کە دواتر ناوی لیندرا شانۆی ماللی تیاتر) یان شانۆی بچووک کە دەکەوێتە تەنیشت شانۆی بولشوی . شانۆی گەورە لە ناوەڕاستی مۆسکۆدا، نمایشکردنی هەر یەکێ لەو شانۆگەرییانەی کە هەمیشە نمایش کردنیان دەبوو بە ڕوداوێکی ڕۆشنبیریی و هونەریی جیاواز، زۆر بە بایەخەوە لە لایەن ناوەندە ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەگەرییەکانی ئەو دەمەی ڕوسیا باسیان لێوە کراوە، بۆیە پلەو پایەی ڕۆشنبیریی و هونەریی و کۆمەڵایەتی (ئاسترۆفسکی) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندن دابووە، ئەوەبوو ساڵی 1863وەک ئەندامێکی ئەکادیمیای زانستی لە (بترسبورگ) هەڵبژێردرا، دواتریش ساڵی 1874بوو بە سەرۆکی کۆمەڵەی نووسەرە شانۆ نووسەکانی ڕوسیا و موزیک ژەنەکانی ئۆپیرا، ئیدی تا ڕۆژی مردنی لە ساڵی 1886هەر بە سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە مایەوە، دوای مردنیشی قەیسەری سێیەمی ڕوسیا ساڵانە 3000ڕوبل خانەنشینی بۆ خانەوادەکەی بڕیەوە .

تۆێژەرانی ئاسترۆفسکی قۆناغە هونەرییەکانی دەخەنە بازنەی چوار قۆناغ، بەڵام پێیان وابووە قۆناغی سێیەمی ژیانی (1875. (1886پڕ هەڕمێنترین قۆناغ بووە لە تەمەنی هونەریی ئەو دا، چونکە دوای بەرجەستە کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەرجەستە کردنی ئازارەکانی، ئەمجارە جۆرێک لە تایبەتمەندی بە ئازارەکانی ئافرەت دا، بە تایبەت لە شانۆگەری زریاندا .

ناوی ئاسترۆفسکی لە مێژووی ئەدەبی ڕوسیادا بە ناوی ڕەخنەگری ئەدەبی لاو (دبرالوبوف) بەستراوەتەوە، چونکە ئەو گەنجە ڕەخنەگرە چەند وتارێکی زانستی بە پیزی بە ناوی (مەملەکەتی تاریکی) دەربارەی ئەو شانۆ نووسە ناسراوە بڵاو کردەوەو تێیدا شیکردنەوەیەکی زانستی شانۆگەرییەکانی کرد، ئەو کات ئەو زنجیرە وتارانە دەنگۆێکی گەورەی لە ناوەندە ئەدەبی و هونەرییەکانەوە نایەوە، چونکە دبرالوبوف زۆر بە ئاشکرایی تیشکی خستبووە سەر ئامانجەکانی ئاسترۆفسکی بۆ بەرجەستە کردنی هەڵو مەرجی ترسناکی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی سەردەمی قەیسەری ڕوسیا .

هەروا (دبرالوف) دوای زنجیرە وتارەکانی پێشووی ئەمجارە زنجیرە وتارێکی دیکەی بە ناوی (کلاڤە تیشکێک لە مەملەکەتی تاریکی دا) نووسی و تیشکی خستە سەر شانۆگەری (گەردەلوولی بروسکەدار) کە لە ساڵی 1860دەرچووە بوو، وەرگێڕەکان هەر یەکەو بە ناوێکەوە وەریان گێڕاوە، هەندێکیان ناویان ناوە (گەردەلوولی بروسکە دار، هەندێکی تر بە گەردەلوول، یان زریان، بەڵام زۆربەیان لە سەر زریانی بروسکەدار گیرساونەتەوە، لە هەموو حاڵەتێکا ئەو بەرهەمەی (ئاسترۆفسکی) یەکێکە لە بەرهەمە پڕ لە داهێنانەکانی، تا ئەو ئاستەی کە یەکێک لە ڕەخنەگرە شانۆییەکان بە گەوهەری شانۆی ڕووسی ناوی بردووە، (دبرالوبۆفیش) هەڵوێستەیەکی قوڵی لەسەر شانۆگەرییەکە کردووە و هەوڵی ئەوەی داوە لە ڕێگەی ئەم شانۆگەرییەوە گەلێک لە بیرو باوەڕەکانی خۆی بەرجەستە بکات، ئەو دەڵێ)کاترینا) لە تاو ئەو هەڵو مەرجە کۆمەڵایەتیەی تێیدا ژیاوە چ ڕێگە چارەیەکی لە بەردەمدا نەبووە بێجگە لە خۆکوشتن نەبێت، بۆیە ڕەخنەگر ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە شانۆگەرییەکانی (ئاسترۆفسکی) ڕاستگۆیانە پەنجەی بۆ ئەو هەڵو مەرجە خنکاوەی کۆمەڵگەی سەردەمی قەیسەری درێژ کردووە و توانیوویەتی زمانێکی کارای هونەری بەکار بێنێ بۆ بەرجەستە کردنی ئەو هەڵو مەرجە، بەڵام هەندێکیش دەپرسن ئاخۆ ئەگەر ئەو شانۆگەرییە زادەی سەردەمێکی تەنگەتاوی وەک سەردەمی قەیسەر بێت، ئەی بۆچی تا ئێستاش ئەو شانۆگەرییە جێگەی بایەخ پێدانی گەلانە؟ بەڵام هەر ڕەخنەگرەکان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوەو دەڵێن: کاترینا هێمای یاخی بوونە بەرامبەر هەر ستەمێک لە هەر کۆمەڵگاییێکی جیهانیداو لە هەر سەردەمێکا بێت، بۆیە (کاترینا) کاراکتەرێکە بۆ هەموو سەردەمەکان و لەهەر شوێنێکدا بێت کە ستەمکاری تێدا بێت، ئەمە فەلسەفەیەکی (ئاسترۆفسکی) بووە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لە ڕێگەی زریانەوە گەیاندویەتی.

ئاسترۆفسکی ـ هەمیشە لە شانۆگەرییەکانیدا پرسی نیشتمانی خۆی کردۆتە کرۆکی بابەتەکانی و پێی وا بووە شانۆ پەیامێکی مرۆیی بەهێزە بۆ ڕووبە ڕوو بوونەوەی ئەو هەلو مەرجانەی ئازادی لە مرۆڤ زەوت دەکەن، ئاسترۆفسکی هەر بۆ خۆی نا بەڵکو ئەم ئامانجەی بۆ سەراپای شانۆی ڕووسی خواستووە و هەوڵەکانی بۆ دروست کردنی شانۆیەکی نیشتمانیی ڕووسی چڕ بکاتەوە، هەمیشە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە هیچ گەلێکی پێشکەوتنخواز نابێت دەست بەرداری شانۆی نیشتمانی خۆی بێت، ئەگەر بیەوێت شانۆ بکات بە کەرەستەیەک بۆ بەرجەستە کردنی ئامانجەکانی کۆمەڵگا...

کۆمەڵگای جیهانیی بە تایبەت ڕوسیا هەر تەنها سوود مەند نەبووە لە شانۆگەرییەکانی (ئاسترۆفسکی) بەڵکو مرۆڤایەتی بۆ سینەما سوودی لەو شانۆگەرییانە وەرگرتووە، ئەوەتا 38 شانۆگەری (ئاسترۆفسکی) کراوەتە کاری سینەمایی ڕووسی، کە تاوەکو ئێستاکە ئەو فیلمانە جێگەی بایەخی خەڵکی بووە، ئەوە وێڕای نەمری شانۆگەرییەکانی و بەردەوامی لەسەر تەختەی شانۆکانی ڕووسیا وێڕای تێپەڕ بوونی زەمەنێکی دوورو درێژ بەسەر تەمەنی ئەو شانۆگەرییانە، ئێستاش پەیکەرەکەی ئاسترۆفسکی کە لەسەر کورسیەک دانیشتووە لە بەردەم شانۆی (ئەلمالی تیاتر) لە مۆسکۆ بە شکۆمەندی ماوەتەوەو چەندین لە شانۆکانی ڕوسیا بە ناوی ئەوەوە دەکرێت، ژمارەیەکی زۆریش لە شانۆگەرییەکانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانە جیهانییەکان و چەندین نامەی ماستەر دەربارەی ئەو شانۆکارە نەمرە ئەنجام دراوە.

ژیان و فەلسەفەی ئەبولعەلا موعەڕی

ئەوەی خوارەوە، کورتەیەکە لە ژیانی شاعیر و فەیلەسوفی عەرەب ئەبولعەلا موعەڕی. دەقی بابەتەکە بە زمانی فارسی بوو، کە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە، کورتکراوەتەوەو دەستکاری کراوە





ئەحمەد حاجی مەولود

١-٢

ئەحمەد ئیبن عەبدوڵڵا ئیبن سولەیمان تنوخی موعەڕی، ڕۆژی هەینی 28 ڕەبیعی یەکەمی ساڵی 363 کۆچی لە شاری موعەڕەننعمان سەر بە شاری حەلەب، لە دایک بووە. باوکی لە بنەماڵەیەکی زانست پەروەر بوو، کە چەند بەرە پلەی دادوەری شارەکانی موعەڕە و حەمس لە ئەستۆیان دابوو. دایکی لە بنەماڵەی ئالی سەبیکە بوو، کە بە زانست و ئەدەب ناوبانگهیان دەرکردبوو. ئەبولعەلا لە تەمەنی چوار ساڵی بەهۆی نەخۆشی خروکە، چاوەکانی لە دەستدا و تا کۆتایی تەمەنی کوێر مایەوە، خوێندنی سەرەتایی لە زانستی قورئان و ڕێزمان و ئەدەب، لای باوکی و برایەکەی تەواوکرد و دوای ئەوە چووە حەلەب و لەوێ خەریکی فێربوونی زانست بوو. لە تەمەنی 20ساڵی گەڕایەوە موعەڕە و دەستی دایە هۆنینەوەی شیعر. دیوانە شیعرەکەی بەرهەمی ئەو سەردەمەیە. ئەو چەند ساڵی بەو شێوەیە لە موعەڕە بەسەر برد. لە دوای مردنی باوکی لە تەمەنی 35ساڵی سەفەرێکی بۆ بەغدا کرد و نزیکەی ساڵێک لەوێ مایەوە. هۆکاری ئەو سەفەرەی بۆ بەغدا کەڵک وەرگرتن لە کتێب و ئەدیبانی ئەو شارەی ناوبردووە.

بە شایەدی میژوو، ناوبانگی ئەبولعلا گەیشتبووە بەغدا، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان دەدرەوشایەوە. لە ساڵی 400 کۆچی بەهۆی نەخۆشی دایکییەوە گەڕایەوە موعەڕە. لەو ساڵەدا خانەنشین کرا و خۆی بە زیندانی دوو زیندان دادەنا، واتا زیندانی ماڵ و کوێری. لەمەو دوا نووسین و وانە وتنەوەی دەست پێکرد. سەرەڕای ئەوانە، گۆشەگیری هەڵبژارد و تا کۆتایی تەمەنی دەستی لە خواردنی گۆشت هەڵگرت و دەستی دایە گیاخواردن. لەم کارەی ئەبولعەلا لێکدانەوەی نادروست کراوە و تەنانەت هەندێک لەم دوایانە ئەوەیان بە هۆکاری ئەبولعەلا بۆ لای مەزهەبی جینیزم و بوزیزم داناوە. لەو نامانەی کە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە بۆ گەورەی فاتمیەکانی میسری نووسیوە، بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئەو لێکدانانە هەڵەیە. ئەو بۆ خۆی هەندێک جار ئەم کارەی بەهۆی هەژاری و هەندێک جاریش وازهێنان لە ئازاردانی ئاژەڵان داناوە. ئیبن وەردی ئەو کارەی بە کارێکی خواترسانە داناوە و هۆکاری گیاخواردنی ئەبولعەلا وازهێنان لە ئازاردانی ئاژەڵان و دوورەپەریزی لە خۆشی دنیا داناوە.

ئەبولعەلا لەم قۆناخە لە ژیانی دا ژ کە پڕ بەرهەمترین بەشی ژیانیەتی ژ بەرهەمی بە بایەخی لێ بەجێ ماوە. بێجگە لە پەروەردەکردنی تاقمێکی زۆر لە هۆگرانی زانست و ئەدەب، کتێبێکی زۆری نووسیوە، کە کۆی ئەو کتێب و نامیلکانە زیاتر لە سەد بەرگ بوون، بەداخەوە ئێستا تەنیا ژمارەیەکی کەمی لێماوەتەوە.

ئەبولعەلا تا کۆتایی تەمەنی ژنی نەهێنا و دوای 86 ساڵ لە دوای 3ڕۆژ نەخۆشی، ڕۆژی هەینی، سێی ڕەبیعی یەکەم، ساڵی 449کۆچی دوایی کرد و لە زێدەکەی "معرة النعمان" نێژرا. هەروەکو میژوونووسان، نووسیویانە لە ڕێو ڕەسمی بە خاک سپاردنی دووسەد قاری و حافیزی قورئان بەشداریان کرد و زیاتر لە 40 شاعیر هۆنراوەیان بۆ هۆنیوەو. ئەبولعەلا زۆر بەرز نەبوو، جەستەیەکی لاواز و بەهۆی خوریەکەوە ڕووخسارێکی ناشیرینی هەبوو.

ئەبولعەلا لە ئەدەبیات و شیعری عەرەب لە کەسایەتییە مەزنەکان دادەندرێت. سەرەڕای هەوڵی نەیارانی، لە بەدناوکردنی ڕوخساری زانستی و ئاکاری و ئایینی، بالادەستی ئەو لە ئەدەبیاتی عەرەبی حاشا هەڵنەگرە. توانایی بیرهێناوە، توانایی لە شیکردنەوە، ئافراندن، دروستکردنی شێواز و هەروەها زاڵبوونی سەرسامهینەری لە بەکارهێنانی وشە، لە شیعر و زانستە ئەدەبییەکان، بێ هاوتابوو. قوتابیەکەی (خەتیبی تەوریزی) گوتویەتی: گومان ناکەم، عەرەب وشەیەکی هەبێت، کە ئەبولعەلا نەزانێت. هەروەها زیرەکی و قولبیرکردنەوەی فەیلەسوفانە و تێۆژەرانە، کە پێچەوانەی سروشتی ئەدەب دۆستیە، ئەوی بەسەر تەواوی شاعیرانی عەرەب زاڵ کردبوو. سەرسامی خوێنەر ئەو کاتە زیاد دەبێت، کە سەیری جۆراوجۆری بەرهەمە زۆرەکانی ئەو بکات، لە کاتێکدا ئەو کوێریش بوو. کوێرێک کە لە سەیرکردنی ژیانی مرۆیەکان و گیان و دەرونیان، پێویستی بە چاوی تیژە.

کەسێکی بەناوبانگ، ئەو وەکو گەوهەرێک دادەنێت، کە ماوەیەک لە نێوان مرۆیەکان بووەو دوایی لە دەستیان هەڵاتووە. عومەر فەروخ، توانایی بیرکردنەوەی ئەبولعەلا بێهاوتا و سەرسوڕهێنەر دادەنێت و "دراعیات"ی ئەو لە شاراوەترین شیعری عەرەب دادەنێ، کە تا ئێستا لای تۆێژەران خاڵی شاراوەی هەیە. تەها حوسێن، ئەو لەسەرووی هەموو شاعیران و نووسەرانی عەرەب لە فراوانی زانستی زۆر و وشیاری دادەنێت.

لەبارەی توانایی زانستی و ئەدەبی ئەو، ئەوەندە بەسە، کە نەیارانی، هەندیک نەزانانە و هەندێکیش بە غەرەز، تاوانباریان کردووە، کە کتێبی "الفصول و الغایات"ی لە بەرامبەر قورئانی پیرۆز نووسیوەتەوە. هەر ئەم تاوانبارکردنە، توانایی زانستی ئەو تەنانەت لەلای نەیارانی دەردەخات. بەڵام ئەبولعەلا "کتێبەکەی" بۆ سپاس و گەورەیی خوا نووسیوە و چەندین جار ئاماژەی بە موعجیزەبوونی قورئان کردووە. ئەبولعەلا بێجگە لە ئاگاداری وشە و ئەدەب، لەگەڵ ئایینەکان، ڕێچکەکان و زانستە عەقلیەکان شارەزایی هەبووە.

هەندێک لە مێژوونووسان، شارەزایی ئەو، بەتایبەت لەگەڵ ئایینی مەسیحی و جولەکە، قەرزداری قەشەکانی کلێسەیەک دادەنێن، کە بە گومانی ئەوان، ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە، هەروەها گوتویانە ئەو قەشانە یەکەم تروسکەی گومانیان لە ناخی دروست کردووە. ڕوونە ئەو سەردەمە، شام و حەلەب ناوەندێکی هزری و کۆمەڵایەتی ئایینزا و ڕێچکەکان و بەتایبەت ئایینی جولەکە و مەسیحی بووە، موعەڕی لەنێو مشتومڕەکانی هزری ئەو سەردەمەدا بووە و لە هۆنراوەکانی دا گلەیی لە جۆراوجۆری بیروا و ئایینزاکان کردووە.

کچە شەترەنجزانێکی هیند لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

نامراتا شارما: شانازی بەخۆم دەکەم یەکەم ئافرەت بووم لە شارەکەم رەیتینگی نێودەوڵەتیم وەرگرت



دیمانە: هاوار مورتکەیی

نامراتا شارما Namrata Sharmaکچەشەترەنجزانێکی وڵاتی هیندە، لە خانەوادەیەکی شەترەنج دۆست لەدایک بووە و چەند جارێک بووەتە پاڵەوانی ئەو هەرێمەی تیایدا دەژی و یەکەمین کچیش بووە لەو هەرێمە ریتینگی وەرگرتووە نوێنەرایەتی هەرێمەکەی کردووە لە پاڵەوانێتی هەرێمەکانی هیند، شارما لە لێدوانێکیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات چەند زانیارییەک دەخاتەروو.

شارمای تەمەن 33ساڵ دەڵێت: من لە شاری سۆلام هیماچال براديچ لە هیند لەدایک بوومە، خانەوادەکەمان هەموویان شەترەنج دەزان، بەتایبەتیش باوکم کە کاتی خۆی یاریزانێکی بەتوانا بوو، هەر ئەویش راهێنەری من و منیشی پێگەیاند، لە ساڵی 1998بەشداری پاڵەوانێتی شەترەنجی باکورم کرد و پلەی سێیەمم بەدەستهێنا، هەروەها گوتی: یەکەمین دەسکەوتم دوای ساڵی 1998توانیم پارێزگاری لەریزی پێشەوە بکەم و شانازیش بەوە دەکەم بۆ یەکەمجار بەشداریم لە 4 پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی کرد و بوومە یەکەمین ئافرەت لە شارەکەم کە ریتینگی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنم، بەڵام دواتر بەهۆی بوونی چەند کێشەیەک لە یەکێتی شەترەنجی هیماچال، لە شەترەنج دوورکەوتمەوە و بەمدواییە دووبارە دەستم بە یاریی کردەوە.

لە دڵی راهینەریشە

دواتر ئەو کچە شەترەنجزانە هیندییە دەڵێت: هەر جارێک یاری شەترەنج دەکەم، زیاتر رامدەکێشێ بۆ ئەوەی بەردەوام بم لەسەری، پیم وایە تادوا هەناسەدانم لەو یارییەدا بەردەوام دەبم، ئێستا لە پاڵ یاریکردنیشم، وانەی فێرکردن بە منداڵانی شاری دڵهی دەڵێمەوە و حەزدەکەم هەموان شەترەنج بکەن، خەونی من زۆرە بەڵام بەداخەوە بەهۆی پشتگیری سنووردارەوە ناتوانم خەونەکانم بهێنمەدی، بەڵام خۆبەدەستەوە نادەم و بەردەوام هەوڵی خۆم دەدەم.

ئەمڕۆ پاڵەوانێتی خواليخۆشبوو کەمال جەلالەدین لە هەولێر بەڕێوەدەچێت

وەک ڕێزلێنانێک لە ماندوێتی و خەمخۆریی خواليخۆشبوو کەمال جەلالەدین، یانەی شەترەنجی خانزاد ساڵانە پاڵەوانێتییەکی فەرمی ڕاپیدی شەترەنج بەناوی ئەوەوە دەکاتەوە، ئەم پاڵەوانێتییەش ئەمڕۆ ئێوارە لە هۆڵی یانەی خانزاد بەڕێوەدەچێت. پاڵەوانێتی 14دەهەمینی ڕاپیدی نێودەوڵەتی بە سیستمی سویسری 9ڕاوند بە کاتی 15+10چرکە بۆ هەر یاریزانێک بەڕێوەدەچێت، کە پاڵەوانیتییەکە باوەڕپێکراوە لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە، کە لە ڕێگای یەکێتی شەترەنجی غرافەوە تۆمارکراوە، بڕیاریشە پاڵەوانێتییەکە ڕۆژانی 5شەمە و هەینی و شەمە بەردەوام دەبێت.







گریزمان لەیەکەمین یەکەی مەشقی کەتالۆنیادا

دوای ئەوەی بەدرێسی یانەی کەتالۆنی پێشکەشی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرا، ئەنتوان گریزمانی هێرشبەری فەرەنسی یەکەمین یەکەی مەشقی خۆی لەگەڵ بەرشلۆنەدا ئەنجامدا.

یانەی بەرشلۆنە دوای پێدانی 120ملیۆن یورۆ گرێبەستی لەگەڵ گریزمان ئەنجامدا و ئەو یاریزانەش کە لەگەڵ هەڵبژاردەی فەرەنسا مۆندیالی 2018یان بەدەستهێنا، درێسی ژمارە 17ی بەرشلۆنەی لەبەر کرد و بەشداری یەکەمین یەکەی ڕاهێنانی ئەو یانەیەی کرد



ئەمڕۆ لەشاری سلێمانی پاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان لەسەر ئاستی کچان بەڕێوەدەچێت

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هۆڵی سەرەکی پاڵەوانیەتیەکە بۆ یانەکان ڕێکبخرێت و تیایدا بەشداری لەپاڵەوانیەتیەکە دەکەن، هەموو یانەکانیش ئامادەکارییان بۆ پاڵەوانیەتیەکە کردووە کە لەوبارەیەدام ڕکابەری سەخت لەنێوان یاریزانانی یانەکان لەسەر پلەکانی یەکەم و دووەم وسێیەم لەکاتی یاریەکاندا ڕووبدات.

لەمبارەیەوە محەمەد سدیق ئیسماعیل سکرتێری یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان و ناوبژیوانی نێو دەوڵەتی لەبارەی بەرێوەچوونی پاڵەوانیەتیەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان ئەمڕۆ لەشاری هەڵەبجە وقوربانی پاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان لەسەر ئاستی کچان بۆ یانەکانی کوردستان ئەنجام دەدەین ، واپێشبینی دەکرێت زیاتر لە 11یانەی کوردستان 76-81-87کغم بەشداری دەکەن، هەموو یانەکانیش ئامادەکارییان بۆ پاڵەوانیەتیەکە کردووە کە لەوبارەیەدام ڕکابەری سەخت لەنێوان یاریزانانی یانەکان لەسەر پلەکانی یەکەم و دووەم وسێیەم لەکاتی یاریەکاندا ڕووبدات.

سکرتێری یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان لەدرێژەی قسەکانیدا زیاتر گوتی:یاریزانە بەشداربووەکانی پاڵەوانیەتیەکە لەکێشی 45-55-59-64-71-



یانەی هەولێر گرێبەستبی ئەکرەم سەلمان تازە دەکاتەوە

کارگێڕی یانەی هەولێر بۆ تۆپی پێ، لەگەڵ ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان و یاریدەدەرەکانی ڕێککەوتووە، بۆ ئەوەی گرێبەستەکانیان تازە بکەنەوە و وەرزی داهاتووش، سەرکردایەتی تیپەکە بکەن.

حەیدەر مەحمود، ڕاهێنەری یاریدەدەری یانەی هەولێر ڕایگەیاند، ڕێکەوتنێکی بەرایی لەنێوان کارگێڕی یانەکە و تیمی هونەری، بە ڕابەرایەتی ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان کراوە، بۆ تازەکردنەوەی گرێبەستەکانیان بۆ وەرزی تازە، لەگەڵ هێشتنەوەی تیمی هونەری بە تەواوی. هەروەها وتی، کارگێڕی یانەکە، دەستی بە تیمی هونەرییەوە گرت، دوای ئەنجامە باشەکانی تیپەکە، کە یانەکەی گێڕایەوە ڕەوشی ئاسایی خۆی، لە ڕیزبەندی گشتیش باش چووە پێشەوە،

ئەوەشی ڕاگەیاند، وازووکردنی فەرمی، دوای ڕێککەوتن لەسەر بڕگەکانی گرێبەستەکەدا دەبێت. مەحمود، باسی لەوەشکرد، تیمی هونەری، بەنیازی چەند یاریزانێکی خۆمالّی و پیشەگەرە، بۆ ئەوەی ئاست و ئەنجامەکانی تیپەکە لە وەرزی داهاتوو بەردو پێشەوە ببەن. شیاوی باسکردنە، تیمی هونەری یانەی هەولێر پێکهاتووە لە، ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان، یاریدەدەران حەیدەر مەحمود و عومەر مەجید و ڕاهێنەری گۆڵپارێزان کاوە محەمەد.

ڕەمزی میرەکانی

ئەمشەو 28 فرۆکە هاندەرانی جەزائیر دەگوازێتەوە میسر

دەسەڵاتدارانی جەزائیر ڕایانگەیاند کە 28فرۆکەیان تایبەت کردووە بۆ گواستنەوەی هاندەران بۆ ئامادەبوونیا لە یاری کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیای 2019کە سبەی لە قاهیرە لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی سەنیگال و جەزائیر بەڕێوەدەچێت،

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی جەزائیر لە بەیاننامەیەکدا بڵاوی کردۆتەوە نوردین بدوی سەرۆک وەزیرانی جەزائیر کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەم بۆنە گرنگە ئەنجامداوە و تیایدا وەزارەتی دەرەوە و ناوخۆ و دارایی و وەرزش و بەرگری ڕاسپاردووە کە ئاسانکاری بکەن لە گواستنەوەی هاندەارن لە جەزائیرەوە بۆ میسر بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە هەڵبژاردەی جەزائیر لە یاریی کۆتاییدا.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە ئەمشەو 4800هاندەر لە ڕێگای 28فرۆکەوە دەگوازرێنەوە میسر، لەلایەن خۆشیەوە بالیۆزخانەی میسر لە جەزائیر فیزای داوەتە 4386هاندەری جەزائیر.





ریاز مەحرز: دەتوانین نازناوەکە بەدەست بێنین

ریاز مەحرز، یاریزانی هەڵبژاردەی جەزائیر دووپاتی کردەوە، هەڵبژاردەی ولاتەکەی، بردنەوەیەکی شایستەی بەرامبەر نەیجیریا بەدەستهێنا، دڵشادی خۆیشی بە پێشەوایەتیکردنی (جەنگاوەرانی بیابان)، بۆ یاری کۆتایی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا 2019دەربڕی.

مەحرز، کە بە باشترین یاریزانی یاریەکە دەست نیشانکرا، دوای تەواو بوونی یاریەکە وتی:"یاریەکی زەحمەتمان بەرامبەر تیپێکی بەهێز ئەنجام دا. بە دڵخۆشکردنی گەلەکەمان، زۆر بەختەوەرین، چونکە دەزانین جەماوەر زۆر بە هێزەوە هانمان دەدەن".

مەحرز لە بارەی یاری کۆتایی وتی:"هیوادارین نازناوی پاڵەوانیەتییەکە بەدەست بێنین، بەدەستهێنانی نازناوی (کان)، گرنگترین ئامانجی کاروانی تۆپانێمە، بۆیە ئەوپەڕی تواناکامان دەخەینە گەڕ، بۆ ئەوەی بە جامەکەوە بگەڕێینەوە جەزائیر".

ڕوونیشی کردەوە:"یاری سەنیگال لە کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە، زۆر ئەستەم دەبێت، نەخاسمە (شێرەکانی تیرانگا) هەڵبژاردەیەکی زۆر بەهێزە". لە بارەی گۆڵی بردنەوەی یاریەکەش، کە لە خولەکەی 95یاریەکە و لە قۆناغی پێش کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە بوو وتی:" هاوتیپەکانم ویستیان لێدانە ڕاستەوخۆیکە جێبەجێ بکەن، کە من گۆڵی بردنەوەم لێ تۆمارکرد، بەڵام داوام لێکردن بۆ منی جێبهێڵن، توانیشم تۆپەکە بهاوێمە ئەو شوێنەی، کەخۆم دەمویست".

لە کۆتاییدا وتی:" تاکو ئێستا 12گۆڵمان تۆمار کردووە، ئاستێکی باشمان پێشکەش کردووە و گەیشتووینەتە یاری کۆتایی. وا بزانم دەتوانین نازناوەکە بەدەست بێنین، ئێمە سەنیگال باش دەناسین، لە قۆناغی کۆمەڵەکان ڕووبەڕوویان بووینەوە، بەڕاستی تیپێکی بەهێزە". شیاوی باسکردنە، ڕۆژی هەینی کاتژمێر 10ی شەو بەکاتی هەولێر، یاری کۆتایی لە نێوان هەڵبژاردەی جەزائیر و سەنیگال لەسەر یاریگەی قاهیرەی نێودەوڵەتی لە میسر بەڕێوەدەچێت.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 18. Jul. 2019 No: (5792)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



شاتو خۆشناو بۆ «خەبات»:

ڕۆژانە ڕووبەڕووی کێشەو گرفت ئەبینەوە، بەڵام ئازا ئەوەیە ڕووبەڕووی جەنگی هونەری بێتەوە و قسەوقسەڵۆکی خەڵک فەرامۆش بکات

ئومێدی سەربەخۆی کوردستانم هەیە بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدان و ماندووی پێشمەرگەکان بەفیڕۆ نەڕوات



دیانە: وریشە عومەر

شاتو خۆشناو لەدایکبووی شاری سلێمانی ١٩٩٥ ساڵی ٢٠٠٥ لەخولی منداڵان بووە دواتر ٢٠٠٩ چووەتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی دەرچووی هەمان پەیمانگایە، هەر لەوێش مامۆستایە وبەردەوامە لەکاری هونەری ئەم خاتوە نە لەگروپی لور ئامێری سەنتور دەژمێرێت لە گفتوگۆیەکدا بۆ خەبات ئەم دیانەیەمان لەگەڵ سازدا.

بۆ مۆسیقات هەڵبژارد؟

خەونێکی منداڵیم بووە ،هەم ویستومە بەو خەونە بگەم سوپاس بۆ خوا تاڕادەیەک بەو خەونە گەیشتوم.

میژووی سەنتور بۆکەی دەگەڕێتەوە و لەکوێ وە هاتۆتە ناوموزیک؟

سەنتوور ئامێرێکی ڕۆژهەلاتییەو میژووەکەی بۆ وڵاتی ئێران ئەگەڕێتەوە.

سەنتور لەلای تۆچی دە گەیەنێت؟

ئامێرێکە تێکەڵ بەڕۆحی مرۆڤ ئەبێت.

هۆکاری نەمانە وەی بەرهەمی هونەرمە ندان لە ناوخە لک بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

بەداخەوە لەئێستادا لەبەر بەکارهێنانی بەرهەمی بیانی و پێشتر بیستراو زوو لەناو خاڵکدا بەرهەمەکان لەناو ئەچن.

وە کولاوێک خەون بەچیەوە دەبینیت؟

خەونم ئەوەیە بگەم بەلوتکەی بەرزی هونەری.

مەرجە عازف لەهەموئالیەتەکان شارەزابێت؟

بەدڵنیاییەوە بەشێوەیەکی تیوری پێویستە کەم تا زۆر شارەزابیت لە هەموو ئامێرەکان.

وەکو ئافەرەت زەحمەت نیە کارکردن لەبواری هونەر؟یان ڕووبەڕوی گرفت نابنەوە؟

بەدڵنیایەوە ڕۆژانە ڕووبەڕوی کێشەو گرفت ئەبینەوە، بەڵام ئازا ئەوەیە ڕووبەڕوی جەنگی هونەری بێتەوە و قسەو قسەڵۆکی خەڵک فەرامۆش بکات.

دەربارەی سەربەخۆی دەڵێی چی؟

سەختە کورد بێت «کچ بێت» هونەرمەند بیت، بەڵام لەهەمان کاتد ئومێدی سەربەخۆی کوردستانم هەیە بۆئەوەی خوێنی شەهیدان و ماندووی پێشمەرگەکان بەزایە نەڕوات.

حەزدەکەت کاری هونەری بۆ کێ بکەیت؟

هەموو هونەرمەندێکی سەرکەوتوو پڕ ئەزمون ئومێدی کارکردنی منن.

تاچەند ڕسانایەتی لەناوهونەری گۆرانی کوردی پارێزراوە؟

وەک ئەرکێکی نیشتیمانی پێویستە ڕەسەنایەتی کلتوور و گۆرانی کوردی هەمیشە پارێزراو بێت.

مەرجە عازف ئەکادیمی بێت؟

مەرج نییە، بەڵام باشترە.



هۆڵەندا.. کلتووری ڕاوە ماسی لە مۆنیکدام

ئاشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا

گوندی مونیکدام ئێستا کە بۆتە شارۆچکەیەکی گەشتیاری ناسراو لە باکووری هۆڵەندا نزیک گۆی کەناری خاووزەی ساڵانە بە سەدان گەشتیار ڕووی تێ دەکەن ، گەشتیارەکان تەنها لە نێو وڵاتی هۆڵەندا وە نایەن بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا وە ئەم شارە بەسەر دەکەنەوە لە ٧ / ٧ / ٢٠١٩ یادی ئەو ڕۆژەیە کە ماسییەکان بن بن بە سومبڵی ئەم شارە دێرینە کە تەمەنێکی زێرینی هەیە وە هەرچی نمونەی ماسییەکانی ئەم دەریای باکووڕە هەیە بە هەموو جۆرەکانی یەوە نمایش دەکرێت ، ئەمەش کەلتوورێکی باوو باپیرانە کە ئەم گوندە لەکاتی خۆیدا سازی دەدات ، ئەم گوندە گەشتیاری یە لەڕابردوودا خاوەن چەندین کارگەی بە دووکەڵ کردنی ماسی بوون ، لەبەر ئەوەی ماسییەکان ئەوەندە زۆر بوون نەیانتوانیوە هەڵیان بگرن ، ئەو کارگانە ئێستا هیچیان نەماون بە هۆی پێشکەوتنی شارستانیەت و تەکنەلۆجیای نوێ و نەمانی کاری دەستی ، ئەم ڕۆژە بە سەروەریەکی نیشتیمانی و میژووی دەزانن بۆ گوزەرانیان ، وە لەم کاتەدا شارەوانی مونیکدام هاوکاری ئەو کەسانە دەکات بۆ سازدانی ماسی پیشاندن بە دووکەڵ کە هەریەک بە شێوەیەک کورەکەی گەرم داوە وە تیمپەرتۆرێکی داناوە کە پلەکەی بگاتە نزیکەی ٦٥ تا ٧٠ پلە کاتێک بیەوێت پلەکە دابگرێت دووکەڵەکە زیاتر دەکات نۆ ئەوەی بە جوانی ئەو ماسیانە کە جۆرەکانی زۆرن بیانپیشینێت وە خەڵکیش بە خۆڕایی دەیخۆن و ئاهەنگێکی خنجیلانە دەگێڕن بە جلوبەرگی کۆن و مۆسیقاو ئاوازی جۆراو جۆری ئەو سەردەمە زێڕینە ، مونیکدام نمونەیەکی زیندووی شارستانیەت و پێشکەوتووی وڵاتی هۆڵەندایە لە ڕووی گەشتیاری و جوانی و سازکردنی ئەو جۆرە ئاهەنگانە ، ئەوەی بۆ من گرنگ بوو ساسان دەرویشی هاوڕێم کە ماوەی ٢١ ساڵە لەم پیشەیەدا سەرقاڵە لە کارگەیەکی ماسیدا وە ساڵانە بەشدار دەبێت لەم یادەدا منیش وەکو هونەرمەندێک بانگێش کرابووم ، شارێک بە دوکەڵ داپۆشراو هەموو تەمەنێکی لە خۆ گرتووە چ لە پیرو گەنج و لاو ئافرەت و منداڵ ، هەموو بە خەندەو پێکەنینەوە بەخێرهاتنت دەکەن وە لەلای هەریەک پارچەیەک ماسی دووکەڵاویت پێشکەش دەکەن ، بە هاواریکی بەرزیش پرۆستیانە .. سەمایەکی درێژو پڕ لە خۆشەویستی لە گوندێکی بە سەدان سالاێ کرێکاری بۆ گەشتیاری لە گوێ کەناری دەریاچەی وولاتی ئاوو دا ، پێشبڕکێ ی ئەوەیان دەکرد کە کێ خەڵاتی یەکەمی ٢٠١٩ بەدەست دەهێنن .. مۆنیکدام شارێک پر لە خۆشەویستی و جوانی سروشت و کەلتوورێکی ڕەسەن .





بڕینی گەدە: بریتیە لە بریندار بوونی ناپۆشی گەدە. بەشێوەیەکی گشتی لەبەر چوار هۆکار دروست دەبێت ئەوش ئەمانەن:

١- بەهۆی جۆرە بەکتریایەک کە پیدەڵێن H-pylori کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو بڕینە لە گەدەدا دروست ببێت.

٢-بەهۆی بەکارهێنانی دەرمان بەتایبەت گروپێک لە دەرمان کە پێدەڵێن NSAIDs وەک ئەسپرین و ڤۆلتارین دەرمانەکانی تری سەر بەم گروپە کە ڕێگری دەکەن لە دروست بوونی پەردەی ناپۆشی گەدە بەمەش ئەو بڕینە دروست دەبێت.

٣-جگەرە کێشان جگەرە یەکێکە لە هۆکارەکانی توشبوون بە بڕینی گەدە.

٤-ئەلکهولیک ئەوانەی کە زۆر ماددە ئەلکهولیکەکان دەخۆنەوە بڕینی گەدەیان بۆ دروست دەبێت.

نیشانەکانی تووشبوون بە بڕینی گەدە چین؟

-ئازاری گەدە بەتایبەت ١ بۆ ٤ کاتژمێر دوای نان خواردن،

- هێلنجدان و ڕشانەوە.

بچووکترین پەیامنێری کوردستان لە خانەقینە



خەبات: سەربەست برزۆ

عەلی عەباس ئەرکەوازی لەدایکبووی ساڵی 2008ەو قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتاییە لە قوتابخانەی عەبدولەجید لوتفی شاری خانەقین و ماوەیەکی کورتە بوەتە پەیامنێری تەلەفزیۆنی لۆکاڵی ، عەلی بچوکترین پەیامنێری مەیدانی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی (سەلام)ی، سەربە مالی ڕوناکبیری شەهید سەلامە لە خانەقین کە ماوەیەکە ئەو تەلەفزیۆنە لۆکاڵییە کراوەتە.

وەک عەلی خۆی گوتی : سەرەتا وەک فۆتۆگرافەرێک بە کامێرای سەرەتایی دەرکەوت و دواتر بەکامێرای ڤیدیۆ وێنەم دەگرت ئەویش لە چالاکییەکانی قوتابخانەکەماندا و ئێستاش وەکو پەیامنێرێک کاردەکەم و باوکم کە ڕاگەیاندکارێکی دیارە و لە چەندین کەناڵی ئاسمانی کاری کردوە ، هانم دەدات بۆ ئەوەی ببمە پەیامنێرێکی سەرکەوتو و بێمە ناو دونیای ڕاگەیاندنەوە ، خۆشم هەموو هەوڵێکم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی نازناوی بچوکترین پەیامنێری کوردستان بەدەست بهێنم، لە کارەکانم لە تەلەفزیۆنی لۆکاڵی مالی (روناکبیری سەلام) بەردەوامم، هەروەها سوپاسی ڕۆژنامەی خەباتیش دەکەم کە وەک یەکەمین میدیا کوردی منی بەسەر کردەوە.